# شێخ ڕەزای تاڵەبانی

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**
**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# شێخ ڕەزای تاڵەبانی

د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ

ناوی کتێب: شێخ ڕەزای تاڵەبانی
نووسینی: دوکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ
بڵاوکراوەی ئاراس – ژمارە: ٩٧٥
پیت لێدان: چرا کاوە
بەرگ: مریەم موتەقییان
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل + تریسکە ئەحمەد
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: کارزان عەبدولحەمید
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی دووەم، هەولێر ٢٠٠٩
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ٢١٦ی
ساڵی ٢٠١٠ی دراوەتێ

# ناوەڕۆك

لێكۆڵینەوەیەكی ئەو سەرچاوانەی لە شێخ ڕەزا دواون ........ ٧
سەرەتا ........ ٩
١– ئەمین فەیزی ........ ١٠
٢– ئەدمۆنس ........ ١١
٣– پیرەمێرد ........ ١٣
٤– ابن الامین محمود كمال ........ ١٦
٥– عەتا تەرزی باشی ........ ١٨
٦– عەلادین سەجادی ........ ١٩
٧– عەبدولرەزاق بیمار ........ ٢١
٨– د. مارف خەزنەدار ........ ٢٣
٩– د. عزەدین ڕەسووڵ ........ ٢٤
١٠– شێخ محەمەدی خاڵ ........ ٢٥
١١– مەسعوود محەمەد ........ ٢٧
١٢– هیجری دەدە ........ ٣١
پاشكۆ ........ ٣٣
شێخ ڕەزا دوور لە شەڕە جوێن ........ ٤٧
سەرەتا ........ ٤٩
شیعری دڵداری ........ ٥٠
شین ........ ٦٠
شانازی ........ ٦٣
ستایش ........ ٧٢
وەسف ........ ٨٨
شێخ ڕەزا و تەسەوف ........ ٩٥
شێخ ڕەزا و ڕژێمی عوسمانی ........ ١٠٤

شێخ ڕەزا و باری ژیانی خۆی و ژیانی کۆمەڵایەتی ............................................١٠٩
ئەنجام ..........................................................................................................................١١٤
پاشکۆ ..........................................................................................................................١٣٦
١– کتێبی شێخ محمد حسام الدین عمر ..................................................................١٣٦
٢– مەحموود زامدار .................................................................................................١٣٧
شیعری بڵاونەکرا **یا** ......................................................................................١٣٩

## لێکۆڵینەوەیەکی ئە و سەرچاوانەی
## لە شێخ ڕەزا دوواون
١٨٣٢–١٩١٠[١]

لە زۆر کۆڕی ئەدەب دۆستان و خەڵکیشدا کە ناوی شێخ ڕەزا دێت، یەکسەر شەڕە جوێن و هەجووی ئاوەڵە دێت بەبیرداو لای هەندیك کەس وایە کە شیعری شێخ ڕەزا تەنانەت بۆ ئەوەش دەست نادات کە بە تەنیا نەبێت کەس بیخوێنێتەوە، یا بۆ ئەوەش دەست نادات کە لە کتێبخانەشدا دانرێت(٢).

دیارە ئەم ڕایە لە خۆیەوە نەهاتووە و بەرابەریی ناوی شێخ ڕەزا لەگەڵ شەڕەجوێندا لە خۆیەوە نەهاتووە(٣). شێخ شێخ ڕەزا گەورەترین شاعیری ئەو مەیدانەی ئەدەبیاتی کوردییە و هیچ نەبیت لەناو ئەو شاعیرانەدا کە بەرهەمیان مابێتەوە و چاپ کرابێت هونەرمەندترین شاعیری ئەو مەبەسەیە(٤). هەر لەبەر ئەوەش کە باری کۆمەڵایەتی و ڕووی چاپەمەنی گۆڕراوە، هەر بە یەکەم شاعیری ئەو مەیدانە دەمێنێتەوە(٥). لەبەر ئەوە ناوبردنی شێخ ڕەزا بە شاعیری شەڕەجوێن لەجێی خۆیدایە، بەڵام ئەوە بە هیچ جۆرێك لەلایەن و مەبەسەکانی تری شیعری شێخ ڕەزا کەم ناکاتەوە. ئەگەر شێخ ڕەزا بەم جۆرەش نەچووایە ناو مەیدانی شیعری شەڕەجوێنەوە(٦)، ئەوا بە بەرهەمی ترو مەبەسەکانی شیعری خۆی بە گەورەترین شاعیری دەوری خۆی، یا بە یەکێك لەو شاعیرە گەورانەی پاش سێ کوچکەی بابان دادەنرا کە مەشخەڵی ئەو قوتابخانەیەیان گرت بە دەستەوەو تەسلیمی دەستەی دوای خۆیانیان کرد.

هەرچەندە چوارچێوەی بیری ئەم باسە تەواو تازە نییە، بەڵام بەشدارییەکە لەسەلماندن و دەرخستنی ئەو ڕاستییەدا کە وتراو بەڵگەی تازە هێنانەوەیە بۆ ئەو مەبەسە و یەك بە یەك و جیا بە جیا باسکردنی مەبەسەکانی ترە. تەرخانکردنی باسێکی وا ئایری بۆ شیعری شێخ ڕەزا کە لە شەڕەجوێن بەدەر هەموو لایەنەکانی شیعری ئەو بگرێتەوە، لە خۆیدا پڕۆژەی لێکۆڵینەوەیەکی گەورەیە دەربارەی شیعر

و ژیانی شێخ ڕەزا، جا ئەگەر ئەم پرۆژەیە دەرفەتی پێگەیاندن و بڵاوکردنەوەی نەبوو، هیوادارین ببێتە سووچێك و سەرەتایەك بۆ نووسەرانی ترو ئەو مەبەسە پێویستە بەوان بێتە دی.

**پیشاندان و لێکۆڵینەوەیەکی سەرچاوە و نووسینەکانی پێشوو:**

دەتوانین بڵێین، شێخ ڕەزا بە شاعیری شەڕەجوێن دانان زۆر تر بڕیاری دەمی و ناو خەڵکە. ئەو نووسینانەی بەگشتی سەرچاوەی مێژووی ئەدەبیاتن، یان سەرچاوەی باسی شێخ ڕەزان، زۆرتر لەو کونجەوە سەیری شێخ ڕەزایان کردووە کە شاعیرێکە، وەك هەموو شاعیرە کلاسیکییەکانی ترو ئەسپی خۆی لە مەیدانی مەبەسەکانی شیعردا تاو داوە. هەر سەرچاوەیە لە چەند مەیدانێکی دواون یا هەموویان پێ دەستنیشان نەکراوەو هەموو لایەنێکیان نەگرتۆتەوە یابە کورتی لێی دوواون. لێرەدا لەبەر زۆر هۆ پێویست بوو پلانی باسەکە بەشێوەی لێدوانی ئەو سەرچاوانە دەست پێ بکات و ئەوسا بچینە ناو مەبەستەوە.

**١**

لەو سەرچاوانەی لەبەر دەستدان(٧)، ئەمین فەیزی یەکەم جار باسی شێخ ڕەزای کردووەو کۆمەڵێك لە شیعرەکانی بڵاوکردۆتەوە(٨). دەربارەی شاعیرێتیی شێخ ڕەزا نووسیویەتی.

«لەچوار لیساندا(٩) شاعیربوو، بیلخاسە ئەشعاری کوردییەی هەموو عیبارەتە لەفەساحەت و بەلاغەت، لە نیکاتی دەقیقە و زەرافەت و سیعەتی قەریحە و مەعلوماتی خاریجی تەقریرە»(١٠).

پاش ئەوە ئەمین فەیزی بەڵگەیەکمان دەربارەی شێخ ڕەزا دەداتێ کە دەبوو هەر بە دیوانەکەیدا ئاگاداری بین، ئەوەیش ئەوەیە کە نووسیویە:

«لەگەڵ بەندە موخابەرەی بە نەزم بوو، چەند پارچە لەو نەزمانە کە بۆ بەندەی نووسی بوو(١١)، ئەگەرچی فارسیشن، بۆ تەبەرك کردم بەخاتیمەی ئەم ریسالەیە»(١٢).

ئەمین فەیزی لە بڵاوکردنەوەی شیعرەکانی شێخ ڕەزادا نموونەی لە هەموو بابەتەکانی شیعری شێخ ڕەزا بڵاوکردۆتەوە- تا دەگاتە پلەی دووەمی شیعری سەتیر(١٣)، خۆی لەو بابەتەی دووەم پلە لاداوە، دەتوانین ئەم خۆلادانەش بەهەڵوێست و جۆرە ڕایەکی ڕەخنەگرانە دابنێین.

## ٢

ئەدمۆنس یەکێکە لەو ڕۆژهەڵاتناسانەی بایەخیان بە شێخ ڕەزا داوە.

لە وتاریکدا لە ژێر ناوی (هەجووکەرێکی کورد: شێخ ڕەزای تاڵەبانی)(١٤) دا باسی شێخ ڕەزا دەکات، بە سەرەتایەکی درێژ لە ڕۆژانی دوایی میرنشینی بەبە دەدوێت و دێتە سەر پەیدابوونی شیعری کرمانجیی خواروو، ئەم وتارە پێش چاپکردنی دیوانی شێخ ڕەزا نووسراوە. ئەدمۆنس نووسیویە:

شیعرە کوردی یەکانی شێخ ڕەزا ئەشێ دابەش بکرێن بە پێنج بەشی سەرەکیەوە: ١- سەربوردنامە و بیرەوەریی خۆی، ٢- دڵداری، ٣- هەجووی عەشیرەتە دوژمنەکان، ٤- کاغەزی گەدایی، بەگشتی بەستایشت، یا بە هەڕەشەوە ٥- پیاوی چرووك. هونەری گەورەی شێخ ڕەزا «زۆری کەلام»ە(١٥).

پاشان لە وشەی شێخ و شێخەکانی تاڵەبانی دەدوێت و پارچەی «خوا وەختێ کە حەزکا بەندەیێکی خۆی بکا خۆشنود» دەکات بە بەڵگە.

پاش باسی هەندێك نموونەی هەجووەکانی دێتە سەر باسی شیعری دڵداریی شێخ ڕەزا و دەنووسێت:

«ئەو وێنانەی شیعری دڵداریە کە لە«ئەنجومەن»دان لە چەشنی دووەم، لە هیچیانا شیرینی و خۆشییێکی وانییە کە لێرەدا بیان گێڕینەوە»(١٦).

بە دوو سێ دێڕ باسی ڕەنگدانەوەی دوژمنایەتیی تاڵەبانی لەگەڵ عەشیرەتە دراوسێکانیاندا دەکات و بە وتەی خۆی «لەبەر ئەو وشە ڕەنجێنەرانە و لەبەر ئەو وتە گرانە بێ شەرمانانە کە تێدان بۆ هەڵدانی ئەو نیشانانەی ترسە کە لە یەك گرتووەکان دەرکەوتووە، لە کاتی پشت هەڵ کرانیاندا بەرامبەر بە هەڵکوتانی

لاوەکانی تاڵەبانی، نەمتوانی لێرەدا بینووسم»[١٧].

پاش ئەوە پارچەی (بەرخە نێر)و (کەڵەشێرێ)ی تۆمار کردووە و کردوویەتی بە نموونەی شیعری گەدایی شێخ ڕەزا. پاشان لە چوار دێڕی سەر کێلەکەی دەدوێت.. و نموونەکانی خۆی بە نموونەی سەلامەتی شیعری شێخ ڕەزا دادەنێت.

ئەدمۆنس جارێکی تر لە کتێبەکەیدا[١٨] دەچێتەوە سەر باسی شێخ ڕەزا و بە شایەتێکی گەورەی بەرزیی حوکمڕانانی بابانی دادەنێت و[١٩] دەنووسێت:.. نێوان داگیرکردنی ئینگلیز و لەناوچوونی میرایەتیی بابان حەفتا ساڵ پتر نییە. گومانیش لەوەدا نییە کە زوربەی هاونیشتیمانیانی پیاو، پێش هەموو شت ئەو حیکایەتە دانسقە خەمرەوێنانەیان لەباوکیانەوە بیستووە کە لاپەڕەی ڕۆژانی درەوشەداری زەمانی سەربەخۆیی کورد دەگێڕنەوە، گومانیش لەوەدا نییە کە ئەم پارچە هۆنراوەیەی شاعیری کورد شێخ ڕەزای تاڵەبانی (١٨٤٢–١٩٢٠)[٢٠] زۆر بە وردی هەستی ڕەوانی هەمووان دەردەبڕێ»[٢١].

پاش ئەمە ئەدمۆنس پارچە هۆنراوەی (لەبیرم دێ سلێمانی)ی شێخ ڕەزا تۆماردەکا و دەیکات بە بناغەیەك بۆ باسکردنی هەستی نەتەوەیی کورد[٢٢]. دیارە شێخ ڕەزا لای ئەدەۆنس هەر ئەوە نییە کە بەڵگەی مەبەسێك بێت و لاوەکی باسی بێت، هەر لەبەر ئەوە لەشوێنێکی تردا چەند لاپەڕەی تایبەتیی بۆ تەرخان دەکات و دەڵێت:

«بە ناوباگترین شەخسیەتی خۆماڵیی بێ هاوتای چەرخی تازە لە کەرکووکدا ئەو شێخ ڕەزای تاڵەبانییە شاعیرەیە کە لە مەوپێش چەند دێڕێکم لە بەرهەمەکانی وەرگرت. ڕەنگە (حاجی قادری کۆیی لێ دەرکەیت) بەناوبانگترین شاعیری کوردستانی خواروبێت و لە هەموویان خۆشەویستتر بێت با زمانەکەشی ئەو هەموو وشە عەرەبییانەی تێکەڵ بووبێت و لە سەر شێوەی کۆنیش بێت. ژیانی لە ژیانی کەسانی ئاسایی کورد جیاوازە، بەتایبەتی لە کۆڕی ئەو ماڵە شێخە بچووکانەی لە سەردەمی سوڵتان عبدولحەمیددا شۆرەتیان پەیداکرد. شیعرەکانی زۆر گرنگن، چونکە هەندێ روخساری کۆمەڵەکەی خۆی دەردەخەن»[٢٣].

پاش ئەمە ئەدمۆنس شتێك دەربارەی ژیانی شێخ ڕەزا دەنووسێ و لێرەدا ساڵی لەدایکبوون و مردنی بە(١٨٤٠–١٩٠٩) دادەنێت. پاش ئەمە زوربەی ئەو زانیاریانەی لە وتارەکەی پێشوویدا هاتووە دووبارە دەبێتەوە. جیاوازی گێرانەوەی ژیانی شێخ ڕەزا لێرەدا ئەوەی لە سەرچاوەکانی تر جیاوازە کە شێخ ڕەزا هەشت ساڵ لە ئەستەموول بووبێت و دوو ساڵ لای خدێویی میسر دەرسی فارسیی بەکوڕەکانی خدێوی وتبێت و ئەوسا چوویێتەوە ئەستەموول و حەجی کردبێت و هاتبێتەوە کەرکووك.

هەروەها لە یەك کتێبدا بەو جۆرە جیاوازە نووسینی مێژووی لەدایکبوون و مردن، بۆ کەسێکی وردی وەك ئەدمۆنس هەر دەبێ بەهەڵەی چاپ دابنرێت.

تێکڕا دەتوانین تێبینییەکانی ئەدمۆنس بە وورد و بەجێ دابنێین و بەیەکێك لە نموونە باشەکانی تیگەیشتنی ڕۆژهەڵاتناس لە ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتی دابنێین. بەتایبەتی ئەو پێوەندی دروستکردنەی لە نێوان شێخ ڕەزا و حوکمڕانیی بەبەدا زۆر لەجێیە.

بەڵام لە دابەشکردنی مەبەسەکانی شیعری شێخ ڕەزا دەبوو فراوانتر بێت. پاش ئەوە تەنیا شیعری (بەرخی نێر)و (کەڵەشێرێ) کردن بە نموونەی گەدایی شێخ ڕەزا ورد نییە.

شێخە گەورەکان بە هەزاران ڕەش و ڕووتیان دەڕووتاندەوە، وردە شێخ و کوڕە شێخیش بەگەدایی بەسەر ڕەش و ڕووتەوە دەژیان و نموونەش هەر ماوە. بەڵام ئەمەی شێخ ڕەزا زیاتر دەچێتە خانەی (سەتیر)ەوەو گەداییش بێت، بەسەر ڕەش و ڕووتەوە نییەو بە زەبری زمانی قەڵەم لە پیاوی دەسەڵاتداری سەندووە.

## ٣

پیرەمێرد، پاش دەرچوونی چاپی کوردی و مەریوانیی دیوانی شێخ ڕەزا نووسیوییە(٢٤):

«دیوانێکی شێخ ڕەزام بۆ هات باوەڕم نەدەکرد شێخ ڕەزا وا لێ بکەن. ئەوە شێخ

ڕەزایە کە من جارێك لە کێوی قافەوە ئەچوومەوە ئەستەموول لە باتوومەوە سواری کەشتی بووم، حەکیم باشی و مەلیکوشوعەرای شیرازی تیابوو، کەوتینە یەك پرسی وتم خەڵکی سلێمانیم. وتی: ئەو خاکە کە ساحێبی قەسیدەی شەبی یەڵدا (سالم)و قەسیدەی شاه و ماهی (شێخ ڕەزا)ی تیا هەڵکەوتووە؟. ئێستا ئەو شیعرە جوانانە خراوەتە ناو زێرابی ئەدەبخانەوە، ئەدەبخانە نە!! چونکو ئەدەبخانە ناوێکی ئەدەبی تیایە»[٢٥] پیرەمێردی تووڕە لەو ژمارەیەدا پەیمانی داوە کە لە ژمارەی داهاتوودا بێتەوە سەر باسی دیوانەکە، لەبەر ئەوە لە ژمارەی داهاتوودا لە ژێر ناوی تنقیدێکی ئەدەبیات (لەدیوانی شێخ ڕەزا ئەدوێین)دا لاپەڕەیەکی «ژیان»ی پڕکردۆتەوە. سەرەتا لە شیعر ئەدوێت، خۆی وتەنی «یۆنانی قەدیم»ەوە تا دەوری ئیسلام و شیعری فارسی، ئەنوەریی شاعیری فارس بە دامەزرێنەری بابەتی هەجوو دادەنێت و چەند دێڕێکی تۆمار دەکات و ئەوسا دەنووسێت[٢٦].

«ئەنجا کە پێغەمبەری شیعر ئەمەبێ-مەبەس ئەنوەری یە (ع)، پەیڕەوی بکرێ ئەبێ ئومەتەکەی چ بێ؟. ئەم نەریتە ناهەموارە لە ئێراندا زۆر کاری کردە سەر پەروەرش و ئەدەبیش و ئەو پەیڕەوییە زیاتر بۆ شێخ ڕەزای شاعیری وەهبی و ئیرتیجالی مایەوە، ماڵی مایەی هونەری شێخ ڕەزای بەقورگرت، شێخ ڕەزا گەوهەرێك و جەوهەرێکی بوو ئەتوانم بێ پەروا بڵێم نەك لە خاکی کوردستاندا، ئەو سایەی ئەو لە جیهاندا بوو، لە جیهاندا مانەندی نەبوو، جارێ هەرچیی وتووە هی خۆیەتی لە کەسی نەدزیوە و لە فارسیشدا شێوەیەکی بۆ خۆی داناوە، دوای ئەو کەس نایگاتێ.

بەڵام ئاخ هەمووی کلکی- دونبالەگیری- ئەنوەریدا خەرج کردۆتەوەو لە زندەگانیشدا لەبەر ئەمە ڕەنجەڕۆ و سەرەڕۆ بوو، ئێستا لە بەختی ئەو ئەورووپایی شیعریان کردە فەن و ئەدەب و ناویان نا ئەدەبیات، لە کوڕەی زەمیندا لەناو هیچ میللەتێکدا ناوی دوو سەرە کاف لە هیچ لاپەڕەیەکدا نانووسرێ (حەتا ئادابی موعاشەرەتی ئیجتیماعی) شێوەی هەڵکردی کۆمەڵی قانوونێکی وای داناوە کەسێ لەکەیێکی ئاشکرای نەنگی و بەدنامی پێوەبێ !! تۆ، پێی بڵێ - ئەو خووەت

هەیە– ڕاستیش بێ جەزایەکی قورسی هەیە. لەم دەورەی ئەدەبدا وەرن تەماشای دیوانی بکەن لەلاپەرەی چوارەوە چەند نامووسی خانەدانی گەورە پایماڵ کراوە و یەکجار بەکۆمەڵ بۆ کەرکووك و سلیمانی چی بێژراوە چ جای مام و برازا، فیچقەییکی پیس کە بە هەموو سەروچاوا هەڵپژابوو کەوتبووە ژێر پەردەی فەرامۆشییەوە نازانم خزمانی بە چ هۆش و هەوەسێکەوە بەڵێنی چاپکردنیاندا.

وا چەند کەسێکی وەك من بە چاویلکەی کۆن شایەری جوانی ئەبینن، ئەوانەی جوێنی پیس بە باوك و باپیریان دراوە بۆ ئەمەی بڵێن شیعرە چۆنیان لاخۆش ئەبێ.

دریغ بۆ دەبدەبەی بڵندی شاعیریی شێخ ڕەزا کە رەووش و گەردشی زەمان شێواندی و ئەمەیش نەواندی و، باز پایەی شاعیری ئەو نانەوێنی وهەموو جنێوێکی پێ دەبەخشرێ، ئەمە وا !! ئەی لە چاپەکەی کە هەموو سەرو گوێلاکی شیعرە جوانەکانی شکاندووە چی بڵێن قەیناکا خوا حیسابە رادێین»(٢٧).

لێرەدا هەندێك شتمان بۆ دەردەکەوێت:

یەکەم: پیرەمێرد تێکرا شیعری هەجووی بە دڵ نییە و تەنانەت بە شتێکی وا ناشیرینی دادەنێت کە خۆی وتەنی لە ئەدەبخانەشدا جێی نەبێتەوە.

بیانووی پیرەمێرد لێرەدا ئەوەیە کە چ ئەدەبیاتی کۆن، کە لای ئەو ئەدەبیاتی گریك و سەرەتای ئیسلامە، چ ئەدەبیاتی جیهانی پێشکەوتووی ئێستا (ئەوروپا)، ئەم جۆرە شیعرەی تێدا پەسند نییە. ئەمە بەلای ئەوەوە لاساییەکی شیعری فارسییە کە ناگونجێ شاعیری کورد شوێنی بکەوێت.

هۆیەکی تریشی ئەوەیە کە «چەند نامووسی خانەدانی گەورە پایماڵ کراوە یەکجار بە کۆمەڵ بۆ کەرکووك و سلێمانی چی بێژراوە ، چ جای مام و برازا »

دووەم: لەگەڵ ئەوەشدا پیرەمێرد دانی بەوەدا ناوە کە شیعری هەجووی شێخ ڕەزا جوانە – با ئەم بە چاویلکەی کۆنە شایەریش تەماشای بکات.

سێیەم: پیرەمێرد کە هێڵێکی گەورە و ڕەش لە نێوان هەجووی شێخ ڕەزا و شیعرەکانی تری شێخ ڕەزادا دەکێشێت ، لە مەبەسەکانی تری شیعری شێخ ڕەزادا

«دەبدەبەی بڵندی شاعیری» دەبینێت. هەجووەکەی «بەلای ئەوەوە» لەو دەبدەبەیە کەم دەکاتەوە، لێی زیاد ناکات. بەڵام هەر دەمێنێت.

ڕەنگە ئەوەی شارەزای بەرهەم و نووسین و رەفتاری پیرەمێرد بێت، لەگەڵ ئەوەدا نەبێت کە ئەم بڕیارە ڕەقەی هەر مەوزووعیەتە و رەگەزی خۆیی تێدا نییە. پیرەمێرد زمان و قەڵەمی لە باسی خەڵك بەدوور نەگرتووە، بە تایبەتی لە ڕوانگەی سیاسیی گشتی و هەڵوێستی ڕۆژانەی خۆیەوە،. ئەمە لە پەندی پێشینانەکانیشیدا ڕەنگی داوەتەوە.

ڕاستە نە پیرەمێرد و نەکەس نەیانگەیاندۆتە شێخ ڕەزا، بەڵام زۆر نووسینی ئەویش دەچێتە خانەی «هەجو»و «هێرش»ەوە[٢٨]. دیارە ئەوەی بەرتەنگەی پیرەمێردی گرتووە باسی.. هەندێك لەو خانەدانە گەورانەیە کە ناموسیان پایماڵ کراوە» : بەڵام کامیانەو بۆچ؟ ئەوە لێ وردبوونەوەی تایبەتیی دەوێت. یان شێخ ڕەزایەك کە (خۆزگە بە سەگی بەرقاپیەکەی ئەحمەدی کاکی) بخوازێت و بەهۆی ئەوەوە ژیانی بە سلێمانی و خاکییەوە مەربووت بێت، دەبێت کەمێك پیرەمێرد لە خۆی زویر نەکات؟. ئەمەش دەبێت لە باس و لێکۆڵینەوەی پیرەمێرد دا بووترێت و لێرەدا جێگەی نابێتەوە.

## ٤

خاوەنی کتێبی«شاعیرە تورکەکانی چەرخی دوایی»[٢٩]شەش لاپەڕەی بۆ باس و شیعری شێخ ڕەزا تەرخان کردووە. نرخی باسەکای شێخ ڕەزای لەوەدایە کە هەندێك قسەو یادگارو بریاری ئەمین فەیزی و شێخ ئیبراهیم ئەفەندیی حەیدەری و ئەمین پاشای باوکی نووسەر خۆی دەربارەی شیخ ڕەزا دەگرێتەوە.

ئەمین فەیزی باسی کەمتەرخەمیی شێخ ڕەزا دەکات کە هێند کەمتەرخەم بووە شیعری خۆیی کۆنەکردۆتەوە لەبەر ئەوەیە زۆربەی شیعرەکانی ون بوون.

ئەمین فەیزی لە باسی جۆری شیعر وتنی شێخ ڕەزادا بە خاوەن کتێبی وتووە :

هەندێك شیعری دەنووسییەوە، بەڵام هەر ئەو نووسینە بوو، نەچاوی پێدا

دەخشانەوە، نە پوختەی دەکردەوە. هەندێك شیعریشی ئیرتیجالی لە مەجلیسدا دەوت، جا ئەگەر کەسێك لە دانیشتووان بهاتایە دەست و بینووسیایەوە ، ئەوا لە کیس نەدەچوو، هەر لەبەر ئەوە زۆر لەم شیعرانەشی ون بووە، هەرچی خۆیشی بوو شیعری لەبەر نەدەکرد، بە تایبەتی شیعری خۆی.

نووسەر پاش ئەوە هەندێك نموونە لەسەر شیعری هەجووی شێخ ڕەزا دێنێتەوەو قەسیدەیەکی تورکیی درێژی تۆمار دەکات. بەڵام نووسەر، چ بە ڕاستی بێت چ بۆ شوێنە ونی بێت، لە دوا لاپەڕەدا پەراوێزێکی چەند دێڕی دەنووسێت و لە باسی«تیغی زمان و نامووس پایماڵ کردندا» دەکەوێتە وەعزو ئامۆژگاری و ئەو جۆرە شیعرە ناپەسەند دەکات.

ئەم چەند لاپەڕەیەی ئەم کتیبە نرخێکی گەورەی هەیە، چونکە نرخی شێخ ڕەزا لەناو تورك و لە مەڵبەندی تورکیدا دەردەخات و هەندێك یادگاری ئەو کەسانە دەگێڕێتەوە کە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ شێخ ڕەزادا بووە. ئەوەی مایەی ڕەخنە بێت ئەوەیە کە نووسەر خۆی لە باسی شیعری کوردیی شێخ ڕەزا نەداوە، تەنانەت هەر باسی ئەوەشی نەکردووە کە شێخ ڕەزا نەك زۆربەی شیعری کوردییە، تەنانەت ئەوەندەشی نەوتووە کە شیعری کوردیشی هەیە، وا پیشان دەدات کە زۆربەی شیعری شێخ ڕەزا تورکی بێت و ئەوسا فارسی و عەرەبیشی هەبێت و باسی کوردی ناکات. دیارە ئەمەش لە نەزانییەوە نییە، چونکە نووسەر لەزمانی ئەمین فەیزییەوە باسی شیعری تورکی و فارسیی شێخ ڕەزا دەکات، کە بە هیچ جۆرێك ڕێی تێ ناچێت کەسێك خۆی ئەو هەموو شیعرە کوردییەی شێخ ڕەزای لە ئەنجوومەنی ئەدیبانی کورد»ی خۆیدا تۆمار کردبێت، هیچ نەبێت نەیوتبێت شێخ ڕەزا بە کوردیش شیعری هەیە. ئەمە بۆ شێخ ئیبراهیمی حەیدەریش هەر وایە. هەڵوێستی نووسەر لێرەدا شۆڤینیانەیەو لە زانست دوورە، چونکە بە پێی پەیڕەوی زانستیی تازە، شیعری کوردێکی وەك شێخ ڕەزا کە زادەو پەروەردەی کوردەوارییە، هەمووی بەشێکە لە ئەدەبیاتی کوردی بابە زمانی تریش نووسرابێت. بۆ مێژووی ئەدەبیاتی تورکی یان فارسی، دەتوانرێت نموونەکانی لە خانەی شیعری کوردیی فارسی زمان یا تورك زماندا تۆمار بکەن و لەوە بچێتە دەرەوە، مایەی ناڕەزایی و ڕەخنەیە.

عەتا تەرزە باشی[٣٠]، لە بەرگی دووەمی کتێبی( شاعیرانی کەرکووك)ی خۆیدا[٣١] لەلاپەرە (١٢٧–١٥٢)دا باسی شێخ ڕەزا دەکات و لە لاپەرە (١٥٣–١٨٤)دا کۆمەڵێك شیعری تورکی و فارسی و کوردی و عەرەبیی شیخ ڕەزای تۆمار کردووەو هەندێك هەڵەی دیوانە چاپکراوەکانی ڕاست کردۆتەوە.

باسەکەی شێخ ڕەزای دەستنیشان کردووە[٣٢]، لە ڕووی هەجووەوە شێخ ڕەزا بە گەورەترین شاعیر دادەنێت و دەنووسێت:

«ئەگەر مەدحەکانی لادەین شیعری تری هەموو هەر هەجووە»[٣٣].

نرخێکی گەورەی کارەکەی تەرزی باشی لەوەدایە کە بە هەموو سەرچاوە تورکییەکانی پێش خۆیدا چۆتەوەو ئەو زانیارییانەی لەناو زۆر لەو سەرچاوانەدا هەن تۆماری کردوونەتەوە، بە جۆرێك کە دەتوانیت واز لە زۆربەیان بهێنیت.

تەرزی باشی خۆی لە سەرچاوەی کوردیش بە دوور نەگرتووە.

باسی شێخ ڕەزا لە کتێبەکەی تەرزی باشیدا باسێکی تێکەڵە، واتە کورتەیەکی ژیانی تێدایە، هەندێك یادداشت و یادگاری ئەستەمووڵ و کوردستانی ، بەتایبەتی پێوەندیی لەگەڵ ئەمین فەیزی و نامیق کەمالدا، کۆمەڵێك قسەی خۆشی، لە پاڵ نموونەی شیعرو هەندێك ڕا دەربارەی شیعرەکانی نووسراوە.

ئەم باسەی شیخ ڕەزا لە پاڵ ئەو نرخەدا کە هەیەتی بە لێکۆڵینەوە و باسی تەواوی شیعرو هونەری شێخ ڕەزا دانانرێت.

لەڕووی لێکۆڵینەوەو زەوییی باسەوە یەك لایەنی تێدایە. لە ڕووی باری سەرنجی نەتەوەییشەوە، نووسەر لەلایەکی چاوەوە تەماشای شێخ ڕەزای کردووە.

ڕاستە پارچەیەکی کوردی و چەند پارچەی فارسی و عەرەبیی شێخ ڕەزای تۆمار کردووە، بەڵام زۆرتر بایەخی بە شیعرە تورکییەکانی داوە. ڕەنگە کەسێك کە لە شیعری تورکی بدوێت، ئەو ڕێگەیەی بدرێت و هەقی ئەوەی هەبێت، بەڵام نووسینەکەی تەرزی باشی بە تێکڕا ئەوە دەگەێنێت کە شێخ ڕەزا شیعری تورکیی

زیاتر بێت، یا هەر شاعیری تورك بێت. ئەمە سیمای باسەکانی تری کتێبەکەیەتی بۆ نموونە: کە باسی چەند شاعیری تری تاڵەبانییەکان دەکات، هەر بە لای شیعری ناتورکییاندا ناچێت و تەنانەت بۆ کەسێك کە ئاگاداری عەشیرەت و شێخانی تاڵەبانی نەبێت، هەموویانی بە تورك و تورك زمان دێتە بەرچاو.

شاعیری گەورە زۆر لەوە مەزنترن، کە لە قاوغێکی وا تەسکدا دابنرێن. ئەوان هەر بەو زمانانەی شعریان پێ نووسیوە خۆیان بەرەو ئاسۆیەکی فراوان بردووەو دەبێت ئێمەش ئەو خواستەیان بهێنێتە دی و لەو ئاسۆ فراوانەدا جێیان بکەینەوە(٣٤).

## ٦

عەلادین سەجادی(٣٥) بەوەدا کە بەتەنیا و لە ڕیزی ئەو شاعیرانەدا کە بەدرێژی باسی کردوون، لە باسی شێخ ڕەزا دواوە، دیارە شێخ ڕەزا بە یەکێك لە کەڵە شاعیرەکانی کورد دادەنێت. ڕەنگە سەجادی یەکەم کەس و دوا کەس بێت کە زۆرتر لە لایەنی هەجووگەری وشەڕە جوێنی شێخ ڕەزا کۆڵیبێتەوە. ڕاستە لە زۆرشوێندا ئەوە دەردەبڕێت کە شێخ ڕەزا هەر شاعیری هەجوو نییەو جاروبار نووسیوویە :

«لەبن دەست ئەمەشەوە لە شیعری ستایش و پیاهەڵوتنیشدا وەنەبێ لە شاعیرەکانی تر کەمتر بووبێ، بەڵکو لە گەلێ شوێندا پێشکەوتووتر بووە، خەیاڵێکی نازك و تەبیعەتێکی ئاوێنەیی بووە، بە تایبەتی ئەگەر هەستی خێرێکی لە یەکی کردبێ بە تەواوی لالغاوەی شیعری کراوەتەوەو هەتا بڵێیت وەسفێکی بەرزی بۆهاتووە ، خۆ ئێجگار لە بەشی فارسیەکەیدا...»(٣٦).

لەگەڵ ئەمەشدا زۆرتری ئەو لاپەڕانەی «مێژووی ئەدەبی کوردی» کە بۆشێخ ڕەزا تەرخان کراون، بۆ باسی هەجووی شێخ ڕەزان، تەنانەت کە لە زمان و دیمەنە بەلاغییەکانی شیعری شێخ ڕەزاش دەدوێت، نموونە هەر شەڕە جوێنی شێخ ڕەزایە. لەم بارەیەشەوە بڕیاری گەورە گەورە بۆ شێخ ڕەزا دەدات، وەك ئەوەی نووسیوویە:

«لە شیعرەکانیا–بەشی کوردییەکەی – ناتوانیت بڕە شیعرێك ببینیتەوە کە

ڕێچکەی یەکێکی تری گرتبێت، یا لەوەی وەگرتبێ. بەتایبەتی کە دێتە سەرباسی زەم و قسە پێ وتن ، یەکەمین شاعیرێکی کوردەو کەس نەیتوانیووە، لە دۆزینەوەی شتی وردی جنێو و قسە پێ وتندا بیگاتێ، نەوەك هەر ئەوەندە بەڵکو ئینکار ناکرێ کە شاعیری بەرزای عەرەب «جەریر»لە باسی جنێودا زۆر بەناوبانگە، من لام وایە ئەگەر لە دەوری شێخ ڕەزادا بوایە نەیئەتوانی لە خاکی «یەمامە»وە پێ بنێتە خاکی عیراق!..»[٣٧].

بەڵگەی گەورەش بۆ ئەوەی سەجادی شێخ ڕەزا هەر بە شاعیری هەجوو دادەنێت ئەوەیە کە لەسەر پەیڕەوەکەی خۆی کە دێتە سەر هۆی بەشاعیربوونی شێخ ڕەزا[٣٨] هەر لە کونی هەجووەوە شێخ ڕەزا دەباتە کۆڕی شاعیرانەوە[٣٩] تەنانەت لەو پێشەکییە پەخشانییە جوانە تەقلیدییانەشدا کە بۆ هەموو شاعیرەکانی نووسیوە لە باسی شێخ ڕەزادا ئەمەشی نووسیوە:

«... شاعیری بەرزی داستانی هەمە جۆرە، بەرداوێژ و قسە هاوێژی بێ نۆرە. زمانی شیرێکی کاریگەر لە بڕشتدا، قەڵەمی تیرێکی سەر نەکەر لە زوشتدا. خاوەنی شعوورێکی نازك لە باسی چاکەدا ، دانەری گەلێ قسەی تیژ لە باسی خراپەدا. بێ باك و قسە لە ڕوو، تووڕە بووە زووبەزۆر. قەلەندەر و بێ پەروا، دڵ نازك و خۆش بڕوا. نوکتەزان و زیرەك بووە، قسەی نەستەق و زلی بووە. خۆی زمانپاراوی دیوەخان ، دیوانی بەزمی دێوانان...»[٤٠] خاوەنی مێژووی ئەدەبی کوردی لەگەڵ ئەمانەشدا خۆی لە مەبەستەکانی تری شێخ ڕەزا لانەداوە. لای پارچەی «دەردی حەبیب» وەستاوەو لە شیعری دڵداریی شێخ ڕەزا دواوە[٤١]. ئەو پارچەی «بە بیرم دێ سلیمانی...»ی کردووە بە نموونەی شیعری مێژوویی و بە وێنەی مێژوو تۆماری کردن و[٤٢]لەو جەمسەرەوە کە لەم باسەدا دەبیندرێت بۆی نەچووە .

شیعری «شانازی»ی شێخ ڕەزا بە بەشێك، یا بە بەردەوامیی هەجوو شەڕەجوێنەکەی داناوە و نووسیویە: «تەنانەت گەیشتۆتە پایەك شانازی بە زمانییەوە کردووە ، کە شیرێکی تیژی کاریگەرە و ڕاستیشی کردووە وەك خۆی ئەڵێ:

تۆ هەت تیغی دەبان و من هەمە تیغی زوبان

**فەرقی ئەم دوو تیغە هەر وەك ئاسمان و ڕێسمان!**[٤٣]

لە کۆتاییدا لای بەلاغەتی شێخ ڕەزا وەستاوە. هەر چەندە ڕێك و ڕەوان شوێنی ئەو پێوەندییە بە قوتابخانەی نالییەوە دەستنیشان ناکات، بەڵام بەم خۆ بەبەلاغەت خەریککردنەوە دیارە کە شێخ ڕەزا لای ئەو وەك کەڵە شاعیرێکی ئەم قوتابخانەیە جێی دەبێتەوە.

٧

لە بارەی شێخ ڕەزاوە دەبێت دەست بۆ ئەو وتارە بەنرخەی عەبدورەزاق محەمەد[٤٤] درێژ بکرێت کە لە گۆڤاری هیوادا بڵاوکراوەتەوە. وتارەکە لە پرۆژەیەکی تەواو نەکراو دەچێت[٤٥]. وا دیارە نووسەر نیازی وا بووە لێکۆڵینەوەیەکی گەورە دەربارەی شێخ ڕەزا پێشکەش بکات، بەڵام لە لایەکەوە تەواوی نەکردووە[٤٦]، لە لایەکی ترەوە زۆر لەو سەرباسانەی دەتوانرا بە فراوانی لێی بکۆڵرێتەوە، خەست کراونەوەو نووسەر کورتە و جەوهەری بیری خۆی دەربارەیان دەربڕیوە. لە سەرەتادا جێگەی شێخ ڕەزای بەم چەشنە دەستنیشان کرووە کە نووسیویەتی:

شێخ ڕەزا شاعیرێکە هەموو گیانی (هەستدارییەکی تیژە)و ژیانی وەکو شیعرەکانی پڕە لە ناکۆکی و نەیاری، وەلە بەرامبەر دیمەنی هەمەڕەنگەی جیهاندا ڕەخەگرێکی زمان تیژ و بێ باك بووە»[٤٧].

نووسەر لە سەرەتای باسەکەیدا پەیمانی داوە کە لە سێ لاوە بۆ دەرسکردنی شێخ ڕەزا بچێت. یەکەم: (شێخ ڕەزا و ئەدەبی کوردی لە سەدەی نۆزدەهەمدا)، دووەم: پێگەیشتنی شیخ ڕەزا. سێیەم: بەشێوەیەکی گشتی باس لە هەجووەکانی شێخ و گیانی گاڵتەجاڕی.

بەشی یەکەمی هەوڵدانێکی سەرکەوتووە بۆ تێگەیشتنی ئەدەبیاتی سەدەی نۆزدەهەمان، نرخی گەورەی لەوەدایە کە پێش نووسینی ئەو لێکۆڵینەوە و نامە

زانستییانە نووسراوە کە لە ساڵانی دواییدا نووسران. بۆچوونەکانی زانستییانەن، بەڵام وەك وترا کورتن و سروشتی بڕیاردانیان پێوەیەو دەبوو بکرانایە بەباسێکی فراوان. هەر لەو سەرەتایەدا، نووسەر دێتە سەر (شێوە و ئامانجەکانی شیعر)، لە پاڵ هەجوودا بە چەند دێڕێك لەوە دەدوێت کە شێخ ڕەزا سەر بە تەریقەتی قادری بوو، بەڵام هەندێك جار ڕقی دەروونی بەناوی «دەهر»ەوە دەردەبڕی(٤٨).

نووسەر هەندێك دێڕی شانازیی شێخ ڕەزا دەداتە پاڵ «تعصبي قبلي»(٤٩)، کە دەبوو بیداتە پاڵ بابەتی شانازیی شیعر، با باسی عەشیرەتی تاڵەبانیش بێت. چونکە شێخ ڕەزا با ستایشی عەشیرەتەکەی خۆشی زۆر کردبێت، بەڵام هەجوویشی کردوون، تەنانەت هەجووی نزیکترین کەسی خۆیی کردووە. هەروەها نووسەر هەر لە پەنجەرەی تەریقەت پەرستییەوە دەڕوانێتە دێڕی «مەڕبووتە حەیاتم بە سلێمانیی و خاکی...هتد» کە مەسەلەکە زۆر لەوە قووڵترە و لەمەودوا باسی دەکەین. نووسەر مەبەسەکانی شیعری شێخ ڕەزا دەستنیشان دەکات و لەسەر هەر یەکەیان چەد دێڕێك دەنووسێت. بەڵام چونکە باسەکەی لە کورتی بڕیوەتەوە، لەبەر ئەوە نەچۆتە سەر باسی درێژی ئەو مەبەسانە. لای نووسەر، شێخ ڕەزا لەم مەبەسانە شیعری وتوە :

دڵداری، خولانەوەی شیعر لە دەوری مزگەوت و ئاین و تەریقەتەکان، بێ دەسەڵاتی شاعیران لە بەرامبەر هەڵسووڕاندنی ژیان، یاسای عەشایەری و جۆری پەیوەندیی نێوان عەشیرەتەکان، شیعری ڕابواردن، شیعری سیاسی(٥٠). نووسەر لە بەشی دووەمی باسەکەیدا لەژیانی شێخ ڕەزا دەدوێت. «پێگەیشتنی، دەوری لاوێتیی ، مردنی باوکی...هتد».هەر چەندە ئەم لایەنەی وتارەکەی پێوەندی بەباسەکەی ئێمەوە نییە، بەڵام هێندەی دەربارەی دەوترێت کە لە لایەکەوە هەواڵێکی باشی بەستنی ژیانی شێخ ڕەزا بە باری ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە داوە، واتە لایەنە مەوزووعییەکەی گرتووەو هەوڵێکی باشی لێکدانەوەی سایکۆلۆژیی بوونە شاعیر، یا هەجووکردنی شێخ ڕەزای داوە، واتە لایەنی خۆیەتی (زاتیەت)ی شاعیری گرتووە. دیسان ئەوەی لێی دەگیرێت کورتی و خەستیی باسەکەیە، کە دەشیا زۆر فراوانتر بنووسرێت .

دوکتۆر مارف خەزنەدار شەش لاپەڕەی نامەی دوکتۆرەکەی[٥١] بۆ باسی شێخ ڕەزا و نموونەی شیعری ئەو و وەرگێڕانی تەرخان کردووە. لە پێشدا پشت بە سەرچاوەکانی پێش خۆی باسی ژیانیی کردووە و[٥٢] نووسیوویە:

«ژیانی شاعیر بە ڕەواڵەت ڕووداوی دەوڵەمەندی تێدا نییە». پاش ئەمە باسی خوێندن و گەڕان ومردنی کردووە و هاتوتە سەر شاعیرێتیی و نوسیوی یەتی: «لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردیدا شێخ ڕەزای تاڵەبانی جێگەیەکی تەوا و تایبەتی هەیە، دامەززێنەری شیعری سەتیرە»[٥٣]. نووسەر بەچەند دێڕێك لە بابەتی هەجووی شێخ ڕەزا دوواوەو ئەوەی دەرخستووە کە شێخ ڕەزا لە پاڵ ستایشی سوڵتانی ڕۆمدا هەجوویشی هەر کردوون و ئەم دێڕەی کردووە بە بەڵگە کەوتوویەتی:

**قازی رەئیسی ئەوەڵ، تۆش موعیعە عموومی**

**ئەم کارە چۆن سەر ئەگرێ ، لەعنەت لە بابی ڕۆمی**[٥٤]

پاش ئەمە هاتۆتە سەر شاعیر و ئاین و بە دێڕێك لای ستایشی شێخ عەبدولقادری گەیلانی و کاك ئەحمەدی شێخدا ڕۆیشتووە، بەڵام لەلاپەڕەیەك زیاتر بۆ دیوەکەی تری شیخ ڕەزا و ئاین تەرخان کردووە، کە هەجووی شێخ و تەریقەتە. لەوێوە هاتۆتە سەر ئەوەی کە شێخ ڕەزا (مەدح)و (فەخر)ی نووسیوەو دوو نموونەی لە شانازیی شێخ ڕەزا بەخۆیەوەی هێناوەتەوە و بابەتە نیشتمانییەکانی شێخ ڕەزاشی هەربە بەشێك لە بەرهەمی ئەو دوو مەیدانە داناوە.

جارێکی تر هاتۆتەوە سەر هەجووی شێخ ڕەزا و خاسیەتێکی کۆمەڵایەتیی داوەتێ و نووسیویەتی :«بەداخەوە، ئەو پەڕی دەم پیسی نرخی هونەرمەندانەی بەشی زۆری سەتیری شێخ ڕەزا نزم دەکاتەوە و ڕێگەی چاپ کردنی نادات»[٥٥].

پاش ئەمە لە ڕووی ڕوخساری شیعری شێخ ڕەزاوە بڕیارێکی گەورەی داوە و نووسیوییە:

«لەمەیدانی هۆ دەربڕەکانی هونەردا شاعیر زۆر جار ڕوو دەکاتە سەرچاوەی ژیان بەخش و هەمەڕەنگی قسەی کوردی (پەندی پێشینان و قسەی نەستەق و حیکایەت)، هەر بەمەش بووە بە یەکێك لەو شاعیرانەی کە زوو لە شیعریاندا پەیرەوی تازەی نزیکخستنەوەی زمانی شیعر لە قسەی خەڵکەوە پەیدابووە»(٥٦).

دیارە ئەم ڕایە شانزە ساڵێك لەمەوبەر نووسراوە، هەرچەندە ئەوکاتە نووسەر دەمێك بوو دەستی دابووە نووسین، بەڵام زۆرنەبوو دەستی دابووە لێکۆڵینەوەی زانستی و کتێب نووسین. هەرلەبەر ئەمەیە کە دەبێت ڕای نووسەر لەم بارەیەوە گۆڕرابێت. لە ڕووی ناوەڕۆکەوە، ئێستا نووسەر یەکێکە لەوانەی لە زۆر لە نووسینەکانیدا ئەو شیعرانەی شێخ ڕەزا بەنموونە دێنێتەوە. لەڕووی زمانیشەوە دیارە شێخ ڕەزا بەبەردەوامی قوتابخانەی نالی دادەنێت، یەکێك لە خاسیەتەکانی ئەو قوتابخانەیەش ئەوەیە کە سوودی لە جوانیی زمانی کوردی دیوە، بەڵام لە دەربڕیندا لە زمانی خەڵك نزیك نەبۆتەوە.

بۆ شێخ ڕەزا تەنیا لە پارچەی «خەبەر چوو بۆ میرە سوورە ...»دا بەڵگە بۆ ئەو ڕایەی نووسەر هەیە و بەس. نووسەر پاش ئەمە دێڕێکی حاجی قادری کردووە بە بەڵگەی ناوداریی شێخ ڕەزا، لەڕۆژی خۆیدا و دوو دێڕی شاعیریشی بۆ نموونەی بەلاغەتگەریی شاعیری هێناوەتەوە(٥٧).

## ٩

نووسەری ئەم باسەش لە بەرهەمەکانی لەمەوبەریدا خۆی لە باسی شێخ ڕەزا لانەداوە. لە پاڵ زنجیرە وتارێکدا کە ساڵی ١٩٧٢ لە ئێستگەی ڕادیۆی کوردیی بەغداوە خوێندراوەتەوە. پێشتر بەم چەند دێڕە لە شێخ ڕەزا دواوە:

«ئەم چەشنە شانازییە(٥٨) بەدەسەڵاتی نیشتمانییەوە لە بەرهەمی شاعیردا دەبینرێت، دیارترین نموونە قەسیدەیەکی شێخ ڕەزای تاڵەبانییە (١٨٣٥–١٩٠٩) کە یادگاری مناڵیی خۆی دەربارەی حوکمڕانی کورد، حوکمڕانیی میرانی بەبەی کوردستان دەگێڕێتەوە، لە پاڵ ئەمەشدا ئەم شاعیرە تاقە نموونەی هەجووی سەختە لە ناو ئەدەبیاتی کوردیدا و بەشی زۆری شیعرەکانی ئەم بابەتەن،

هەجووی هەموو ئەوشتانە دەکات کە ژیان تێك دەدەن، کەسوکار و خزمی خۆی کە شێخی تەریقەتن و موڵکیان لێ داگیرکردووە و سوڵتانی عوسمانی موڵکی پێ بەخشیون، لای شاعیر وایە کە ئەوانیش لەژێر پەردەی دیندا خەڵك هەڵدەخەڵەتێنن و سەریان بۆ سوڵتان پێ شۆڕ دەکەن »[٥٩].

پاش چەند دێرێك دەربارەی هەجووی شێخ ڕەزا نووسراوە:

شێخ ڕەزا هەندێك وێنەی باری چینایەتیی کۆمەڵەکەی خۆی پیشان دەدات، وێنەی جیاکاریی چینایەتیی پڕشەرمی ناو خەڵك پیشان دەدات و دەڵێت[٦٠]:

**کەسی فەقیری بێ چارە**
**گەر عەیبی هەبێ دیارە**
**دەوڵەمەندی ساحێب پارە**
**سەد عەیبی هەبێ مەستوورە**[٦١]

هەر وەك لە پەراوێزی ئەو باسەی شێخ ڕەزادا لە باسی ژیانی شێخ ڕەزادا نووسراوە:

«شیعری لە دڵداری و ستایشی ئاینی و مەبەسە کلاسیکییەکانی تری شیعردا هەیە. شیعری نیشتمانپەروەری هەیە، لە کوردیدا گەورەترین شاعیری هەجووە. بە چەشنێك کە وەرگێڕان و لە شوێنی گشتیدا خوێندنەوەی شیعرەکانی زەحمەتە»[٦٢].

## ١٠

شێخ محەمەدی خاڵ بەسێ ئەڵقەی دوا بە دوا باسی شێخ ڕەزای تاڵەبانی کردووە[٦٣].

هەندێك لە زانیارییە کۆنەکانی دەربارەی شیخ ڕەزا دووبارە کردۆتەوە، پاشان چواردە دێڕی جیا جیای شێخ ڕەزای تۆمار کردووە کە لەمەوپێش چاپ نەکراون و موناسەبەتی زۆریانی وتووەو دێڕەکانی لێك داوەتەوە. لە پاشدا کۆمەڵێکی لە قسە خۆشەکانی شێخ ڕەزا تۆمار کردووە.

ئەم زنجیرە وتارە شتێکی تازەیە  دەچێتە سەر سامانی شێخ ڕەزا ناسی و سەرەتایەکی باشیشە  بۆ کۆکردنەوەی نوکتە و قسە خۆشەکانی شێخ ڕەزا. بەڵام وتارەکە لە کەم و کووڕی بەدەر نییە.

شێخ محەمەدی خاڵ چیی دەربارەی شێخ ڕەزا بیستووە بێ وردبوونەوە و  بێ دەست نیشانکردنی سەرچاوەی لێ بیستن تۆماری کردووە. دەبوو کەمێك وردتر بوایە و بۆ پتەوکردنی باوەڕ بە تۆمارکراوەکانی پەنجەی بۆ سەرچاوە درێژ بکردایە.

تێکڕای ئەم تێبینییانە دەربارەی وتارەکەی دەنووسرێت:

١ – ئەو دێڕانەی دراونەتە پاڵ پیرەمێرد[٦٤] کەی نووسراون؟. دیارە پێش چوونی پیرەمێرد بۆ ئەستەموڵ. چونکە کە پیرەمێرد لە ئەستەموڵەوە  هاتۆتەوە شێخ ڕەزا نەماوە .

ئایە پیرەمێر پێش چوونە ئەستەموڵی لەو پایەدا بووە کە بچێتە مەیدانی شێخ ڕەزاوە؟. ئەم دێڕانە لە دیوانی پیرەمێرددا نین[٦٥]، واتە خۆی نەینووسیونەتەوە. هەروە ها لەم دوو جێگەیەدا کە لە مەوبەر پیشانمان دا پیرەمێرد لە  باسی شێخ ڕەزادا بەلای ئەم دێڕانە نەچووە.

بە گشتی دەگونجێت شیعری پیرەمێردیش بن. ئەگەر سەرچاوەکەی دیار بووایە، دەبوو بەبەڵگەیەکی تر دەچووە سەر هۆی ڕقی پیرەمێرد لە شێخ ڕەزا[٦٦].

٢– خاوەن وتار حیکایەتێکی نێوان شێخ ڕەزا و موفتیی بەغدا یوسف عەتاو گۆڕینی دێڕێکی ئیبنولفاریز دەگێڕێتەوە، لە دواییدا دەڵێت:

«یوسف عەتا لێی ڕائەپەڕێ. بەخۆی و باستۆنەکەیەوە کە لێی بدا. شێخ ڕەزا خێرا هەڵئەستێ و دەرباز ئەبێ و ئەڕوا»[٦٧]، سەیر ئەوەیە شێخ ڕەزا ساڵی ١٩٠٩مردووە و یوسف عەتا١٩٥١[٦٨].

ئەم ماوە درێژەی نێوان مردنیان لە هەموو ڕوویەکەوە نەگونجانی ئەم حیکاتە دەردەخات.

٣-دیسان چەند حیکاتەتی نێوان ئەمین فەیزی و شێخ ڕەزا دەگێڕێتەوە کە لە بەغدا ڕووی دابێت[٦٩].

ئەوەی تائێستا زانراوە ئەوەیە کە شێخ ڕەزا و ئەمین فەیزی لە ئەستەموول یەکیان دیبێت. شیعرەکانی هەردووکیشیان بەڵگەی ئەمەن. تەنانەت نەبیستراوە کە ئەمین فەیزی پاش چوونە ئەستەموول هاتبێتەوە ولات. ئەگەر نووسەر سەرچاوەی نیشان بدایە و زیاتر لەمە بدوایە سوودی زۆری دەبوو. بێ ئەوەش جێگەی ڕوودانی حیکایەتەکان هەر جێی گومانە!.

٤- نووسەر حیکایەتێك دەگێڕێتەوە کە چۆن (حاجی مستەفا ناوێکی زۆر موسوڵمانی بەڕێزی کەرکووکیی کردووە بە هاوپیاڵەی «ئەندریا»ی مەیخانەچیی جوولەکە... هتد)[٧٠].

دەربارەی ئەم حیکایەتەش ئەوەی بیستراوە ڕەفیق ئەفەندیی خادیمولسوجادە و میناس غەریبی گەورەی گاورەکانی قەڵا لە حیکایەتەکەدا جێی حاجی مستەفا و ئەندریا دەگرنەوە)[٧١]. دیارە ئەمەشیان زیاتر ڕێی تێ دەچێت، چونکە نە لێرەو نە لەدەرەوە نەبیستراوە جوولەکە ناوی ئەندریا بێت.

## ١١

مەسعوود محەمەد کە پاش ساڵی ١٩٧٠بە کوردی دەستی دایە نووسین و کۆمەڵێك شتی بۆ چاپ کرا، لەگەلێك شوێندا ناوی شێخ ڕەزای بردووە و لە هەندێك شوێندا باسی کردووە.

لە گێڕانەوەی باسی (کەیفی)دا[٧٢] هەندێك چیرۆکی تازە دەخاتە سەر ژیانی هەمەڕەنگی شێخ ڕەزا. لەو سێ بەرگەشدا کە ناوی (حاجی قادری کۆیی) لێ نراوە[٧٣] لە گەلێك شوێندا ناوی شێخ ڕەزای بردووە[٧٤].

نووسەر لەهەندێك جێگەدا پلەیەکی گەورەی داوە بە شێخ ڕەزا وەك ئەوەی نووسیوییە:

«من لە سەرنجدان و تێفکرینم[٧٥] لەگەڵ خۆمدا، بەو پەڕی سادەیی و بێ

تەمسیلییەوە، هەستی لە خۆ ڕازی بوونم دەجووڵی، کە دەبینم نالی و شێخ ڕەزام لە ڕێزی هەرە پێشەوەی شاعیرانی ئیسلامەوە دێت...»[٧٦].

ئەوەی نرخی بۆ لێکدانەوەی شیعری شێخ ڕەزا بێت، ئەو ڕایەیە کە لە بەرگی دووەمدا بەرامبەر بە شیعری دڵداریی حاجی و شێخ ڕەزا دەری بڕیوەو نووسیوییە: «لەم ڕووەوە شیعری حاجی دەچێتە ڕیزی شیعرە دڵدارییەکانی شێخ ڕەزا نەك نالی و کوردی. شێخ ڕەزاش دووچاری عیشقی سووتێنەر نەبووە، بۆیە شیعری غەرامی کەم گوتووە، ئەوەی گووتووشیەتی ئوستادی تێدایە نەك سووتان. لەوەندە شیعرە کەمەی دڵداری کە شێخ ڕەزا هەڵی بەستوون پێنج خشتەکییەکەی بەسەر ئاتەشپارەکەی (کوردی)یەوە بە سۆزترین پارچەیێکی عاتفییە کە شێخ ڕەزا بەدڵ و زمانیدا هاتبێ، بێگومان لەمەشدا گڕو گڵپەی کوردی بلێسەی داوەتەوە بۆ ناو دەروونی شێخ ڕەزا.»[٧٧].

هەرچەندە ئەم ڕایەش جێی موناقەشەیە[٧٨]، بەڵام نرخی ئەوەی دەدرێتێ، کە بە بڕیارێك و خانە تەرخان کردنێك بۆ شیعری دڵداریی شێخ ڕەزا دابنرێت. هەندێك ڕای تری مەسعوود محەمەد دەربارەی شێخ ڕەزا، دیسان لا وەستاندن و باسکردنی دەوێت. تەنانەت بە ناچاری دەبێت ببەسترێتەوە بە هەموو نووسینەکانی مەسعوود محەمەدو جیهانبینی و بیری ئەوەوە.

لە سیاسەتدا «ستراتیژ» و «تاکتیك» هەیە کەسێکیش کە سەیری نووسینەکانی مەسعوود محەمەد بکات لە ڕووی مەوزووع و ئایدیۆلۆژییەوە شوێنی ئەو و بەرە و جۆری بیرکردنەوەی دیارە و ڕەنگە لێرەدا، واتە لە باسی شێخ ڕەزادا شوێن باسی نەبێت. بەڵام لە ڕووی خۆیی(زاتی)یەوە لە هەموو نووسینەکانیدا ستراتیژێکی بۆ خۆی داناوە و تاکتیکەکانی هەموو خزمەتی ئەو ستراتیژە دەکەن.

لە بەرگی یەکەمی «حاجی قادری کۆیی»یدا ئەو دێڕە شیعرەی حەمدی دێنێتەوە کە بۆ سەرداری کورد شێخ مەحموودی حەفید نووسراوە و هێشتا لە دڵ و دەروونی هەموو کوردێکدا بە تیپی زێڕینی یادگار و بەرزی نەخشی کێشراوە. ئەو دێڕەی وتوویەتی:

**یا مەدینە بێ نەبی بێ یا نەجەف بێ بێ عەلی**

**شاری غەزنەش ئێستە بێ مەحمووده وەك (داریكەلی)**

یەكسەر خۆی، خۆ وتەنی (بە پێی داخوازی جێگە)[٧٩] دێڕێك بۆ باوكی دروست دەكات و دەنووسێت[٨٠]:

**باوەقوش لێی خوێندوە ئەم شارە بێ زەوقەو سەدا**

**یا نەخۆ خامۆشە كۆیێ بێ چرای كاكی جەلی**[٨١].

ستراتیژەكەی مەسعوود محەمەد لەم دێڕەدا و لەم هاوكێشی (معادلة) یەدا بە باشی خۆی دەنوێنێت. كۆیە (لای ئەو) = بە هەموو شارە ناودارەكانی كوردستان یا تەنانەت جیهان و لە كۆیەشدا، هەموو شت و هەموو مێژوو لە دەوری ئەو بنەماڵە سێ پشت مەلایەدا دەسووڕێتەوە كە لە گوندی (جەلی)یەوە هاتوونەتە كۆیە و جێگایان دیار بووە. هەر بۆ خزمەتی ئەم مەبەسەش، شێخ ڕەزا خراوەتە ئەو فەلەكەوە[٨٢] وەك هەموو خواست و هەوڵەكانی مەسعوود محەمەد، لێرەدا سلێمانی «بە خاك و بەرد و دارەوە، بە ئاوی سەرچنارەوە»، بە ڕابوردووی نالی و شیعری گۆران و سەرفرازی شێخ مەحموود و زمانی جێگر و خزمەتگوزاری گۆڤاری گەلاوێژەوە[٨٣] لە ڕاست كۆیەو (كاكی جەلی)دا بچووك دەبنەوە. مەسعوود محەمەد لەم بارەیەوە نووسیوییە: «وا دەزانم هیچ كامێك لەو كەڵە شاعیرانەی هاوچەرخی حاجی بوون باسی جێگەیێكی نەهێناوەتە ناو هەڵبەستەكانیەوە كە بێشكەی خۆی نەبووبێت، مەگەر شێخ ڕەزا كە ئەویش بە پێی مەیلی كاتی خۆی جارێكیان مەدحی جێگەیەكی كردبێت، جارێكی تریان، و یا گەلێك جاری تر، زەمی كردووە، مەدح و زەمەكەشی پێوەندیی بەسۆزی كوردایەتییەوە نەبووە، لەو پارچە هەڵبەستەی بترازێ كە لە سەرەتاكەیدا دەڵێت:

**بە بیرم دێ سولەیمانی كە دارولمولكی بابان بوو**

**نە تەسخیری**[٨٤] **عەجەم نە سوخرەكێشی ئالی عوسمان بوو**

بەداخەوە یەكێك لەو شاعیرانەی بە دەستەوایش[٨٥] لەگەڵ حاجیدا ناوی كۆیەیان نەبردووە»[٨٦].

کەواتە مێژوو، نرخ پێدان، هەڵسەنگاندن، تەنانەت هەستی نیشتمانیش(٨٧) لای نووسەر دەستەوا (واتە دەستیاو)ە. دەبوو شاعیرانی سلێمانی،لەجێی حوکمی بابان و گەورەیی شێخانی سلێمانی، دەستیاوی حاجی بدەنەوەو بە لای ئەوەوە باسی کۆیە و کاکی جەلی بکەن. بۆ باسی شێخ ڕەزا و نیشتمانپەروەریش، نووسەر خۆی لەوە لاداوە کە شێخ ڕەزاش وەك حاجی قادر، بەرزیی بابان و گەورەیی کاك ئەحمەد بەیەك زنجیرە دادەنێت و (مەڕبووتە حەیاتم بە سلێمانیی و خاکی... هتد) بەردەوامیی (بە بیرم دێ سلێمانی... هتد)(٨٨)یە.

دیسانەوە، یا لە بۆ نەچوونەوەیە یا لە خۆلادانەوەیە کە نووسەر دێڕێکی قووڵی شێخ ڕەزا کە بە فارسی نووسیوییە بەو چەشنە لێك دەداتەوە کە دەیبینین:

**(میرود شعر من و علم جهانگیر شما**

**هرد و بی فایده تا جای اقامت رومست)**

واتە: شیعری من و عیلمی جیهانگیریی ئێوە بە فیڕۆ دەڕۆن هەتا جێگەی نشیمەمان[!] ڕۆم بێت. مەبەستیش لە ڕۆم تورکی عوسمانلییە. دیارە شێخ ڕەزا لەم بەیتەیدا وڵاتی فارسی لە نەزەردا بووە وەك جێگەی لەبار بۆ بەسەربردن... هتد)(٨٩). بۆچ مەبەسی شێخ ڕەزا بە ڕۆم هەر وڵاتی تورك و ئەستەمووڵ نەبێت؟ کە لای حاجی قادر و زۆر شاعیریش هەر بەوێ وتراوە خاکی ڕۆم و بەڵگەی ئەمەش لە شیعری کوردیدا کەم نییە.

پاشان لە هیچ شیعرێکی تری شێخ ڕەزادا هەستی وڵاتی فارس پەسندکردن نەبینراوە. تەنانەت کە دێتە سەر ستایشی نەسرەدین شا و پارچەی (ماهوشاه)یشی هەر بەلای ئەو بیرەدا ناچێت.

کەواتە بۆچ ئەم دێڕە هاوسەنگی ئەم پەندە کوردییە نەبێت کە دەڵێت «بەرد لە جێی خۆی سەنگینە» یا نەچێتە سەر سامانی خۆشەویستیی نیشتمان و سەربارێکی بچووکی «قوربانی تۆزی ڕێگەتم...»ی نالی و«عەزیزان من ئەوا ڕۆییم لەلاتان...»ی کوردی نەبێت و لەگەڵ ئەم دێڕەی حاجی قادردا لێك نەدرێتەوە کە وتوویەتی:

**کەس نەماوە بە غیری کاك ئەحمەد**

**شەیخ مەعرووف و عالیمی ئەرشەد**

**چاکە ئێستا دەکا لە بۆ کوردان**

**تەرجەمەی شەرع و ئایەتی قورئان**(٩٠)

یا شاعیرێکی تری هاوچەرخی حاجی ڕەوانتر ئەم دوو ئەڵقەیەی مێژووی سلێمانیی بەستووە بەیەکەوە و وتوویەتی:

**مەدینەی موڵکی بابان (موخلیسا) یەعنی سلیمانی**

**کە جێی دوو حەزرەتی وابێ وەك کەعبەتوڵڵا بێ**(٩١)

تەنانەت هیجری دەدەش لەسەر باسەکانی توحفەی سلێمانیدا لەسەر باسی (دودمان بابان، أساس سلیمانی)یەوە یەکسەر دەچێتە سەرباسی (سادات کرام)(٩٢)و بە شێخ مارفی نۆدێ و کاك ئەحمەد دەست پێ دەکات(٩٣).

## ١٢

لە باسی شێخ ڕەزادا، وەك چۆن باسی نامیق کەمال و ئەمین فەیزی دێت دەبێت باسی هیجری دەدەی شاعیری کەرکووکیش بکرێت.

هیجری دەدە زۆری شیعری تورکی هەیە، بەڵام شیعری فارسی و کوردیشی هەیە. تەنانەت بۆ شینی پیرەمێرد بە زمانی ئەدەبیی کوردیی هاوچەرخ و بە زاراوەی هەورامی شیعری خوێندەوە(٩٤). هیجری دەدە وتارێکی بە تورکی لەسەر شێخ ڕەزا نووسیوە(٩٥)، لە پاڵ گێڕانەوەی هەندێك بابەتی ژیان و هەجووی شێخ ڕەزادا، گرنگیی لەوەدایە کە شێخ ڕەزا بە لای هیجری دەدەوە سەرۆکی شاعیران (رئیس الشعرا)یە(٩٦). هەر ئەم شاعیرە، لە کتێبێکدا کە بە فارسی باسی هەموو لایەنێکی سلێمانی دەکات، کە دێتە سەرباسی شاعیرانی سلێمانی و شوکری فەزلی لە ناویاندا بەدی دەکات. ناتوانی لە ڕاستی گەورەیی شێخ ڕەزادا بێدەنگ بێت و نەنووسێت:

اگرچه «شکریء فضلی» معارض گشته با استاد
زبان شیخ رضا لکن چو شمشیر قضا دیدم
هجاخوان بودو «قاآنی» صفت ضمنش که پر حکمت
بنازد طالبان حق که با شعر «رضا» دیدم(٩٧)

واته:

[هەرچەندە شوکری فەزلی.. بەرامبەر بە «مامۆستا» وەستا. بەڵام من زمانی شێخ ڕەزام وەك شمشێری قەزا دی.

شاعیرێکی هیجا خوان بوو، هەر وەك قائانی بوو، بەڵام شیعری پڕ حکیمەت بوو.

با«تالەبان»ی حەق بنازن کە لەگەڵ شیعری (ڕەزا)م دی(٩٨).

## پاشکو(٩٩)

١

لە شێخانی تاڵەبانی، شێخ حەمید و شێخ لەتیف دەبن، کانیی هەر یەکەیان دەکەوێتە موڵکی ئەویترەوە، سەیر ئەوەیە کە هەردوو کانیش ناویان کانیی فەقی قادر دەبێت. دوایی و پاش هەرا وا ڕێك دەکەون، کە هەر کەسە کانییەکەی خۆی بدات بەویتر یان.

شێخ ڕەزا ڕقی لە شێخ حەمیدیان دەبێت ، شێخ حەمید دوو ژنی دەبێت. ناویان«ڕەعنا»و «زەریف»بووە. کە ئەم مەسەلەیە دەبیستێت دەڵێت:

**کەنیەکەی فەقێ قادر چ ڕەعناو و زەریفە**
**بە تاپۆ هی حەمیدە، تەسەڕوفی لەتیفە**

دیارە«کەنی»لە شارەزوور بە«کچ» دەڵێن.

کە ئەمە لە شێخ ڕەزا دەکرێت بە هەرا و خزمان دەچنە سەری دەڵێت: من وتوومە:

**کانیەکەی فەقێ قادر چ ڕەعناو و زەریفە**
**بە تاپۆ هی حەمیدە، تەسەروفی لەتیفە**

ئەی ئەوە نییە کانیی شێخ حەمید لە موڵکی شێخ لەتیفدایە(١٠٠).

٢

(تەخمیسی پارچەیەکی بە ناوبانگی شێخ ڕەزا لەلایەن «موخلیس»
حاجی مەلا ڕەسوولی دێلێژەوە)

**هەرکەس کە ئەکا خزمەتی ئەو پیرە بە چاکی**
**مەحفووزە لە دونیا لە جەهەننەم نییە باکی**
**ئەم ئەرزە وەکو ئەرزی حیجاز وایە بە پاکی**
**مەربووتە حەیاتم بە سولەیمانیی و خاکی**
**خۆزگەم بە سەگی قاپییەکەی ئەحمەدی کاکی**

ئەترافی زەریحی کە ئەکا نووری تـــەجـەللا
لـــەو نـــوورە کـــە لا حـــول وەلا قوەتە ئیللا
بیللاهی لـە بۆ جەمعی مەلـەك بۆتـە موسەللا
ئەو مـــەرقەدە والایـەکە وەك عـەرشی موعەللا
مەحـــفووزە بـە زوواری مەلـەك دەوری شـوبـاکی
نەجمێکە لەبۆ ئەهلی هـــودا بوو بـــــە عـــەلامـات
تـاجێکە لەســـەر فـــەرقی هەموو زومرەیی ســــادات
وەك حـەزرەتی غەوسە بە هەموو کەشف و کەرامات
ئەو قوودەیی ساداتە کە سوککانی سەمـــاوات
شەرپیانە لـەبـەر سـوجدە ئەبـەر مەرقەدی پـــاکی
بـاعیس بە فیراقی چ عەجەب زار و زەبـوونم
بـەو نـەوعە کەوا مونتـەزیری کاسی مـــەنوونم
بێ شوبهەیە من موتـەسیفی وەسفی جنوونم
بۆ دەست و عەسا نازگـــەکەی داخـــە دەروونم
قوربـانی عەسای دەستی ئەبم سۆل و سیواکی
ئەو سیلسیلە وا نەسلە لە بۆ ئەحـــمەدی موخـــتار
تـەعـــزیمی وەهـــــا لازمـــە وەك زومرەیی ئەبـــرار
لـەو نـەسلـە هـەچی بوغزی هەیە جێی سەقەرە و نار
دەرحـەق بە حـــەفیدانی ئـــەدەب لازمە زینهار
قوربـانی حـــەفیدانـــی بم و بـــابیی و داکـــی
چی تـابیعی ئەو بێ لـــە حەیاتی بـــە کـــەدەر بێ
عەیش و فەرەح و لـەززەتی هـەر لـەحزە هەدەر بـێ
بۆ مردنی هـەر لـەحزە پـەیـــاپەی بە خـــەبـەر بێ
دونیا کە لە پاش حەزرەتی شێخ ژێر و زەبـەر بێ
وەك تاجی کەی و جامی جەم و بەختی زوحاکی

**شیعرێ کــە لە بۆ مەدحە نەتیجەی هــەیە لیللا**

**خێرێ کە لە بۆ هـــەجووی تـەماع بێ نییە کەللا**

**(موخلیس) لە (ڕەزا) رازییە ئەی جەمعی ئەخیللا**(١٠١)

**بەم حـــاڵە پەرێشانەوە باز ئەشـــهەد و بیللا**

**شیعرت تەرەب ئەنگێزە (ڕەزا) شاعیری چــاکی**

٣

«موخلیس» هەر لە خۆشەویستیی شێخاندا خۆشی دێڕێکی لە شیعرەکەی شێخ ڕەزا زیاد کردووە و نووسیوویە:

**هەرکەس لە حەقی مورشیدی موخلیس هەیە بوغزی**

**لایەق بە سەگی دۆزەخە ئەو پیسە کەلاکی**

(*) سەرەتا پلانی ئەم باسە وا دانرابوو کە وتارێك بێت باس لە مەبەسەکانی شیعری شێخ ڕەزا بکات و «هەجوو»ی لێ دەرچێت لەهەموویان بدوێت و وتارەکە ناو بنرێت «شێخ ڕەزا دوور لە شەڕە جوێن». کە بەپێی پەیڕەوی لێکۆڵینەوە بەو سەرچاوانەدا چوومەوە، کە باسی شێخ ڕەزایان کردووەو لایان وەستام، هەر پیشاندان و موناقەشەی ئەو سەرچاوانە بوون بەم باسە کە لە گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیاتدا بە سەربەخۆیی پێشکەش کراوە و لێرەدا بووە بە بەشی یەکەمی ئەم کتێبە . «شێخ ڕەزا دوور لە شەڕە جوێن»ەکەش بوو بە بەشی دووهەمی ئەم کتێبە.

**پەراوێزەکان:**

(١) زۆربەی ئەوانەی لەسەر شێخ ڕەزایان نووسیوە، یا لە خۆیانەوە، یا لەسەر بناغەیەك، بەڵام بێ ڕوونکردنەوەی هۆی ئەو ئەنجامە،ساڵی لە دایك بوون و مردنیان بۆ شێخ ڕەزا داناوە. لە هەندێك شوێنیشدا بێ گەیشتنە ئەنجامێکی ڕاست درێژەیەکی زۆر دراوە بە باسەکە.

لێرەدا باس لە ساڵی لە دایکبوون و مردن و خەتی ڕاست و ناڕاست بەسەر شتەکانی ڕابردوودا هێنان هەر دەبووە دووبارە کردنەوەی مەبەسێك کە لە جەوهەری سەرناو و باسەکەی ئێستامان دوور بخاتەوە. ساڵی مردنی شاعیر بڕراوەتەوە و ڕاستی ئەو بڕینەوەیە گومانی تێدا نەماوە (بڕوانە: محمد مصطفى حمةبور ، تصحيح الخطأ في تاريخ وفاة الشاعر الكوردي الشيخ رضا الطالباني. جريدة العراق. العدد ٦٣٣ في ٢٧-٣-١٩٧٨) بۆ ساڵی لەدایکبوونیشی هێشتا گومان لە ڕاستییەکەیدا هەیە. لامان وایە ئەو ژمارەیەی سەرەوە لە ڕاستییەوە نزیکە و جیاوازیشی هەبێت هەرساڵێك، دووان جیاوازە. لەبەرئەوە ئەودوو ژمارەیەمان لە کەوانی ژیانی رشێخ ڕەزادا دانا.

(٢) بۆ یادگار تۆمارکردن دەنووسرێت، کە لە پاش ساڵی حەفتا لە کۆبوونەوەیەکی نووسەرانی سلێمانیدا، نووسەری ناسراو شاکیر فەتتاح هێرشێکی زۆری بردەسەر شێخ ڕەزا و لای وابوو دیوانی ئەو نابێت لەهیچ کتێبخانەیەکی گشتی و شەخسیدا بمێنێت.

(٣) شعیری شەڕەجوێنی شێخ ڕەزا دووا پلەی شیعری (سەتیر، گاڵتەپێکردن، ساخر)یەتی.

(٤) لە پاڵ شێخ ڕەزاشدا گەلێك شاعیری تر هەبووە کە ململانێیان لەگەڵ ئەو کردووە وەك شوکری فەزلی، پێش ئەویش هەر لە دیوانی حاجی قادرەوە دەردەکەوێت کە هاوەڵەکانی ئەویش لەو بابەتە شیعرەیان هەبووە، بەڵام بەداخەوە ئەو بابەتە شیعرە کەمی ماوەتەوە. ئەگەر بەرهەمی شێخ ڕەزا و هەموو ئەو شاعیرانە کۆب کرایەوە ئەوا ئێمەش کۆمەڵێك بەرهەمی ئەوتۆمان لەبەر دەستدا دەبوو لە وێنەی ئەوەی عەرەب (ئەلنەقایز-النقائض)ی پێ دەڵێن و جەریرو فەرەزدەقی دوو شاعیری دەوری ئەمەوی کۆڵەکەی گەورەی بوون و کۆمەڵێك شاعییری تر چوونەتە کۆڕییەوە. جا هەندێك داویانەتە پاڵ جەریرو هەندێك چوونەتە پاڵ فەرەزدەق.

(٥) لە کۆڕی تایبەتیی شاعیران و ئەدەب دۆستانی ئێستاشدا گەلێك شیعری لەو بابەتە دەخوێندرێتەوە، ئەگەر بڵاوبکرانایەوە جۆرە شێخ ڕەزا و شوکری فەزلییەکی ئەم سەردەمە پەیدا دەبوون. لەم بابەتەدا دەڵێن مەلا مەسعوود بێ بەش گەلێك شیعری هەیە و شیعری شەڕەجوێنی محەمەد سدیق مەحموود و شێرکۆ بێکەس بابەتی تازەی ئەم مەیدانەن و

دیمەنی کۆمەڵایەتی و مێژوویی‌شیان هەیە.

(٦) وشەی «شیعری شەڕەجوێن» پڕ بە پڕی ئەو مەبەسەیە، ئەمە شەڕە شیعری پێ ناوترێت.(شەڕە شیعر ئەوەیە کەسێك شیعرێك ئەخوێنێتەوە، دوا تیپی شیعرەکە چی بێ، ئەو کەسەکەی تر شیعرێك ئەخوێنێتەوە تیپی یەکەمی ئەوە بێ شیعرەکەی ئەوی پێشووی پێ دوایی هاتووە. دەس پێکردنی شەڕە شیعر بەم جۆرەیە: یەکێك ئەڵێ: بێ وە نەستەعین «بە نستعین» ئەوی تر ئەڵێ نەستەعین بە فڵانە تیپ. با بڵێین(ح). ئەویکەش شیعرێکی وەك ئەم شیعرە ئەڵێ:

**حەتەم سزایی لە دۆزەخ نییە، بە عەکسی ئەو**

**بەهەشتە جێم و ئەسووتێم لە دووری ئەو لەیلە**

دوای تیپی ئەم شیعرە (هـ) یە. لە بەر ئەوە ئەوی تر بە شیعرێکی وەك ئەم شیعرەی بنەوە وەرامی ئەداتەوە:

**هاتە گوێم دەنگێ بەزاری و شیوەن و ئەفغانەوە**

**وا بزانم شیوەنە کەوتۆتە کوردستانەوە**

بەم جۆرە تا یەکێکیان لە شیعر خوێندنەوە ئەکەوێ و بۆڕ ئەخوا) [بڕوانە: مەلا مستەفا سەفوەتی حاجی مەلا ڕەسووڵ، گوڵستان – شاکاری سەعدیی شیرازی، پێشەکیی وەرگێڕ. ل٤].

(٧) تا ئێستا هەموو شیعر و بەڵگەی بەرهەمی شێخ ڕەزا کۆنەکراوەتەوە. زۆری لە کیس چووە و ڕەنگە زۆریشی بدۆزرێتەوە. چ بۆ شێخ ڕەزا و چ بۆ زۆر لە شاعیرانی ترمان ئەستەمووڵ باش نەپشکێنراوە، لە نیشتمانیش کەمتەرخەمییەکی زۆر کراوە. لە دکتۆر موکەڕەم تاڵەبانیم بیست کە لە سەر هەر چوار دیواری ژوورەکەی شێخ ڕەزا لە تەکیەی تاڵەبانیی کەرکووك شیعری زۆر بەخەتی شێخ ڕەزا و بە قەڵەمی ڕەش نووسرابۆوە. هەر وا مابۆوە، کەس نەینووسیەوە تا تەکیە تازە کرایەوە، ئەم ژوورەش بەسەر شیعرەکاندا گەچکاری کرا.

گەلێك کەسی تر هەبوون زۆر شتیان دەربارەی شیعر و ژیان و قسەی خۆشی شێخ ڕەزا دەزانی وەك شێخ حەبیبی تاڵەبانی وحەمید ئەفەندیی حاجی فەتتاح و ئەحمەدی سۆفی لە بەرتەکیە، لەوە دەچێت ئەوەی ئەوانیش دەیانزانی چووبێتە ژێر خاکەوە. ساڵی١٩٧٣سەرپەرشتکەری لاپەڕەی ئەدەبیاتی کوردی بووم لە ڕۆژنامەی «التآخی»دا وتارێکی عەلی ڕەفیقی خادیمولسوجادە دەربارەی موناسەبەتی زۆر لە تاکە شیعرەکانی شێخ ڕەزا هاتبوو، ئامادەم کرد بۆ چاپ، بەڵام پێش چاپکردن ئەو سەرپەرشتییە لە من

سەندرايەوە، ئەم وتارە بە نرخەم لەگەڵ هەموو كەرەسە چاپ نەكراوەكاندا دايە دەست سەرپەرشتكەری تازە، ئيتر ون بوو و بڵاونەكرايەوە.

(٨) امين فيضی. انجمن اديبان كورد. استمبول ١٣٣٩

(٩) نووسينەكەی ئەمين فەيزی بە ئيملای تازە نووسرايەوە و ديارە دەستكاری زمانەكەی نەكراوە.

(١٠) ئەمين فەيزی. ئەو سەرچاوەيە. ل٦.

(١١) ديارە ئەو هۆنراوانەی شێخ ڕەزا بۆ ئەمين فەيزی ناردووە زۆر لەوانە زياترن كە لە ئەنجوومەنی ئەديباندايەو هەر ئەوانەشن لە دوو چاپی ديوانی شێخ ڕەزادا تۆمار كراون. كەواتە زۆر لەو هۆنراوانە و نامەكانيشی بە ئەدەبياتی ونبووی كورد دادەنرێن.

ئاگاداری: چاپی سێيەمی ديوانی شێخ ڕەزا (مەهاباد، سەييديان، هەر چاپكردنەوەی بە ئۆفسێتی چاپی دووەمە ،لەبەر ئەوە لە ڕووی ناوەڕۆكەوە هەر بە دوو چاپ دادەنرێت).

(١٢) ئەمين فەيزی .ئەو سەرچاوەيە، ل٧.

(١٣) وەك لەمەودوا دەبينين، شيعری سەتير لای شێخ ڕەزا دەكەين بە دوو بەشەوە. يەكەميان سەتير يا گاڵتەيەك كە كورد وتەنی ڕووی مەجليسی هەيە، دووەميان: ئەوەيە كە بە شەڕە جنێوی دادەنێين.

(14) C.J. Edmonds, A Kurdish Lampoonist: Shaikh Riza Talabani,- Journal of The Royal Central Asian Society, Vol.XXII, January,1953

شايانی باسە كە زانای بە ديمەن تۆفيق وەهبی ئەو وتارەی كردووە بە كوردی (بڕوانە: دەنگی گێتيی تازە. بەرگ-١ ، ژمارە-٢ . تەشرينی دووەم ١٩٤٣ ).

(١٥) ئيستيلاحێكی ئەدەبياتی فارسييە بۆ توانای دەربڕين، يا بڵێين (قوة التعبير)ی عەرەبی بەكاردێت.

(١٦) دەنگی گێتيی تازە. ل١٣.

(١٧) ئەو سەرچاوەيە. ل١٣،١٤.

(18) C.J. Edmonds, Kurds, Turks, and Arads, London 1957.

ئەم كتێبە لەلايەن جەرجيس فەتحوڵڵاوە كراوە بە عەرەبی. بڕوانە: سی. جی . ادموندز. كرد و ترك و عرب. ترجمة جرجيس فتح الله. بغداد ١٩٧١.

(١٩) لەمەودوا بە درێژی باس لە پێوەنديی گيانی شێخ ڕەزا و حوكمڕەوايی بابان دەكەين.

(٢٠) لێرەدا ئەدمۆنس بەم جۆرە ساڵی لەدايكبوون و مردنی شێخ ڕەزای تۆماركردووە، كەچی

لەشوێنێکی تری ئەم کتێبەدا ئەمەی ڕاست کردۆتەوە.
(٢١) ئەدمۆنس ئەو سەرچاوەیە. ل٥٨.
(٢٢) ئەو سەرچاوەیە. ل٥٩، ٦٠.
(٢٣) ئەو سەرچاوەیە. ل٢٦٢.
(٢٤) نووسینەکە خراوەتە سەر ئیملای تازە و خاڵبەندیی بۆ کراوە.
(٢٥) ژیان .ژمارە ٤٤٠ ، ساڵی ١٠، سلێمانی.، ٤ی مایسی١٩٣٥.
(٢٦) لەبەر ئەوەی ژمارەکانی ژیان بە دەگمەن دەست دەکەون، وا باشە هەموو نووسینەکەی پیرەمێرد بە ئیملای تازە تۆمار بکەینەوە.
(٢٧) ژیان .ژمارە، ٤٤١. ساڵی١٠. سلێمانی،١١مایسی١٩٣٥.
(٢٨) ئەگەر باسەکەمان باسی پیرەمێرد بووایە بەڵگەی تەواوی ئەم بڕیارەمان دەخستە ڕوو.
(٢٩) ابن الامين محمود كمال: صوك عصر تورك شاعرلرى،١٩٣٠-١٩٤٢ استانبول. ص١٤٧٧-١٤٨٢.
(٣٠) سەرچاوەکان بە پێی ساڵی دەرچوونیان باس کراون، تەنیا بۆ ئەم سەرچاوەیە ئەو پێڕستە تێکدرا، بۆ ئەوەی سەرچاوە تورکییەکان بەسەر یەکەوە باس بکرێن.
(٣١) اوقات عطا ترزى باشى. كركوك شاعرلرى. ايكنجى جلد. كركوك، ١٩٦٨.
(٣٢) لەمەشدا پشتی بە دێڕێکی تورکیی شێخ ڕەزا خۆی بەستووە کە وتوویەتی:

**أيستەسە ايلر ستايش ايستەسە ايلر هجا**

**لا أباليدر رضانك مشرب رندانەسى**

(ئەو سەرچاوەیە، ل١٢٧)

واتە [ ئەگەر ستایشت دەوێت هەیە و ئەگەر هەجووت دەوێت هەیە، بێباکە ڕەزا مەشرەبی ڕەندانەیە].
(٣٣) ئەو سەرچاوەیە، ل١٣٠.
(٣٤) تەرزی باشی، پشتی بەکۆمەڵێك سەرچاوەی تری تورکی بەستووە. بە پێی دەستکەوتنی ئەو سەرچاوانە هەوڵی سوود لێ بینین و پێشاندانیان دەدەین.
(٣٥) عەلائەدین سەجادی. مێژووی ئەدەبی کوردی. بەغدا، ١٩٥٢.
(٣٦) ئەو سەرچاوەیە. ل٣٤٦.
(٣٧) ئەو سەرچاوەیە. ل٣٤٥.
(٣٨) عەلادین سەجادی هەوڵی ئەوەی داوە کە هۆیەك بۆ بوونە شاعیری هەر شاعیرە بدۆزێتەوە، یا سەرچاوە بۆ ئیلهامی شیعری دەستنیشان بکات. ئەمە تەواو لەسەر ئەو

ڕێبازەی ئیفلاتوونە کە قوتابخانە ئایدیالیستەکانی شیعر تا ئێستا لەسەری دەڕۆن.

(٣٩) سەجادی. ئەو سەرچاوەیە. ل٣٤٤.

(٤٠) ئەو سەرچاوەیە. ل٣٤١.

(٤١) ئەو سەرچاوەیە. ل٣٥٥، ٣٥٦.

(٤٢) ئەو سەرچاوەیە. ل٣٥٣–٣٥٥.

(٤٣) ئەو سەرچاوەیە. ل٣٤٥.

(٤٤) نووسەر بە عەبدورەزاق بیمار ناسراوە.

(٤٥) گۆڤاری هیوا. ژمارە ٣٠ ساڵی ٤. بەغدا تشرینی یەکەمی ١٩٦٠، گۆڤاری هیوا. ژمارە ٣١ ساڵی ٤. بەغدا کانوونی دووەمی ١٩٦١.

(٤٦) لە کۆتایی زنجیرەی دووەمدا دەڵێت: هیوادارم لە بەشی سێیەمی وتارەکەمدا باسی لێوە بکەم. بەڵام بەشی سێیەم بڵاونەکراوەتەوە و نووسەر خۆی لە ژمارەی داهاتووی گۆڤارەکەدا چۆتە سەر باسێکی تر.

تێبینی: نووسەر لەم ڕۆژانەدا ئاگاداری کردم کە نووسینێکی تازەی لەسەر شێخ ڕەزا هەیە.

(٤٧) هیوا. ژمارە، ٣٠ساڵی ٤. تشرینی یەکەمی ١٩٦٠. ل٦٨.

(٤٨) ئەو سەرچاوەیە. ل٧٣.

(٤٩) ئەو سەرچاوەیە.

(٥٠) ئەو سەرچاوەیە. ل٧٢.

(٥١) (مارف خەزنەدار. کورتەی مێژووی ئەدەبیاتی هاوچەرخی کوردی. مۆسکۆ، ١٩٦٧) (بە زمانی ڕووسی).

(٥٢) ساڵی ١٨٤٢ بە ساڵی لەدایك بوون و ١٩١٠ بە ساڵی مردنی دادەنێت.

(٥٣) ئەو سەرچاوەیە. ل٨٢.

(٥٤) ئەو سەرچاوەیە. ل٨٤.

(٥٥) ئەو سەرچاوەیە. ل٨٧.

(٥٦) ئەو سەرچاوەیە.

(٥٧) ئەو سەرچاوەیە.

(٥٨) باسەکە بەردەوامیی باسی شانازییە لە شیعری سالمدا.

(٥٩) الدکتور عزالدین مصطفی رسول. الواقعیة فی الادب الکردي. بیروت، ١٩٦٦.ص٨٠.

(٦٠) ئەو سەرچاوەیە. ل٨١.

(٦١) دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی. بەغدا، ١٩٤٦. ل٤٣.

(٦٢) الواقعیة فی الادب الكردي. ص٨٠.

(٦٣) بڕوانە: سێ ژمارەکەی بڵاوکراوەی «دەفتەری کوردەواری» بەرگی یەکەم. بەغدا. کانوونی دووەم ١٩٧٠. ل١٢-١٧

بەرگی دووەم. بەغدا. مارت-نیسانی١٩٧٠. ل٨٣-٨٦

بەرگی سێیەم. بەغدا. مایس-ئاغستۆسی١٩٧٠. ل ١١١-١١٥

(٦٤) بڕوانە: بەرگی یەکەم. ل١٥.

(٦٥) محەمەد ڕەسوول هاوار. پیرەمێردی نەمر. بەغدا،١٩٧٠.

(٦٦) بڕوانە: پەراوێزی ژمارە ٢٥.

(٦٧) بڕوانە: دەفتەری کوردەواری. بەرگی یەکەم. ل١٧.

(٦٨) یوسف عەتا لە ١٢٨٥هـ (١٨٦٩/١٨٧٠)ی میلادیدا لە دایك بووە لە ١٣٧١هـ (١٩٥١م)دا مردووە و کاتی ژیانی شیخ ڕەزاش موفتی نەبووە.

(٦٩) بڕوانە: دەفتەری کوردەواری . بەرگی دووەم. ل٣-٨٥.

(٧٠) بڕوانە: دەفتەری کوردەواری. بەرگی سێیەم. ل١١٣.

(٧١) ئەم حیکایەتەم بەم جۆرەی دواییيان، لە دۆستم شێخ عەتای شێخ جەمالی تاڵەبانی بیستووە.

(٧٢) بڕوانە: دەفتەری کوردەواری ح. بەرگی یەکەم. بەغدا،١٩٧٠.

(٧٣) سێ بەرگی ئەم کتێبەم ناوی نراوە «حاجی قادری کۆیی» بەڵام لەو ١٢٠٠ لاپەڕەیەی سێ بەرگەکەدا، ئەم لاپەڕەو دێڕ بە وردی بژمێرین، هەر سەد لاپەڕەیەکی باسی حاجی قادرەو ئەویتر باسی گەلێك شتی دوور لەوی تێدا کراوە. ئەمەش بە پێی پەیڕەوی لێکۆڵینەوەی زانستیی تازە، لە نرخی کتێبەکە کەم دەکاتەوە.

(٧٤) مەسعوود محەمەد. حاجی قادری کۆیی.

بەرگی یەکەم . بەغدا ١٩٧٣.

بەرگی دووەم. بەغدا ١٩٧٥.

بەرگی سێیەم. بەغدا ١٩٧٦.

(٧٥) نووسینەکانی مەسعوود محەمەد خۆیم تەنیا لە ڕووی ئیملاوە دەستکاری کردووە. چونکە ئەو چەشنە ئیملایەی ئەو پێی نووسیووە، تەنیا لە چاپخانەکەی مەجمەعی عیلمیی کوردیدا هەیە و لە چاپخانەی تردا دەست ناکەون. ئەمە بێجگە لەوەی کە زۆربەی نووسەران ئەو ئیملایەی مەجمەعیان لا پەسند نەبوو. تەنانەت ئەنجومەنی

مەجمەع خۆی لە دوا کۆبوونەوەیدا (پاش لادرانی مەسعوود محەمەد لە ئەندامیی مەجمەع) بڕیاری دا بوو کە لەو ئیملایە لابدەن و بگەڕێنەوە سەر ئەو ئیملایەی نووسەران پێی دەنووسن و لە چاپخانەکاندا هەن.

(٧٦) حاجی قادری کۆیی. بەرگی یەکەم. ل٢٩٨، ٢٩٩.

(٧٧) حاجی قادری کۆیی. بەرگی دووەم. ل٢٧٤، ٢٧٥.

(٧٨) لە باسی شێخ ڕەزا و شیعری دڵداریدا موناقەشەی ئەم ڕایە دەکەین.

(٧٩) حاجی قادری کۆیی. بەرگی یەکەم. ل ٤١.

(٨٠) نووسەر لێرەدا دەکەوێتە تاقەوە بوون (ئەبستراکت، تەجرید)ێکی گەورەوە. خۆی و مەسەلەکە لە شوێن و کات (زەمان و مەکان) جیا دەکاتەوە. ئەوەی لە بیر نییە کە ئەو دێڕە بە سۆزەی حەمدی بۆ شێخ مەحموودێك وتراوە کە ڕابەر و جێی هیوای کورد بووە. دەسەڵاتی ئیمپریالیزمی ئینگلیزی بەرەو هیندستانی دوور خستۆتەوە و خەڵکەکە (لەودا) چاوەڕێی هەڵهاتنەوەی ئەستێرەی هیوا بوون .

سۆزی ئەو دێڕەی حەمدی ئەوەندە بەتین بوو کە زۆر پاش بڕانەوە و پاش مەرگی شێخیش لە شیعری کوردیدا دەنگی داوەتەوە:

**بەرانان دەخیل دراوسێی دڵسۆز**

**ئێستە ئەو بەرت کێی لا میوانە ...؟**

**هەواڵێ پرسی لە داریکەلی**

**شێخ لەوێ ماوە یا لە سەیوانە...؟؟**

[دیلان. بەغدا، ١٩٦٩. ل٨١ ]

نووسەر هەقی تەواوی هەیە، کە سۆز و هەستی خۆی بەرامبەر بە باوکی دەربڕێت. بەڵام لەم جێگەیەدا و لەم بابەتە بەراوردەدا شتێکی تر دەگەیەنێت، کە بەلای خۆیەوە نەبێت لای کەسی تر ناگونجێت.

(٨١) حاجی قادری کۆیی. بەرگی یەکەمی. ل٤١.

(٨٢) بڕوانە: دەفتەری کوردەواری. ب٢. ل٣١–٣٣.

(٨٣) ..................................

تێبینی: نووسەر شێخ ڕەزای خستۆتە ئەو فەلەکەوە و گەلێك چیرۆکی نرخداری گێڕاوەتەوە. بەڵام لە شوێنێکدا نەبێت ئەویش بە مەبەسی گەورەکردن و «حاجی عەبدوڵڵا» کردن بە «حاجی کاکەوڵا». هیچ خۆی لەو دوو دێڕەی شێخ ڕەزا نەداوە کە وتوویەتی:

**حاجی عەبدوڵڵا لە ئادەم فیلترە**

**با وجوودی مەرتەبەی پێغەمبەری**

**ئەم بەسەد شەیتان لە کۆیە دەرنەچوو**

**ئەو بە شەیتانێك لە جەننەت دەرپەڕی**

[بڕوانە: دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی. بەغدا، ١٩٤٦]

مەسعوود محەمەد لە هەموو کەس باشتر دەتوانێت هۆ و چیرۆکی ئەم دوو دێڕە تۆمار بکات. دوو دێڕەکە لە باریدا هەیە بە ستایش یا بە هەجوو لێك بدرێتەوە. بۆ هەموو ئەو کەسانەش کە شێخ ڕەزا هەجووی باو و باپیریانی کردووە، تازە قسەی شێخ ڕەزا وەك قوڕی زستان وایە. دەبوو نووسەریش هەر وای تەماشا بکات.

(٨٤) «نە مەحکوومی » بیستراوە و لە دیوانەکەشدا هەر وایە. بڕوانە دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی. بەغدا، ١٩٤٦. ل٣٤.

(٨٥) دیسان تاقەوە بوونێکی ئاشکرا لێرەدا دیارە، نووسەر تەنیا چەند شاعیرێکی هاوچەرخی حاجی دەکات بەنموونە، بە شیعری کوردیی پێش حاجی و پاش حاجیدا ناگەڕێت، تا دەیان نموونەی سۆزی نیشتمان پەروەری و لە چوارچێوەی شار و ناوچەی خۆ چوونە دەرەوە ببینێت. خانی خەڵکی جزیرە نییە، بەڵام نەمریی دا بە ڕۆژانی گەشاوەیی جزیرە. لە شیعری سەدەی بیستەمیشدا نموونە لە ژماردن نایەت: هەموو ئەو شیعرانەی زێوەر و پیرەمێرد و حەمدی کە بۆ کوردی ژووروو وتراون، وێنەی مەهاباد لە بەرهەمی دەیان شاعیردا، زۆر دێڕی ڕەنگینی قەدری جان و جگەرخوێن، «خانەقین»ی زێوەر...هتد.

(٨٦) بڕوانە «حاجی قادری کۆیی» بەرگی سێیەم. ل٢٠٧.

(٨٧) لە لاپەڕەی دوای ئەوەدا نووسەر بێ ناو هێنان ئیشارەتی چاوپێکەوتنێکی نووسەری ئەم وتارە دەکات لەگەڵ نوێنەری گۆڤارێکی لوبنانیدا (بڕوانە: بیروت المساء. بیروت آب ١٩٧٤) کە گوایە لەوێدا هەر ناوی نالی و گۆران هاتووە و ناوی حاجی قادر نەهاتووە. ئەمەش دەکات بە بەڵگەی ناوچە پەرستیی (ڕۆشنبیری سەردەمی ئاتۆم و ئاسمان گەردی) (حاجی قادری کۆیی. ب٣. ل٢٠٨) بەڵام مەسعوود محەمەد خۆی لەوە گێل کردووە، کە باسەکە لە بابە تایەری هەمەدانییەوە دەستی پێکردووە و زۆر باسی خانی کراوە و باسی (نالی و گۆران) لە باسی زمانی ئەدەبیی سەردەمدا هاتووە، کە ئەوانن دوو کۆڵەکەی گەورەی، نە نالی و نە گۆرانیش هیچیان خەڵکی شاری سلێمانی نین. خۆی لەوەش لاداوە کە نووسەر لەباسی شیعری ئەم سەردەمەدا سێ شاعیری کردووە بە نموونە کە تەنیا یەکێکیان خەڵکی سلێمانییە . بەڵام هەر لەو دەورەی ئەتۆم و ئاسمان گەڕییەدا

نووسەر خۆی هەر کۆیە و بنەماڵەکەی خۆی دەبیتێت ، کە شوێن و جێگە و خزمەتیان دەچێتە ڕیزی دەیان ئەگەر سەدان بنەماڵەی چەند پشت مەلای تری کوردستانەوە نەبێت. وەك : بنەماڵەی زەهاوی و قزڵجی (تورجانی زادە)و شێخی قەرەداخ و تەکیەی چاوماری سلێمانی و قازیانی سابلاخ و چروستانی و مەلای ڕۆژبەیانی و شێخی بێژوێ...هتد. تەنانەت نووسەر خۆی، یەکێك لە دیارترین و گەورەترین بنەماڵەی ئەم زنجیرەیە کە بنەماڵەی حەیدەرییە و ئێستای تێکۆشان و فیداکاریان بەردەوامیی چەند سەد ساڵەی کۆششی زانستیانە، زۆر بچووك دەکاتەوە و دەنووسێت: پیاوی وەك «ئیبراهیم حەیدەری» هەبووە کە مەلایەکی هەولێری بووەو بۆتە (شیخو لئیسلام)یش (بڕوانە: حاجی قادری کۆیی. ب٣، ل١٩٨). تەنانەت لە شوێنێکدا بۆ مەبەسێکی تر بە ناچاری بەڵام زۆر بەساردی باسی مەلایەتیی شێخ ئیبراهیمی حەیدەری کردووە. (ب٢. ل٢٩٦) بەڵام خۆی لە باسی نیشتیمانپەروەریی ئەو نەداوە. ئەگەر نووسەر لێرەش باسی ئەوەی نەبیستبێت، ئەوا وەك نووسەری ئەم وتارە، کۆچ کردووان مەمدووح سەلیم و قەدری جەمیل پاشا و ئەکرەمی جەمیل پاشای دیوە، دەبێت ئەو یادگارانەی ئەوان دەربارەی شێخ ئیبراهیمی حەیدەری و پشتگری کردنی لە کۆمەڵەی هێڤی و ڕێکخراوەی قوتابیانی ئەستەمووڵ و خەلیل خەیاڵی بۆ نووسەری ئەم وتارەیان گێڕاوەتەوە، بۆ ئەویشیان گێڕابێتەوە. ئەمە وای لە نووسەر کردووە با لە پەراوێزیشدا بێت ناوی مەلایەکی ناوداری سلێمانی نەبات، وەك ئەوەی دێڕێکی حاجی مەلا ڕەسووڵی دێلێژە لای ئەو کراوە بە شیعری حاجی قادر. کە ئەو دێڕە لە هیچ شوێنێکدا نەدراوەتە پاڵ حاجی قادر و لە زۆر بەڵگەی لای نووسەری ئەم وتارەدا بە شیعری حاجی مەلا ڕەسووڵ زانراوە.

(بڕوانە. گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد. بەرگی١، بەشی یەکەم، بەغدا، ١٩٧٣ ل٣١٩. هەروەها: حاجی قادری کۆیی. بەشی یەکەم. ل١٢٣).

شایانی باسە کە دێڕەکەش بەم جۆرەیە:

**بۆ ئەم سەفەرە ئەسپی بەزینت پێیە**

**من ناگەمە تۆ ئەسپی بەزینم پێیە**

نەك وەك ئەوەی مەسعوود محەمەد نووسیوییە:

**تۆ خۆش دەبەزی ئەسپی بەزینت پێیە**

**من ناگەمە تۆ ئەسپی بەزینم پێیە.**

(٨٨) لە وتاری دووەمدا و لە باسی نیشتمانپەروەریی شێخ ڕەزادا بە فراوانی دێینە سەر ئەم باسە.

(٨٩) حاجی قادری کۆیی. بەشی سێیەم. ل١٤٢، ١٤٣.

(٩٠) دیوانی حاجی قادری کۆیی. چاپی سێیەمین. هەولێر، ١٩٦٩ ل١١٨.

(٩١) لە دیوانی دەستنووسی حاجی مەلا ڕەسووڵی دێلێژە (موخلیس)ەوە (١٨٣٥–١٩٢٧) وەرگێڕاوە. (تێبینی : دوو حەزرەت، کاك ئەحمەد و شێخ حسێنی قازیی دامەزرێنەری پەخشانی کوردین).

(٩٢) هجری دده. تحفەء سلیمانی. بەغدا، ل١٥–١٩.

(٩٣) لە کۆتایی ئەم باسکردنەی نووسینەکانی مەسعوود محەمەد و شێخ ڕەزادا دەبێت ئەوە دەستنیشان بکرێت کە ئەگەر ئەم لێکدانەوەیە، لە ڕووی پەیڕەوی زانستیی نووسینەوە هەندێك لادانی لە باسەکە خۆی، واتە باسی شێخ ڕەزا تێدا بێت، ئەوە ناچارییە و لای نووسەری ئەم وتارە دیارە. هۆکەش ئاشکرا لەوەدایە کە پەیڕەوی نووسینی مەسعوود محەمەد خۆی لە میتۆدی نووسینی تازە دوورە. لە چەند دێڕێکدا کورد وتەنی: لە هەزار ئاش دەکات. بۆ کەسێك لە نووسینەکانی ئەویش بدوێت یا ناچاری ئەو لادانە دەبێت، یا دەبێت خۆی لە باسی ئەو بە دوور بگرێت.

(٩٤) بڕوانە: یادی پیرەمێرد. بەغدا، ١٩٥٠.

(٩٥) ڕۆژنامەی «کرکوك». کرکوك، ١٩٣٠/١١/٢٨.

(٩٦) ئەو سەرچاوەیە.

(٩٧) هجری دده. تحفەء سلیمانی. بغداد، ١٩٣٥. ص٢٥.

(٩٨) لێرەدا شاعیر لە دوو وشەی «تاڵەبان»و «ڕەزا» دوو تەوریەی دروست کردووە. «تاڵەبان» ناوی عەشیرەتەکەی شێخ ڕەزایەو هەم بە (طالبانی حەق). واتە حە ق خوازن دەخوێنرێتەوە. دیارە وشەی (ڕەزا)ش لێرەدا ناوی شێخ ڕەزایە و (ڕەزابوون)یشە.

(٩٩) زرووفی چاپەمەنی و بڵاوکردنەوەی کوردی وا دەکات نووسەران، هەر دەرفەتیان دەست کەوت، ئەوەی لەبەردەستیاندایە بڵاوی بکەنەوە.

سامانی سەر بە شێخ ڕەزا زۆرە، نەك دەرفەتی تر نەبێت، وا لە پاشکۆی ئەم وتارەدا دوو شتی بچووك دەخەینە سەر ئەو سامانە.

(١٠٠) ئەم دیڕە و ئەم چیرۆکەم لە نووسەر مستەفا هۆشەنگ «حەمەبۆر» بیستووە.

(١٠١) لێرەدا دەتوانین «ئەخیللا»، بە ئیملای کۆن بە دوو جۆر بنووسین «أخ الله»و «أخلاء»و هەر یەکەشیان مانای خۆی هەیە، واتا: برای خوایی یا دینی، یاخود: دۆستان.

«تێبینی: زۆر سوپاسی دوکتۆر مارف خەزنەدار دەکەم کە سەرچاوە تورکییەکانی خستە بەردەستم و لەم ڕووەشەوە بۆ هەندێك سەرچاوەی کوردی سوپاسی کاك عەبدورەزاق بیمار دەکەم».

# شێخ ڕەزا دوور لە شەڕە جوێن

# سەرەتا

وەك لە سەرەتای بەشی یەکەمدا نووسرا، مەبەسی ئەو باسە ئەوە بوو کە دوور لەو مەیدانی شەڕەجووێنەی شێخ ڕەزای پێ ناسراوەو پێی بووە بە گەورەترین شاعیری هـەجووی کوردی، لە بەرهەمی شێخ ڕەزا بدوێین و شاعیری و ئەفراندنی[1] بخەینەڕوو و ئەو ئەنجامە دەرخەین کە مەبەسە، ئەویش ئەوەیە کە شێخ ڕەزا شاعیرێکی گەورەی مەیدانەکانی تری شیعری کلاسیکیی کوردییە و ئەگەر هەجووەکانیشی نەبووایە، بە بەرهەمەکانی تری هەر دەبوو بە شاعیرێکی ناوداری بەدیمەن.

بنکەی ئەم باسە ڕیزە وتارێك بوو کە لە ئێستگەی کوردیی بەغداوە خوێندرابۆوە. بەڵام کە بەپێی مێتۆدی لێکۆڵینەوەی زانستی و بۆ خەستکردنەوەی باسەکە چووینەوە سەر ئەو سەرچاوانەی باسی شێخ ڕەزایان کردووە، لێکۆڵینەوەی سەرچاوەکان لەخۆیدا بوو بە باسێکی سەربەخۆ و لەگەڵ ئەم باسەدا کە خۆی مەبەس بوو، لە چوارچێوەی لێدوانی شێخ ڕەزادا لە بەرگێکدا یەکیان گرتەوە. دەمێکە ئەو بڕیارە بەسەر شێخ ڕەزادا دراوە، کە یەکێکە لە شاعیرە گەورەکانی پێڕەوی کلاسیکیی کرمانجیی خواروو. ئەگەر لەبەر ئەوەش نەبێت کە لێدوانی شاعیرێکی کلاسیکی هەندێك جار پێڕست گرتنی ڕەخنە و مێژووی ئەدەبی کلاسیکی تۆمارکردنی دەوێت، هەر باسەکە خۆی کە تەرخانکردنی خانەیەکی جیایە بۆ باسی هەجووی شێخ ڕەزا و لێ نەدوانی ئەو خانەیەیە، وامان لێ دەکات کە مەبەسەکانی شیعری لە بەرهەمی شێخ ڕەزادا جیا بکەینەوە و یەکە یەکە لێیان بدوێین و ئەوسا بگەینە ئەنجام.

هەر لەبەر ئەمە باسەکەمان کرد بە چەند سەرناوێك، هەرسەر ناوێ نیشانەی مەبەسێکی شیعری شێخ ڕەزایە، پیرەوەکە بوو بە لاسایی ڕەخنەی کلاسیکیی ئەدەبیات با لە جەوهەریشدا و لە بۆچوونیشدا وانەبێت.

شێخ ڕەزا لە هەموو مەبەسەکانی ئەوسای شیعردا بەرهەمی هەیە، لە هەندێکدا ڕەسەنی سۆزی مرۆڤانەی شاعیر دیارە و لە هەندێکدا شاعیری کلاسیکییە و

دەبێت مەرجی بوونە شاعیر بەجێ بێنێت. باشتر وایە کە لە توێی باسەکەدا ئەم بڕیارە بسەلمێنرێت.

تێکڕا دەتوانین بە پێی مەبەس شیعری شێخ ڕەزا بەم جۆرە دابەش بکەین.

١- شیعری دڵداری ٢- شین ٣- شانازی ٤- ستایش ٥- بەرەو نیشتمانپەروەری ٦- تەسەوف ٧- شاعیر و ڕژێمی عوسمانی ٨- باری ژیانی خۆی و ژیانی کۆمەڵایەتی.

## شیعری دڵداری

شیعری دڵداری، یەکێکە لە کۆڵەکەکانی ئەدەبیات و شیعر، دەنگی شیعری دڵداریی ڕۆژهەڵاتیش لە ناو هارمۆنیای شیعری مرۆڤایەتیدا ئاوازێکی بڵندە. لەبەر ئەوە شاعیر و دیوان بێ سۆزی دڵداری ناگونجێن، لە ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتدا سێ جۆرە شیعری دڵداری دیارە.

یەکەمیان: دڵداری بۆ لاساییکردنەوە، واتە: شاعیر هەر بۆ ئەوەی دیوانی شیعری لە مەبەسێکی گەورەی شیعر چۆڵ نەبێت، شیعری دڵداریی وتووە.

دووەمیان: شیعری دڵداریی ڕاستەقینەیە، کە ئەمەیان لای شاعیرانی سۆفی بە عەشقی مەجازی دادەنرێت. ئەم چەشنە زۆرتر واقیعییە، با لە ڕووی ڕوخسارەوە، وشەکاریی ناواقعیی بۆ بەکارهاتبێت، دیارە جوانیی دڵدار لەم بەشەدا زۆرتر بەدەوری جوانیی لەشدا دەسووڕێتەوە.

سێیەمیان: ئەوەیە کە سۆفییان عەشقی حەقیقیی پێ دەڵێن.

سەرنەکەوتن لە عەشقی سەر زەمیندا شاعیر بەرەو خەیاڵ و عەشقی ئاسمان دەبات(٢).

شیعری دڵداریی کوردی هەر ئەم بەشکردنە هەڵدەگرێت و لادان لەم سێ چەشنە و بەرگی دابەش کردنی ئەدەبیاتی عەرەبیی بە زۆر بەبەربڕین لە زۆر لەخۆکردن و نەشارەزاییەوە دێت(٣).

شێخ ڕەزاش وەك هەموو شاعیرانی تر، دیوانی شیعری لە شیعری دڵداری بەتاڵ نییە. بۆ لێکدانەوەی ئەم مەبەسەش لە شیعری شێخ ڕەزادا دەبێت یەکەمجار

هەندێك دیڕی بەنرخی تۆمار بکەین و ئەوسا لێی بکۆڵینەوە:

شێخ ڕەزا وتوویەتی:

**ڕۆژێ نەبوو ئەم دولبەرە بێ ڕەحمە وەفاکا**
**جارێ نەبوو ئەم کافرە شەرمێ لە خواکا**
**حەیرانن ئەتیببا لە عیلاجی مەرەزی من**
**لوقمانی ویسالت مەگەر ئەم دەردە دەواکا**
**کارێ کە غەم و دەردی فیراقت بەمنی کرد**
**سەرما بە هەتیو، ببە دەواری شڕی ناکا**
**دێوانەیە شەخسێ کە بە غەیری لەبی لەعلی**
**وەك شاهی سکەندەر، تەڵەبی ئاوی بەقاکا**
**تاب و تەبی ئاتەشکەدەیی هیجری وەکو شەمع**
**نزدیکە منیش، واریدی سەحرایی فەناکا**
**لەم ڕێگەیە، تەقدیری ئەزەل وابوو کە ئێمە**
**پامالی جەفا بین و ڕەقیب سەیر و سەفاکا**
**ڕۆح و دڵ و دین هەرسێ دەکەم بەزل ونیساری**
**کامی دڵی من گەر لە لەبی لەعلی ڕەواکا**
**سەردانی لە ڕێی عەشق (ڕەزا) لازمە عاشق**
**بۆ یار سەرو ماڵی سوپەری تیری قەزاکا(٤)**

لێرەدا ، وەك زۆر مەبەسی تری هۆنراوەی شێخ ڕەزا، دەتوانین بڵێین شاعیر پەیڕەوکەرێکی سەرکەوتووی قوتابخانەی نالییە. بەڵکو ئەو پەیڕەوییە لە هەموو ئەو پارچانەی شێخ ڕەزادا کە بۆ دڵداری تەرخان کراون دیارە. شێخ ڕەزا پەیڕە وکەری نالییە و قوتابیی نالی نییە، چونکە شێخ ڕەزاش شاعیرێکی گەورەیە و ئەوە ناوی قوتابێتی لێ دوور دەخاتەوە، ئەگەر وا نەبێت، بێ سێ و دوو دەتوانین هەموو شاعیرەکانی خواروو (واتە شاعیرە کۆنەکان) لە مەیدانی شیعری دڵداری

و ئەڤیندا بە قوتابیی نالی دابنێین، ئەگەر لەبەر گەورەیی نالیش نەبێت، هەر لەبەر ئەوەش نالی بەو دیالێکتە کە بوو بە زمانی ئەدەبیی ئەم سەردەمەمان یەکەم شاعیری ئەم چەشن و مەبەسەیە. لەو پارچەیەی (شێخ ڕەزا)دا شەقڵی نالی بە هەموو دیمەنەکانی پارچەکەوە دیار بوو.

جاری هەر ئەم چەشنە کێش و قافیەیە بە ئاسانی لە دیوانی نالیدا دەدۆزرێتەوە.

................وەفاکا ................... لە خوداکا

................... دەواکا

هەروەها گەلێك وێنەو وشە داڕشتن (واتە عیبارەت)ی پارچەکە تەواو لە شێوە داڕشتنەکانی نالی دەچێت . بۆ نموونە هەر لێرەدا: ( ئەم دولبەرە، بێ ڕەحمە)، (وەفاکا)، (شەرمێ لە خودا کا)، (حەیرانن ئەتیبا) (لوقمانی ویسالت) (غەمی دەردی فیراقت) (سەراما بە هەتیو، با بە دەواری شڕ) (دێوانەیە، لەبی لەعلی، شاهی سکەندەر، ئاوی بەقا، هیجری وەکو شەمع، واریدی سەحرایی فەنا، تەقدیری ئەزەل، پامالّی جەفا، کامی دلّی من، سوپەری تیری قەزا) دەبینین، کە ئەم چەشنە داڕشتن و وشە لێکدانە، ئەگەر هەر وەك خۆیان، یا بلّێین (کوت و مت) لە دیوانی نالیدا نەبینرێن، ئەوا وێنەی داڕشتنەکە ئەوەیە کە لە شیعری نالیدا هەیە، یا ئەوەیە کە نالی دایمەزراندووە و شاعیرانی تر، یا داڕشتن و لێکدانەوەکەی دووبارە دەکەنەوە، یا لە وێنەی ئەو شتی تازە دادەڕێژن و ئەمەش هەر دەیانکاتەوە بە قوتابی پەیڕەوکەری قوتابخانە ئەدەبییەکەی دەوری بابان، کە نالی و سالم و کوردی سێ شاعیری سەرەتاکەینی و پەیڕە وکراو و دامەزرێنەرن و لە کۆڕی هۆنراوەی دلّداریدا نالی لووتکەی هەموو و پەیڕەوەکەیە، ئەگەر لە ڕووی زمان و هەموو دیمەنی پەیڕەوەکەوە ڕابەر و دامەزرێنەریش نەبێت.

نموونەیەکی تر پارچەی«دەردی حەبیب»ە[٥]، لەویشدا تەواو هەندێك دیمەن و وشە لێکدان و داڕشتی شێوەی نالی و پەیڕەوەکەی نالی دەبینین. هەر بۆ نموونە – شتێکی ئاساییە کە ئەم چەشنە داڕشتنانە لە شیعری پێش شێخ ڕەزادا وەك خۆیان، یا لەو وێنەیە ببینین:

«دەمكوژێ حوكمە، دەردی حەبیب، دەس لە یەقەم (یا- یەخەم) بەردە تەبیب، گەردانی بلوورینت، تالعم نەحسە، ئازاری فیراق، دەوڵەتی وەسڵم نەبێ بە نەسیب، چاوی فەتتانی تۆ، یەك عیشوە، دڵی غەمزەدە، ڕاحەتی جان، بێچارە لە ژێر باری فیراق، تەرەححوم بە غەریب..

ئەم پارچەیەش هەر دیمەنی پەیڕەوە ئەدەبییەکەی نالیی تێدا دیارە، بەڵام دوایییەکەی تەواو بەرەو پیڕەوە گشتییەکەی شێخ ڕەزا خۆی دەڕوات. هەر خامە پڕ لە گاڵتە پێکردن و کاریکاتۆر نەخشاندنەکەی شێخ ڕەزا بزر نابێت. وەك ئەو گیانی گاڵتە و پێکەنین دروستکردن و ناڕەزایی دەربڕینە کۆمێدییە لەناو جەرگەی شیعری ئەڤین و دڵداریشدا نەتوانێ خۆی لە شێخ ڕەزا جیا بکاتەوە، بۆیە وێنەی ڕەقیب دەکات بە وێنەیەکی کاریکاتۆری:

**وەرە دەستێ بخەمە گەردەنی بللوورینت**

**تا وەکو سفرە لەداغا بدڕێ ورگی ڕەقیب**(٦)

ڕاستە لەهەموو هۆنراوەی دڵداری و ئەڤینی پێش شێخ ڕەزادا باسی ڕەقیب کراوە و باسی دەرد و ئازاری دەستی ڕەقیب و دەرد و ئازار نۆشینی ڕەقیب بە دەست وەسڵی یارانەوە خراوەتە سەر کاغەز، بەڵام ڕەنگە، هەر وشەی کەمێك نازك و ئەدەبیی.. با ڕەقیب بمرێ، با خەم بخوات، یا ئەوپەڕەکەی شەق بەرێت» ببینین. بەڵام وادیارە شێخ ڕەزا لێرەدا ئەم قسانە نازانێت و هەر شێخ ڕەزاکەی کۆڕی هەجوکردن و کاریکاتۆری ناحەزان دروست کردنە، لەبەر ئەوە لە جێی (شەق بەرێ، بمرێ)و ئەم چەشنە شتانە ڕێك و ڕەوان قسەی ناو خەڵك دێنێ و دەیخاتە دێڕی هەڵبەستەوە: (ورگی بدڕێ ڕەقیب)، کە ئەمەیان لەگەڵ میزاجی شێخ ڕەزا خۆشیدا زیاتر ڕێك دەکەوێت(٧). خامەی کاریکاتۆر نەخشکەری شێخ ڕەزا لە شوێنێکی تریشدا دێتەوە ناو ئەم پارچەیەو کە دەبێ بۆ وشەی ناسکی ئەڤین و دڵداری تەرخان کرابێت، ئەویش لەوەدا کە دەڵێت:

**شێخ دەگۆڕێتەوە گەر چاوی بەزوڵفت بکەوی**

**خەرقەو و سبیحە بە زەننارو چلیپاو و سەلیب**(٨).

ئەم و ێنەیەی شێخ کە (خەرقە و تەسبیح) لە ڕێگەی زولفی ئەو یارە نازدارەدا بگۆڕێتەوە بە زەننارو چلیپاوو سەلیب، هەر وێنەی ئەو شێخەیە کە شێخ ڕەزا بەوپەڕی گاڵتە پێکردنەوە ڕووی تێ کردووە و وتوویەتی:

**لازمە بۆ شێخ سبەینان گورگە خەو**

**تا بڵێن شێخ عابیدە و نانوێ بە شەو[٩]**

بێگومان ئەم چەشنە وێنەیە لە ئەدەبیاتی کوردیدا شتێکی تازە نییە. چونکە چیرۆکی شێخی سەنعانی فەقێ تەیران هەمووی وێنەی ئەو شێخەیە کە (خەرقە و تەسبیح و مورید و ئایین)ی بە زولفی یار گۆڕییەوە و لەو پێناوەدا هەمووی کرد بە زەننار و چلیپا و سەلیب و تەنانەت شوانیی بەرازی بەلاوە لە کونجی تەکیە و خانەقا پێ باشتر بوو، ئەو شێخ سەنعانەی ئەحمەدی خانی ڕوو دەکاتە پەروەردگار و بەم جۆرە باسی دەکات:

**شێخێ[١٠] وەکو پێنجە حەج بژاری**

**دین کر تە ژ بۆ کچا کوفاری[١١]**

هەروەك ئەو وێنەیەی شێخ ڕەزا لە پێش ئەودا لە گەلێك دێڕی تری شیعری کوردیدا دەبینین، وەك ئەوەی خانی لە زمان دەستە خوشکانی زینەوە ڕوودەکاتە زین و دەڵێ:

**سەرخۆش[١٢] کە مەلان بە غەنج و نازان**

**شێخان تۆ بشێنە بەر بەرازان[١٣]**

بەڵام، با ئەم وێنەیەی شێخ ڕەزا لە شیعری کوردیی پێش ئەویشدا هەبێت، ئەم دێڕەی ئەو هەر بە زادەی بیری خۆی و شێوەی گاڵتە ئامێزی خۆی دەزاندرێ و دەتوانین ئەم چەشنە وێنانە بە تاڵێك بزانین کە هۆنراوەی ئەڤین و دڵداریی شیعری شێخ ڕەزا ببەستێت بە هۆنراوە بەناوبانگەکانی کۆڕی هەجوو و گاڵتە پێکردنی شێخ ڕەزاوە. هەر وەك ئەمەش دەبێتە بەڵگەیەکی تری ئەو بڕیارەی پێشوو و ئەم دوو مەبەسەی شیعری شێخ ڕەزای بەیەکەوە بەست، هەروەها لە مەیدانی وەسف و دڵدارییەکانی تری شێخ ڕەزادا بەڵگەی زیاتر بۆ ئەو بەیەکەوە بەستنە

دەبینینەوە.

شاعیر وتوویەتی:

**سەرو و نەی چین کە لەگەڵ قامەتی توبێنە نەبەرد**

**شەکەری خواردووە نەی، سەروو، سەری داوە لە بەرد**

**گەر دەلـیـلـی وەکـو نـوقـتـەی دەهـەنت نـەبـوایـە**

**منیش ئینکارم ئەکرد وەك حوکەما جەوهەری فەرد**

**لـێی دەپـارێمـەوە ئـەی ڕۆحـی ڕەوانم تـو خـودا**

**چییە دەرمانی دڵم، پێم دەڵێ، لاچۆ دڵە دەرد**(١٤)

لە شیعری کوردیدا و لە هەموو هۆنراوەی عەشق و دڵداریی ڕۆژهەڵاتدا، زۆر جار ئەو وێنەیە دەبینین کە باڵا تەشبیە بکرێ بە سەروو نەی یا تەنانەت یار لە سەرو و نەی بە بەرزتر و ڕێکتر دانراوە، بەڵام خامەی شێخ ڕەزا ئەمەش لە کۆڕی هێمنی و تەشبیهی ناسك و هێواشەوە دەباتە کۆڕی بەزمەکەی خۆیەوە:

**سەرو و نەی چین کە لەگەڵ قامەتی تۆ بێنە نەبەرد**

**شەکەری خواردووە نەی، سەرو، سەری داوە لە بەرد**(١٥)

یا وێنەی دەست بە ڕووەوە نان و پێش تێ کردن و لێ نەپرسینەوە و جەور و جەفای یار لە سەدان دێڕی هۆنراوەی کوردی و فارسی و تورکی و عەرەبیدا دەوترێتەوە، بەڵام لە شێوەی ڕوو لێ وەرگێڕان و وەڵام نەدانەوە و شەرمکردندا، یا بڵێین ئەوەش دەخرێتە قاڵبێکی ناسکی پڕ بیانوو هێنانەوە و پێچ و پەناوە. کەچی شیخ ڕەزا لێرەشدا پێچ و پەنا نازانێ و خامەکەی ئەو ڕەنگی جوانی لە بەردەمدایە. ئەو دەنگانش بۆ ڕووکەشی و ڕازاندنەوەی شتی ناڕێك و ناشیرین نین و بۆ وێنە و ڕوخسار گۆڕین دانەنراون، بەڵکو ئەو ڕەنگانەی شێخ ڕەزا نیگاریان پێ دەکێشێ، ڕەنگی ڕێکو ڕەوان و ڕاست و واقیعیی شت دەردەخەن، واقع و وێنەی ڕاستەقینە لەبەرچاوی شاعیر خۆیدا، واتە بەو چەشنەی خۆی دەیانبینێ و خەڵك نا. لەبەر ئەوە ڕێك و ڕەوان لێرەشدا وتوویەتی:

**لـێی دەپـاڕێمـەوە ئـەی ڕۆحـی ڕەوانم تـو خـودا**

**چییە دەرمانی دڵم، پێم دەڵی، لاچۆ، دڵە دەرد(١٦)**

لە هەندێك پارچەدا شێخ ڕەزا وا دەبینین کە تەنها چووبێتە کۆڕی دڵدارییەوە و شێوەکەی خۆی لە دەست دابێت، بەڵام لە وێنەیەکدا، لە وشەیەکدا، لە دوو دێڕیشدا بێت، خامە ڕاستەقینەکەی شاعیر دێتەوە کایەوە.

بۆ نموونە دەتوانین بڕوانینە پارچەی (دولبەرانی کۆیێ)(١٧) کە تا دوا دێڕ یەکێك لە شاعیرانی دڵداریی پەیڕەوی مەلای جزیری و نالی دەبینین، بەڵام لە دوادێڕدا خامەکەی شێخ ڕەزا ڕەنگە ڕەنگینە، پڕ لە پێکەنینە ڕاستەقینەکەی پیشان دەداتەوە:

**شاری کـۆیـێ کـە لـەبـالـەب لـە بـوتـی نـۆش لـەبـە**

**گەر فەلەك لێی بگەڕێ، مەنبەعی عەیش و تەرەبە**

**دلـبـەرانـی بـە مـەسەل، هـەر وەکـو ئـەشعـاری منن**

**کـامـی لـێ ئـەگری، ئـەبـێژی ئـەمـەیـان مونـتـەخـەبە**

**غـارەتـی عـەقـڵـی مـنـی کـردووە زێبـا سەنـەمـێ**

**عـاریـزی ڕەشکـی قـەمـەر، قـامـەتـی نـەخـلـی ڕوتـەبە**

**نەوزەر ئاساو فەرەیدوون سیفەت و سەلم ڕەوش**

**شەیدە مانەندی سیاوش وەش و خوسرەو لەقەبە**

**عاریز و غەبغەب و ڕوخسار و زەنەخدان و لەبی**

**نـازك و تـەرفـەو و زێبـاو و بـەدیـع و عـەجـەبە**

**دلـبـەر و زەرکـەمـەر و جـیـلـوەگـەر و عیشوە فرۆش**

**سەروی سیمین بەدەن و شاهید و شیرین لەقەبە**

**زاڵم و دڵ شکەن و  دۆست کوژ و خەسم نەواز**

**عـیسەوی دیـن و مـوغ ئـایین و فـەڕەنـگـی مـەزەبە**

**سێوی داناوە، لە ژێر لێو، کە ئەمەم گۆی زەقەنە**

**زیـوی خـڕ کـردووە وەك گـۆ، کـە ئـەمـیشم غـەبـەبە**

**خواستی لێی ماچێ (ڕەزا) کافرە نەیدا و و وتی**
**ئەی خوا لەم کوڕە شێخ زادەیە چەند بێ ئەدەبە(١٨)**

وەك بینیمان دوایی ئەو هەموو وەسف و تەشبیە کۆکردنەوەیەی بە دێڕێك هێنایەوە کەبەو تاوە باریکە بژمێررێ کە شێخ ڕەزا بەیەکەوە دەبەستێت.

سەرەتا هونەری خۆیی لە کوڕی بەلاغەت و تەشبیە ڕیزکردن و سوود لە سامانی کلاسیکی بینیندا نواند و لە پاڵ ئەو وێنانەدا کە لە شاعیرانی پێش خۆیی وەرگرتبوو، هەندێك ئەفراندن و هونەری خۆشی هاوێشتە سەر پەیکەری هۆنراوەکە وەك:... مەنبەعی عەیش و تەرەبە، غارەتی عەقڵی منی کردووە، زێبا سەنەمێ، عاریزی ڕەشکی قەمەر، قامەتی نەخڵی روتەبە، نەوزەر ئاسا، زەرکەمەر، جیلوەگەر، عیشوە فرۆش، سەروی سیمین بەدەن، زاڵم و دڵ شکەن، دۆست کوژ، خەسم نەواز... هتد».

هەر لەم مەیدانی بەلاغەتەدا، بەراوردی شێخ ڕەزا لەگەڵ پێڕەوی نالی دەکرێت، بۆ نموونە زۆر جارلە وشە داڕشتن و دەربڕیندا دەبێیت بە شاعیرێکی پەیڕەویکەری نالی:

**شەوی وەك زولفی یار و ڕووی حەسوود و بەختی من تاریك**
**لەگەڵ دەیجوور و یەڵدا وا حیساب کە ئەو ئەمانی بوو**

یاخود:

**کەسێ ئەم سەروی ڕەعنایەی لەپێ خست گەردەنی بشکێ**
**چ زێبا سوورەتێ یارەب، چ شیرین نەوجوانێ بوو**

ئەم چەشنە وێنە و وشە دەربڕینانە، جۆری دەربڕینی شێخ ڕەزان لە چوارچێوەی پێڕەوەکەی نالیدا، وشە و شێوەی هۆنراوەی ئەو قوتابخانەیەن، بەڵام بەخامەی شێخ ڕەزایەك کە بۆ تاریکی دەگەڕێ، زولفی یا ڕووی حەسوود و بەختی خۆی لە تاریکیدا وەك یەك دێتە پێش چاو و هەرسێکیشیان لە کوڕی بەلاغەتی پەیڕەوی نالیدا دەکا بە سێ تەشبیهێ لە سەریەك کە ڕەنگە بتوانین بەناوی شێخ ڕەزاوە لە لیستەی تەشبیهەکانی کۆنماندا تۆماریان بکەین.

لە هەندێك پارچەی تری شێخ ڕەزادا ئەو تاڵی پێوەندییەی تۆزێ نادیارترە، بەڵام پێوەندیی بەو داڕشتن و پەیڕەوی بەلاغەتەوە دیار و ئاشکرایە لەگەڵ ئەوەشدا لە دیمەنی گشتی و ڕوخساری چوارچێوەی قەسیدەکاندا شتێك دیارە کە قاڵبی لاساییکردنەوە لە شێخ ڕەزا دووربخاتەوە و شەقڵی تایبەتیی هۆنراوەی دڵداریی شێخ ڕەزا دەربخات. ئەمانە پارچە هۆنراوەیەکە لە دیوانە چاپکراوەکەی شێخ ڕەزادا بە ناوی (کاکە جاف کوڕی کەریم ئاغا)[١٩] وە چاپ کراوە. بەڵام قەسیدەکە لەوە ناچێت کە بۆ دۆستێك یا ناسیاوێك یا بڵێی بۆ پیاوێکی جاف وترابێت. بەڵکو زۆر باش ئەوە دیارە کە بۆ کچە جافێك وتراوەو ڕەنگە پارچەکە دیاری بێت و بۆ کاکە جاف نێررابێت[٢٠].

ئەم پارچەیە، وەك وترا، شێوەیەکی تایبەتی و دیمەنێکی جیاکردنەوەی شاعیری لە شاعیرانی تر تێدا دەبینرێت. هەرچەندە بە تێکڕا هەر قەسیدەیەکە لە بەرهەمەکانی پەیڕەوی نالی لە شیعری دڵداری و ئەڤیندا.

**شیرین وەکو خوسرەو پسەری هورمزە[٢١] جافە**
**چاو مامزە، لێو قرمزە، ئیمان سزە، جافە**
**چاوی ڕەش و فەتتانی وەکو شەبرویی عەییار**
**دین و دڵ و ئیمانی دزیوم دزە جافە**
**بورهانە لەسەر قودرەتی حەق ئایەتی حوسنی**
**بۆ دەعوەیی ئیسپاتی خودا موعجیزە جافە**
**ئاشووبی جیهان، فیتنەیی ئافاقە نیگاهی**
**یەك نفسە جیهانێ لە دەسی عاجزە جافە**
**بۆ کەشمەکەش و عەربەدە موژگانی سیاهی**
**وەك لەشکری «تەیموور» و سوپای (چەنگز)ە جافە**
**تەنیا نە (ڕەزا) بۆی بووەتە بەندەیی فەرمان**
**فەرمانی لەسەر شاەو گەدا نافیزە جافە[٢٢]**

جارێ بالای هونەرێکی تایبەتی بوەستین و ئەوسا بێینەوە سەر پارچەکە. لە بەلاغەتدا چیی پێ دەڵێن بابیڵێن[٢٣]، بەڵام بە پێوانەی ئێستامان مۆسیقایەکی

یەکگرتوو و هارمۆنیایەك لەم ڕیزکردنەدا دەبینین کە دەڵێت: «چاو مامزە، لێو قرمزە، ئیمان سزە، جافە..» یا لە پەیڕەوی کۆندا لای وشە و داڕشتنی وەك: چاوی ڕەشی فەتتاتی، قودرەتی حەق، ئایەتی حوسنی، ئاشووبی جیهان، فیتنەیی ئافاقە نیگاهی، موژگانی سیاهی و تەشبیە کردنیان بە لەشکری.. تەیمووری لەنگ..و سوپای.. چەنگیز خان «یا «فەرمانی لەسەر شاهو گەدا نافیزە»».

ئەمە و وشە و جوانیی وشە، بۆ بردنەوە سەر خانەی تایبەتیی شیعری دڵداریش، جوانیی پارچەکە وامان لێ دەکات کە بە جوان بینینێکی (إعجاب) ڕاستەقینە ببینین و ئەم پارچەیە لە خانەی لاساییکردنەوە و دڵداریی تەقلیدیدا دانەنێین. ڕەنگە سۆزیش دیار بێت، بەڵام ئەو برژاوییە و دووکەڵ و بۆ چرووکی بەدی ناکرێت.

پێش ئەوەی بگەینە دوا ئەنجام ، دێینەوە سەر وێنەی تری شیعری دڵداریی شێخ ڕەزا.

بۆ ئەوەی شێخ ڕەزا بە یەکێك لە شاعیرانی قوتابخانەکەی خواروو بزانین، بەتایبەتی لە کۆڕی دڵداری و ئەڤیندا و شەقڵی تایبەتیی خۆیشی ببینین، ئەوە شێخ ڕەزا خۆی کلیلی گەیشتنە ئەنجاممان دەداتە دەست. شێخ ڕەزا لە لووتکەی هۆنراوەی دڵداریدا لەگەڵ یەکێك لە شاسوارانی ئەو مەیدانەدا یەك دەگرێت، ئەویش مستەفا بەگی کوردییە.

لە دیوانی شێخ ڕەزادا تەخمیسی پارچە هۆنراوەیەکی بەرز و بە نرخی کوردی دەبینین(٢٤). شێخ ڕەزا لەم تەخمیسەدا، بەواتەی ڕەخنەگرانی کۆن، تەواو گەیاندوویەتییە مستەفا بەگ. یا بە بڕیاری ئەمڕۆی ڕەخنەگریمان دەتوانین بڵێین، شێخ ڕەزا تەواو توانیویەتی تەجروبەکەی کوردی لە کۆڕی ئەم هۆنراوەیەدا دووبارە بکاتەوە، یا تەجروبەی خۆی لەگەڵ ئەودا تێکەڵ بکات و تەجروبەکەی ئەو فراوانتر بکات و لەگەڵ هەستی خۆیدا شتێکی تازەی لێ بهێنێتە بەرهەم، ئەویش، ئەو پێنج خشتەکییەیە کە لە دیوانەکەدا چاپ کراوە.

**دڵی بردم، بە ناز و عیشوە دیسان شۆخی عەیاریٚ**
**فریبی دام بە سیحری چاوی خۆی مەحبووبیٚ سەححاریٚ**

**لــە هــیــجــرانــا تــەقــم کــرد، ئــەی ڕەقــیــبــان کــووا مــەدەدکــاریٚ**

**( ئــەمــان مــردم عــیــلاجــیٚ، سا لــە ڕێی پــێــغــەمــبــەرا چــاریٚ**

**ویسال، یاقەتڵە یا تەسکین، لە هەرسیٚ بۆم بکەن کاریٚ)**(٢٥)

ڕاستە لە شیعری شێخ ڕەزادا ئەو بەرهەمە فراوانە نابینرێت، کە شێخ ڕەزای پیٚ ببێت بە یەکێك لە شاعیرانی دڵداری، یا لەودیو شیعرەکانەوە، «فاتمە»ی بابە تایەر و «حەبیبە»ی نالی و «سەلما»یەکی مەلای جزیری خۆی نانوێنێت و بەرهەمەکە ناکرێت بە بەردەبازی ڕێگەی ئەو. بەڵام شێوەی دڵداریی شێخ ڕەزا لە ڕووی هونەر و وەسفەوە وا دەکات کە پلەیەك لە سنووری تەقلید بیبەینە ئەودیوترەوە(٢٦). هەروەها لە باسی ئافرەتدا، کە مەسەلە لە دڵداری و شیعری دڵداری فراوانترە، لایەنێکی تر دەبینین کە شێخ ڕەزا لووتکەیەتی، ئەویش شیعری ئاشکرایە، کە لە بەرهەمی ئەم سەردەمە و ڕەخنەی ئەم سەردەمەدا هەندێك ناو و وەسفی بۆ دیاری دەکرێت، بەڵام ڕاستتر ئەوەیە کە هەر ئەو ناوەی خۆیی لیٚ بنێین و لەگەڵ... «مەستوورە»ی نالی و شیعرەکانی «میسباح»دا لە ئەدەبیاتی ئەو سەردەمەماندا جێیان بۆ بکەینەوە.

بە کورتی شیعری دڵداری یەکێکە لە مەبەسەکانی شیعری شێخ ڕەزا و شاعیر لەم مەیدانەدا لە هاوچەرخ و هاو قوتابخانەکانی خۆی دوا نەکەوتووە.

## شین

ئەو شێخ ڕەزایەی وەستای پێکەنین و پێکەناندە، لە کۆڕی پێکەناندندا گەلێك ڕێگە دەگرێت. هەر لە وەسفی سەیرەوە تا سەتیرو هەجوو. ئەنجام و دارشتنی هەمووشیان وێنەی کاریکەتۆری ڕەنگین و دەگمەنە.

ئەو شێخ ڕەزایە خۆی لە سامانی گردەوەبووی فۆلکلۆر و ئەدەبیاتی کلاسیکیمان لانەداوە. واتە بۆ پێکەنین، خۆی لە خەم لانەداوە، بێوەفایی لەگەڵ خەمدا نەنواندووە.

خەم برالەی مرۆڤی کورد بووە(٢٧)، خەم هاوسەری شاعیران بووە:

**من غەمم خوارد و غەمیش خوێنی جگەرمی خواردەوە**

**بۆیە گریام چەند بە چەند فرمێسکی خوێنینم نەهات**(٢٨)

خەم دەست و باڵی بەسەر دەروون و لێکدانەوەی شێخ ڕەزادا نەکێشاوە، تەنانەت هەموو ئەو دێڕ و پارچانەش کە باسی سەختی و نالەباریی ژیانی شاعیر دەکەن بە نەخشەی کاریکەتۆری کۆتاییان دێت. ئەگەر گاڵتە بە وردە شت «تفصیلات»ی ئەو ژیانەش نەکات ، گاڵتە بە سەبەبکار هەر دەکات. لەبەر ئەمە وێنەی خەم لە شیعری شێخ ڕەزادا کەمە و دەگمەنە، بەڵام ئەو دەگمەنە، سۆزێکی ڕاستەقینەی تێدایە، سووتان و برژاندنی تێدایە. شێخ ڕەزا نەگەیشتبێتە قووڵایی هەستی ڕاستەقینەی مرۆڤانەی نەگریاوە.

ئەوانەی باسی شێخ ڕەزایان کردووە، شین و گریانیان نەکردووە، بە یەکێك لە مەبەسەکانی شیعری شێخ ڕەزا(٢٩).

ڕاستیش ئەوەیە کە «شین» بە مانای مەبەسی کلاسیکیی شیعر بە یەکێك لە مەبەسەکانی بەرهەمی شاعیر دانانرێت. شێخ ڕەزا هەر بۆ ئەوەی بوترێت شاعیرە و لە هەموو مەبەسێکی شیعردا «ئەسپی خۆی تاوداوە» شیعری شین و «مەرسیە–مرثیە»ی نەنووسیوە. هەرچەندە چەند دێڕێکی کەمیشی هەیە، کە لەوە دەچن بۆ کێلی قەبر نووسرابن و تەئریخی مردنیان تێدا دەرهێنراوە(٣٠). گریانی شاعیر کەمە، بەڵام ڕاستەقینەیە، دەبێت چی بێ ئەو کۆستەی شێخ ڕەزای گریاندبێت؟ وردیی وەسف و شاعیرە، یا سۆز و ناسۆری کۆچ یا ڕۆیشتنی نازەنینێکە وای لە شێخ ڕەزا کردووە کە بنووسێت(٣١) :

**یار من سفر بنهاد پا أندر رکاب**

**خانەء زین شد مزین، خانەء من شد خراب**

**خلقرا خورشید شام أز دیده غائب میشود**(٣٢)

بەڵام ئەوەی گریانی ڕاستەقینەی لێ دەبارێت، بۆن و بۆکوڕووزی جەرگ و دڵی برژاوی لێوە دێت و کێوی بەتەمکینی، پڕ لە پێکەنینی شێخ ڕەزای خستۆتە گریان، ئەوە ئەو پارچە تاکەیە کە ناوی ناوە (لە فیراقی قادری وەستا خدردا)(٣٣).

شاعیر نووسیویە(٣٤):

**بـۆ نـەسووتـیٚ جـگـەر و بـۆچـی نـەبـیٚ دڵ بـە کـەبـاب**
**بـۆچـی نـەڕوا لـە تـەنم ڕۆحـی ڕەوان مـیسلـی غـوراب**
**بۆ لە سەر چاوەیی چاو هەڵنەقوڵیٚ ڕەشحەیی خویٚن**
**بۆ چ لە فەووارەیی موژگان نەچکیٚ قەترەیی ئاب**
**بـۆ لـەبـەر نـاڵـە نـەبیٚ حـەلـقـەیی حـەلـقم بـە سروود**
**بۆ چ لەبەر گریە نەبیٚ چەشمەیی چەشمم بە سەراب**
**مـوونـیسی ڕۆژ و شەوم بـاعـیسی ئـارامـی دڵـم**
**دۆڵی یو من لە غەمی کەوتمە نیٚو بەحری عەزاب**
**بـە وقـووعـی سەفـەری قـادری وەسـتـا خـدر**
**خـانـەیـی عـەیشمی تـاڵ کرد، فەلـەکی خـانـە خـەراب**
**چەنگ و نەی لیٚ مەدە موتریب کە لەبەر فیرقەتی ئەو**
**ڕەنـەکـی ڕۆحـە لـە گـویٚم، نـەفـخـەیـی ئاوازی ڕەبـاب**
**ساغـیـری مـەی مـەدە ساقـی، کـە لـەبـەر دووریـی ئـەو**
**تـاڵـە وەك ژەهـری هـەلاهـیـل، لـە موزاقم مـەیـی نـاب**
**کـاری کـرد نـەبـوو ئـەم کـارە کـە گـەردوونـی دەنـی**
**کردی، ڕووی ڕەش بیٚ وەکو بەختی من و پەڕڕی غوراب**
**ئەی «ڕەزا» ڕەنگە لەبەر فیرقەتی ئەو موونیسە تۆ**
**قەت نەبی خاڵی وەکو کوورە لە سۆزی تەب و تاب.**

پارچەکە یا بۆ شین یا بۆ دوورکەوتنەوەی دۆستیٚکە. وشەی «سەفەر» لە (بە وقووعی سەفەر، قادری وەستا خدر)دا ڕۆیشتن و سەفەریش دەگەیێنیٚت، مەرگ و دوا کۆچیش دەگـەیـێنـیٚت. نـاوەڕۆکـی پـارچـەکـە پـارسەنگی ئەم ڕایـەی دوایی دەداتەوە.

گرنگ ئەوەیە کە شیٚخ ڕەزای شاعیر ئینسانە، هەستی بەرامبەر بە خەڵك هەر هـەستـی نـاڕەزایـی و هـەجـووکـردن نـیـیـە، بـەڵکو هـەستیٚکی بـەم جۆرە قـووڵـی دۆستـایـەتی و خۆشەویستیشی بەرامبەر بەوانە هەیە کە بە پیاو باشی زانیون:

بۆ داڕشتنی پارچەکەش دەوترێت:

ڕەنگە زۆر لە تەعبیر و وشەی شێخ ڕەزا لەم مەیدانەدا دووبارە کردنەوەی وشەی شاعیرانی پێش خۆی بێت، یا دووبارە کردنەوەی هەندێك تەشبیهو وێنەی شیعری ڕۆژهەڵات بێت، بەڵام هەندێك وێنەی تایبەتیشی تێدابێ.

وەك:

**بۆ لە سەرچاوەیی چاو هەڵنەقوڵێ ڕەشحەیی خوێن**(٣٥)

یا:

**بۆ لەبەر نالە نەبێ حەڵقەیی حەلقم بە سروود**

**بۆ چ لەبەر گریە نەبێ چەشمەیی چەشمم بە سەراب**

یا هەر لەلایەکەوە دەبێ بگەڕێتەوە سەر کەرەسەکەی شێخ ڕەزا خۆی و ڕووبکاتە گەردوونی دەنی و ڕووی ڕەش بکات. بەڵام کام ڕەشی؟ لێرەدا وەستایانە دەست بۆ تەشبیهێکی تازە دەبات. کەرەسەکەی خۆی بەکاردێنێت، بەڵام مەناخی شین و خەم و ئازارەکە بەو کەرەسەی گاڵتە و پێکەنینە تێك نادات.

شاعیر ڕەشی تەشبیە دەکات بە بەختی خۆی، بەڵام هەر بەختی خۆی نا، بەڵکو بە غوراب، بە قەلەڕەشکە، ڕووی گەردوونی دەنی لە ڕەشیدا لەگەڵ بەختی خۆی و قەلەڕەشکەدا ڕادەگرێت(٣٦).

بە هەموو جۆرێك سۆز و دڵسۆزییەك لەم پارچەیەدا دەبینین و هەر ئەوە نییە کە شاعیر بیەوێ باس و مەبەسێکی تر بخاتە سەر باسەکانی شیعری خۆی، کە ئەمە پیشەی شاعیرانی کۆن بووە و بە شاعیری تەواو ناسراون. شێخ ڕەزا شاعیرێکی دڵسۆزە بۆ ئەو وشەیەی دایدەڕێژێت، لەبەر ئەوە وشەیەکی بێ مەبەس لە کیس نەداوە. بەڵام شاعیرانە لە هەموو مەیدانێکدا شیعری وتووە.

## شانازی

شانازی باسێکی دیارە لە باسەکانی شیعری شێخ ڕەزا. هەر وەك لە بەرهەمی زۆربەی شاعیرانی کۆنی ئێمە و ڕۆژهەڵاتدا دیارە.

دیاردەی شانازی لە ئەدەبیاتی عەرەبییەوە دەست پێ دەکات. لە جەوهەردا وێنەی کۆمەڵگای تیرەگەرییە، شاعیر شانازی بە خۆیەوە دەکات و لە خۆیەوە دەچێتە سەر تیرەکەی و شانازیی پێوە دەکات. یا جاری وا هەیە بە تیرە دەست پێ دەکات و لەناو تیرەدا خۆی دەبینێت و خۆی بە نوێنەری ئەو تیرەیە دەزانێت. لە ئەدەبیاتی عەرەبیدا ئەم بابەتە لە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییەوە بوو بە بابەتێکی ئیبداعی و پاش تیرەگەریش مایەوەو چووە ناو نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتەوە. هەر کۆنیی ئەدەبیاتی عەرەبیش وای کردووە کە لەوێدا زیاتر دیار بێت.

بۆ شێخ ڕەزا – دەتوانین ئەم بابەتەی بخەینە هەردوو خانەوە، چ تیرەگەری و چ بابەتی ئیبداعی.

ئەگەر لە زانستدا تەوازوع کاری و خۆ بە بچووك و نەگەیشتوو زانین بە سیفەتی پیاوی زانا بزانرێت و ئەو هەستە بۆ زانا پێویست بێت، بەڵکو بنەڕەتی بەرەوپێش چوونی بێت، چونکە زانست دیاردەیەکی بێ سنوورە و هەوڵدانی ئادەمیزاد، بۆ لە ڕاستی و لە سروشت گەیشتن و هەنگاوە بۆ دۆزینەوەی هەموو ڕاستی و هەموو نهێنیەکانی سروشت، لەبەر ئەوە زانایەك بگاتە هەر پلەیەك شتی تری لە بەردەمدا ماوە و دەتوانێ بیگاتێ. ئەگەر پیاوی زانا لە خۆی بایی بوو، ئەوە مانای وەستانە، مانای نەگەڕانە بەدوای شتێکی تازەدا و لە خۆبایی بوون نیشانە و کەڕەنای تەواوبوونی پیاوی زانایە، بەزیندوویی مردنێتی. بەڵام بۆ شاعیر، بەتایبەتی شاعیرانی کۆن، شاعیرانی ئەوکاتەی کە شیعر زیاتر بەهرە بوو، بەهرەی شاعیر خۆی بوو و بە چەند شتێکی تر ئاو ئەدرا. بە شانازییەك لە بەرهەمی شاعیرانی تردا، کە زۆری نەدەویست، بە پێوەندییەك لەگەڵ فۆلکلۆری نەتەوەدا، کە زۆریش لە شاعیرانی ئێمە ئەوکاتە گوێیان نەداوەتە ئەمە، بەڵکو فۆلکلۆریان بەسووك زانیوە. بەهرە بۆ شاعیری ئەوکاتە بناغە بوو، بەڵام بۆ ئەمڕۆ بەهرە و خوێندەواری و شارەزایی هەردووکیان بناغەن و لە یەکتر جیا ناکرێنەوە. شاعیری ئەم چەرخە لەگەڵ فراوانی و هەمە ڕەنگیی دیمەنەکانی ژیاندا پێویستی بە تێگەیشتنی تەجروبەی خۆی و شاعیرانی تری نەتەوەکەی خۆی و نەتەوەکانی تری جیهانە – بۆ شاعیری کۆن، بۆ ئەو شاعیرە کلاسیکیانەی بەهرەی شاعیرانە بناغەی

خوڵقاندن و بەرهەمی جوانیان بوو، ئەو شانازییە بەخۆیانەوە، کانێکی بەرهەمی جوان و وشەی پتەو و دەنگداریان بوو:

**وەك «لامیع»ی شاعیر نییە ئێستا لە جیهاندا**

**شیرین سوخەن و قابیل و خۆش تەبع و (ڕەزا) سووك**(٣٧)

شێخ ڕەزای ئێمەش لەم مەیدانەدا خۆی بەو مورغی غەزەلخوانە دەزانێ کە دەبێ هەموو جیهان گوێی بۆ شل بکەن و گوێ نەداتە کەس و قسەی ڕاست و حەقی خۆی بکات و دەبێ خەڵك لەو و لە بەهرەی ئەو بترسێت و نابێ شاعیر، نابێ شێخ ڕەزا لە کەس بترسێ:

**جائیزەم مەتڵووبە ئەم مەدحەم بە خۆڕایی نییە**

**هورتومانیش بێ (ڕەزا)م گەر هیچ نەنێرن یاستار**(٣٨)

ئەم (یاستارە) هەر بۆ خزمەکانی خۆی ناوترێت، بەڵکو بۆ هەموو کەسێك کە بیەوێت بەو جۆرە لەگەڵیا بدوێت دووبارە دەکرێتەوە:

**بە مارف بەگ بڵێن قەتعی مەعاشی من نەکا چاکە**

**زمانی من لە بۆ ئەعدا وەکو مارێکی زوححاکە**(٣٩)

ئەم زمانەی شێخ ڕەزا بۆ دوژمنان وەك مارێکی زوححاکە، لەبەر ئەوە ئاگاداریی ئەو کەسانە دەکات کە نرخی نازانن و نرخی ڕاستەقینەی ئەو زمان و شیعریان تێ دەگەیێنێت کە بە سووك زانینی هەر ئەوە نییە زیان لەو کەسانە بدات کە بە سووکیان زانیوە، بەڵکو ئەوەشە کە شتێکی بەنرخ لەکیس هونەر و ڕاستی دەدەن.

**لوتفێ بکە با (شێخ ڕەزا) بێتەوە گوفتار**

**حەیفە برزێ تیغی موجەوهەر لە غیلافا**(٤٠)

حەیفە ئەو تیرە جەوهەردارە ئاڕاستەکراوە لە کالانا بڕزێن، چونکە ئەو تیرە زۆر شتی پێ دەکرێت. شتی باشی پێ دەنووسرێت، لە هەجوودا بێت یا لە ستایشدا، یا لە هۆنراوەی ناسکی دڵداریدا هەر ئەو تیرەیە کە بە تیژی چووەتە مەیدانی هەجووەوە:

**شێخ ڕەزا بـێت و لـەسەر تـۆ هـەجـوی قـازیـی کـۆی بـکـا**
**سەیری کە چیی پێ بکا، دۆم بێ و کڵاش بۆ خۆی بکا**(٤١)

هـەر ئـەو تیرەیـە دەبێ بـە گوڵ و دەکرێت بـە سـەری یـارەوە و زۆر بـە نـاسکی دەڵێت:

**سەر دانی لە ڕێی عەشق (ڕەزا) لازمە عاشق**
**بۆ یار سەرو ماڵی سوپەری تیری قەزا کا**(٤٢)

شێخ ڕەزا لە زۆر شوێنی تردا دێتەوە سەر شانازی:

**سمـێڵـی شێخ سـتـار (حـەبـلـولمەتـیـنـە)**
**کەلامی (شێخ ڕەزا) وەحیی موسەددەق** (٤٣)

ئەگەر کەلامی شێخ ڕەزا وەحیی موسەددەق بێت، ئەوا دەبێت لووتکەی شیعریش بێت و کەس نەیگاتێ:

**بەم شیعرە بێ فەڕانەوە نابی بە (شێخ ڕەزا)**
**زەحمەت مەکێشە ئاینە کاری ئەرستووە**(٤٤)

شێخ ڕەزا بەلای خۆیەوە هەر ئەرستۆی فەیلەسووف نییە کە نابێ ئینکاری بکرێت، بەڵکو ئەو

بولبولـەشە کە هـەموو کـەس نـاچارە گوێ لـە دەنگی بگرێت و کـەس نـاتوانێ ئینکاری بکات.

**لامیعی شاعر بە هەر مەجلیس بچێ، خەڵکی دەڵێن**
**بولبولی داستان سەرا، مورغی غەزەلخوان هاتەوە**(٤٥)

بـەڵـێ ئـەم بـولـبـولـی غـەزەلخوانـە، هـەمووکـەس، هـەموولا، هـەموو مـەجلیسێ دەهێنێتە تـەرەب و هـەرچەندە دەروونی شـاعیر خـۆی زۆر کـەیل بێت، بـەڵام سۆز و گڕی پەرێشانیشی هـەر خـەڵك و دەروونی گوێگران و شیعر خواهـان دەجووڵێنێت:

**بـەم حـاڵـە پـەرێشانـەوە بـاز ئـەشهـەد و بـیـلـلا**
**شیـعـرت تـەرەبـەنـگێزە (ڕەزا) شاعیـری چـاکـی**(٤٦)

هـەر ئـەم شاعیرە چاکەیە باوەڕی وایە کە لە دەورێکدا نرخی شیعر و پایەی

شاعیر جێگەی نەماوە، شیعری ئەو نرخێکی ماوەو ئەچێتە ڕیزی ئەوانەی پێش خۆی لە دەوری باباندا، لەدەوری دەسەڵاتی کورد خۆیدا نرخیان زانراوە، بۆیە لە دوا پێنجینی تەخمیسەکەی کوردیدا وتوویەتی:

**نەماوە ڕەونەقی عەقڵ و دانش و ووردی**
**بە پوولێ نایکڕن لەم عەسرەدا عیلمی ئەباووردی**
**لە ئەشعاری (ڕەزا) پەیدایە ئاساری جوانمەردی**
**دوڕو یاقووت دەبارێ لەم کەلامە شیرنەی کوردی**
**خوا سا کوا لە دونیادا قەدرزانێ، خرێدارێ**[٤٧]

بەڵام هەر ئەم شێخ ڕەزایەی وتوویەتی (شیعری من وەهبییە، کەسبی نییە، هوشیاربە، خۆت لە من لادە)، هەر ئەمە بەوپەڕی شانازی و لەخۆگەیشتن و ڕێگە بڕینەوە هاوار دەکات:

**شێخ ڕەزام و بە فەساحەت لە جیهاندا مەشهوور**
**پسەری پیری نەزەر کەردەیی قوتبی لاهوور**[٤٧]

ئەگەر ئەم چەشنە شانازییەی شاعیر بە خۆیەوە، دیمەنێکی هەموو شاعیرانی ڕۆژهەڵات بێت و مایەو سەرچاوەی باوەڕ بە خۆ بوون و خولْقاندن و بەرهەمی جوان بێت[٤٩]. ئەوا ئەم شانازییە لای شێخ ڕەزا چۆتەوە سەر سەرچاوەکەی پەیدابوونی ئەم بابەتە شیعرە، سەرچاوەی کۆمەڵی تیرەگەری و شانازی بە کەس و کارو تیرەوە و جاروبار لەو سنوورەوە بەرەو هەموو نیشتمان و گەل.

ئەو کەس و کارەی شێخ ڕەزا کە لە زۆر شوێندا کاریکەتۆرییان بۆ کێشراوە، هەر ئەو کەس و کار و بنەماڵە و عەشرەتەشن کە لە شوێنی تردا هەر بە خامە بەتواناکەی شێخ ڕەزا ستایش کراون و ئەنجامی ستایشەکەش هەر هاتۆتەوە سەر شێخ ڕەزا خۆی و بووە بە بەشێك لە شانازیی شاعیر بەخۆیەوە. شاعیر پارچەیەکی بەناوبانگی هەیە، بەم دێڕە دەست پێدەکات:

**خوا وەختێ کە حەزکا بەندەیێکی خۆی بکا خۆشنوود**
**لە ڕێگەی دوورەوە بۆی دێ بە پێی خۆی شاهیدی مەقسوود**[٥٠]

ناوەڕۆکی پارچەکە پەسندیی شێخێتی وەرگرتنی مەلا مەحموودی زەنگنەی باپیرە گەورەی شێخەکانی تاڵەبانییە لە شێخ ئەحمەدی هیندییەوە و یەك بەدوای یەکدا ئەوە شێخەکانی مەلا مەحموود پەسند دەکات تا دەگاتە سەر شێخ عەلی. لێرەدا پەسندیی ئەو کەس و کارە دەکات کە لەوەپێش چەند جار هەجووی کردوون. یا ستایشی شێخ عەلیی برای دەکات کە لە کەرکوکوك دەری کردووە و لە شوێنی تردا هەجووی کراوە.

لە شیعری کۆندا بەزەحمەت، پاش و پێشی ئەم پارچە و ئەو پارچە دەست نیشان دەکرێت؛ لەبەر ئەوە ماوەی ئەو پرسیارە هەیە. ئایا ئەم پارچەیە پێش پارچەکانی تر نووسراوە، یا بە پێچەوانەوە، یا ئەم پارچەیە بەرهەمی تاوێك بێت لەوتاوانەی شێخ ڕەزا لە گرمە و دەنگی تەپڵ و دەفی تەکیە، هاتبێتە سەر ڕێی بیرکردنەوە لە خوا و باو و باپیرانی و لەو ڕێیەوە ویستبێتی بۆ خۆی بڵێت. یا دەبێت ئیشێکی بە شێخ عەلی هەبووبێت و ئەم پارچەیە چەشنە پاکانەیەك بێت بۆ ئەو مەبەسە.

بە هەموو حاڵێك ڕەنگینترین شت لە پارچەکەدا دوا دێڕە، چونکە ئەوانی تر هەر لە قسەیەك دەچن کە خرابێتە چوارچێوی کێش و قافیەوە، بەڵام دوا دێڕ سۆزێکی شێخ ڕەزایانە و شانازییەکی شێخ ڕەزایانەی بە خۆیەوە تێدایە و دەچێتە پاڵ کەرەسەکانی تری شانازیی شێخ ڕەزا:

**(ڕەزا)ش لەو نەسلەیە بیبەخشە یا ڕەب چونکە قەت نابێ**
**گوڵی بێ خار و بەحری بێ بوخار و ئاگری بێ دوود**(٥١)

شانازیی شێخ ڕەزا بە خۆی و عەشرەتەوە لەم سنوورە دەردەچێت و دەچێتە سنوورێکی تری شانازییەوە، شانازی بە ئازایەتیی تیرەوە، کەهەر لە سەرەتادا لە شیعری شانازیی عەرەبیدا بینراوە، بەڵام پارچەکەی شێخ ڕەزا لەوەش دەچێتە دەرێ، کە جۆرێك بێت لە شانازی و پێدا هەڵدانی شاعیر و تیرەگەری، بەڵکو دەچێتە ناو شیعری قارەمانی و داستان ئامێزەوە. وێنەی ئازایی، گیانی شانامەیی لە دێڕەکانی ئەو پارچانەیدا دیارە:

**بارە کەڵڵا ئافەرین، ئەی عەشرەتی نوسرەت شیعار**
**مەردی مەیدان، شێری جەنگاوەر، هوزەبری کارزار**

**هەر بە ئەووەڵ حەملە چەندتان کوشت و چەندتان سەربڕی**
**چەند کەلەشیان لێ بەجێ ما، بوون بە توعمەی مووروو مار**
**ئـێستـەکـەش لـەو دەشتـە شەڕیـانـە لـەسەر لاشەی ڕزیـو**
**کەرگەس و شاهێن و گورگ و مامە ڕێوی و کەمتیار(٥٣)**

شێخ ڕەزا لـەو ئـاو و هــەوا شانـامـەیـیـەدا پـاڵـەوانـیش لـە «عـوبـەیـد»و «عـەبـدولـوەهـاب»دا دەدۆزێتـەوە، گورزی گرانیـان دەداتـە دەست و شێخ ڕەزایـانـە پلارێك دەگرێتە بەرامبەرەکەیان و دوا شت دەبێتەوە شێخ ڕەزای شاعیری ستایش، یا هەر ڕێك و ڕەوان وەك شاعیرانی تیرەگەریی کۆن خۆی دەنوێنێت و دەربەسی ئەوە نییە کە ستایشی عەشرەتی خۆی کردووە، لەبەر ئەوە دەرفەتێك بۆ پەشیمان بوونەوە دەدۆزێتەوە، دەیەوێ سەرکەوتنەکە بکات بە هیممەتی ئەو دەرفەتە و ڕێی پەشیمان بوونەوە:

**ئـەم قسانـە گشت مـەجـازن، گـەر حـەقـیـقـەتـتـان دەوێ**
**بـەزلـی نـان و هـیـمـمـەتـی پـیـرانـە بـۆتـان کـەوتـە کـار**
**جـائـیـزەم مـەتـڵـووبـە ئـەم مـەدحـەم بـە خـۆڕایـی نـیـیـە**
**هـورتـومـانـیـش بـێ(ڕەزا)م گـەر هـیـچ نـەنـێرن یـا سـتـار(٥٣)**

شێخ ڕەزا لە دوو پارچەی فارسیدا دێتەوە سەر ئەم چەشنە شانازییە، لەو دوو پـارچـەیـەدا تـەواو ئـەو ئـەتموسفێرەی شانـامـە دیـارە. دیـارە ڕووداو و نـاوەڕۆك هـەرئەوەی پێشووە، بەڵام بنکەی زمانە فارسییەکە، زیاتر ئەو داستان ئامێزییەی پێ بەخشیوە.

**أزان سو چــو (داوده) لشکــر کشیـد**
**أزیـن سو بـجـنـبـیـد (عـبـدالحمیـد)**
**بـــفـرمـود تـــا طـالــبـــانــی گـروە**
**نشستـنـد بـر خـانـەء زیـن چـوکوە**
**بـــرانــگـــیــخت آن أشقـــر دیـــوزاد**
**چـو (رستـم) یـکـی سان لشکر بـداد**

**جناح أز چپ و ڕاست بر پای کرد**

**بـقـلب انـدرون خـویشرا جـای کـرد**

**گــروهــی فـرستــاد بــر مـیــمـنــه**

**ز گــردان گــردن کش (زنــگــنــه)**[٥٤]

پـارچـەی یـەکـەم دەربـارەی شەڕی تـاڵـەبـانـی و زەنگـەنـەیـە و، پـارچـەی دووەم دەربـارەی شەڕی زەنگەنە و هـەمـەوەندە:

**هــمــاونــد از بــهــر سازان و خــان**

**شبــیــخــون نمودنــد از بــازیــان**

**تــکــاپــوی جــولان بسرحــد جــنگ**

**درآنجا بهم برزدند چون پلنگ**[٥٥]

لەم دوو پارچەیەدا هەر وێنە و نەخشەی ئازایی کێشان سروشتی داستان بە پارچەکان نابەخشن، بەڵکو کەرەسەکەو خواستنی ناوی قارەمانی وەك ڕۆستەم و تەهەمتەن... هتد لە لایەك و ئەو هەناسە درێژییەی شێخ ڕەزا کە لە شیعری تردا نابینرێت، ئەوەش دەیبەنە بابەتی داستانەوە. پارچەی یەکەم (٤٦) دێڕە و دووەم (٢٨) دێڕە، کە ئەمانە لە پارچە درێژەکانی شێخ ڕەزان، هەروەها لە ڕووی کێش و قافیەشەوە چوونەتە ناو ئەو بابەتە شیعرەوە.

پارچەی یەکەم:

**بفرمو/ دتاطا/ لبانی/ گروه**

**فعولن/ فعولن/ فعولن/ فعول**

پارچەی دووەم:

**هماون/ دازبه/ رسازا/ ن وخان**

**فعولن/ فعولن/ فعولن/ فعول**

وەك دیارە هەردوو پارچەکە لەسەر کێشی (متقارب) وتراون: واتە: فعولن فعولن فعولن فعول کە ئەمە کێشی شانامەیە.

**بدانست کش مرگ نزديك شد**

**بـرو بـرهـمـی روز تـاريك شد**

**بدانس/ تكشمر/ گنزدی/ كشود**

**فعولن/ فعولن/ فعولن/ فعول**

**بروبر/ هميرو/ زتاری/ كشود**

**فعولن/ فعولن/ فعولن/ فعول**

لـە ڕووی قـافـیـەشەوە، ڕەنـگـە هـەر لـەم دوو پـارچـەیـەدا شێخ ڕەزا لـە قـافـیـەی یەکگرتووی قەسیدەی عەرووز لای دابێت و قافیەی مەسنەویی بەکارهێنابێت، کە ئەویش هەر قافیەی شانامەیە و مەبەسی شێخ ڕەزاش دیارە هەر ڕەگەزی شانامە پێ بەخشینی پارچەکانێتی.

ئەم کارتێکردنی شانامەیە تێکڕا لە هەندێك پارچەی تری شێخ ڕەزادا کە دەچنە خانەی وەسفی ئازایەتییەوە خۆی دەنوێنێت، بۆ نموونە پارچەیەك کە بۆ لە سەفەر هاتنەوەی سمایلی مەلا خالید نووسراوە، کە تێکڕا دەچێتە خانەی وەسفەوە، بەڵام لەم بابەتی شانامەیی و ئازایەتییەش بەدەرنییە.

**هەوری میحنەت، با ڕەشی غەم، سەیلی ماتەم بوو نەمام**

**بـەرقـی تـابـان، میـهری ڕەخشان، ڕەعدی غەڕان هـاتـەوە**

**پـاڵـەوانـی پـایـتـەخـتـی سەفـدەری شێرزاد خـان**

**تـاج بـەخشی کیشوەری مـەغریب ئـەلـووب خـان هـاتـەوە**

**سەعـدی سەفـدەر، مـالـیکی ئـەژدەر، هـوزەبـری پـڕ هـونـەر**

**بێژەن و گیو، تووس و نەوزەر، پووری دەستان هاتەوە**(٥٧)

هەروەها ئەو پارچەیەشی کە دەچێتە خانەی ستایش و پێدا هەڵدانی عەشیرەتی جافەوە، لەم جۆرە داستان ئامێزییە بەدوور نییە:

**خزمینە مەدەن پەنجە لەگەڵ عەشرەتی جافا**

**مـێروولـە نـەچـێ چاکە بـەگژ قوولـلـەیـی قافا**

خوێن ڕێژ و شەڕەنگێزو عەدو بەندو تەن و مەند
کـامـیـان کە گەنـە شێرە لـە مـەیدانـی مـەسافا

***

وابێ غەم و پەروا دەچنە عەرسەیی هەیجا
تۆ ناچییە سەر دۆشەکی بووکێ لە زەفافا
یـــبـــغـــون الـــی الامـــر صغـــارا و کـــبـــارا
یسعـــون الـــی الحرب ثـــقـــالا و خـــفـــافـــا(٥٨)

## ستایش

وەك دەزانین هـــەجـــوو و ستـــایش هـــەردووكـیـــان لـــە ڕیـزی شیـعـری كـلاسیـكـیـی ڕۆژهـەڵات و شیعری كوردیشدا بە دوو باس دەزانرێن لە باسەكانی شیعر، یا لەو باسانەی كە ئەگەر شاعیر شتێكیان تێدا نەڵێت بە شاعیر ناژمێررێت.

شێخ ڕەزای ئێمەش بە شاعیری هەجووكردن ناسراوە، یا بڵێین گەورەترین شاعیری كوردە لە هـەجوودا. بەڵام وەنەبێت شێخ ڕەزای تاڵەبانی لە دیوەكەی تری ئەم مەبەسەدا كە (ستایش)ە خۆی نەنواندبێت و بە یەكێك لە شاعیرانی ئەم مەبەسەی هۆنراوەی كوردی نەناسرابێت.

خاوەنی مێژووی ئەدەبی كوردی لەم بارەیەوە نووسیویە:

«لە شیعری ستایش و پیا هەڵوتنیشدا وەنەبێ لە شاعیرەكانی تر كەمتر بووبێت، بەڵكو لە گەلێ شوێندا پێشكەوتووتر بووە، خەیاڵێكی نازك و تەبیعەتێكی ئاوێنەیی بووە، بـەتـایـبـەتـی ئـەگـەر هـەستی خێرێكی لە یەكێ كردبێ بەتەواوی لالغاوەی شیعری كراوەتەوە و هەتا بڵێیت وەسفێكی بەرزی بۆ هاتووە»(٥٩).

ئەم چەشنە دەستنیشانكردنەی ستایشی شێخ ڕەزا ئەگەر بە نووسینیش نەبێت، ئەوا بە لێدوان هەر باوە. لێرەدا هەر چەشنە ستایشێك دراوەتە پاڵ شێخ ڕەزا كە لەگەڵ هەجووەكانیدا هاوكێشی یەكن. ستایشی هەندێك كەس بە مەبەسی پارە لێ سەندن و سوود لێ بینین و هەجووی هەر ئەو كەسانە خۆیان، یا كەسانی تری

سوود لێ نەبینرا و.

ڕاستە ئەم دوو چەشنە هاوکێشە لە بەرهەمی شێخ ڕەزادا زۆرن و لە دیوانی شاعیردا بە چوار زمان گەلێك پارچە و چوارین و تاك، یا گەلێك ناو ڕیز دەکرێت و هەمووی دەبێتە بەڵگە و نموونەی ئەم بابەتەی شیعری شێخ ڕەزا.

بەڵام ئەمە هەر بەشێکە لە هونەری ستایشی شێخ ڕەزا. ئەم بەشە هەروەك لە ڕووی مەبەس و ناوەڕۆکەوە دەچێتە خانەی سوود لە شیعر بینین یا وەك وتراوە لالغاوەی شیعر کرانەوە بۆ خێر لێ بینینی...، هەروەها لە ڕووی ڕوخسارەوە دەچێتە ڕێزی لاسایی کردنەوە و هۆنراوەی تەقلیدییەوە. بەڵام لەم لاساییکردنەوەشدا دەتوانین هێڵێك لە نێوان شیعرە کوردییەکانی و فارسییەکانی و ، تەنانەت شیعرە تورکییەکانیشیدا بکێشین.

ڕەنگە بتوانین، بۆ کوردی شێخ ڕەزا خۆی بە سەرەتای ئەم بابەتەی شیعری کوردی، یا بەدامەزرێنەری ئەم بابەتە دابنیین، لەبەر ئەوە کە زۆربەی شیعرە کوردیەکانی ساکاری و قسەگەرییان پێوە دیارە و هەر لەوە دەچێت کە نامە و داخوازی بن و چوارچێوەی کێش و قافیەیان بۆ دروست کرابێت. بۆ نموونە، لە دیوانەکەیدا نووسراوە:

«جارێ خانمی وەسمان پاشا قەول ئەداتە شێخ ڕەزا کە ئێسترێکی بۆ ئەنێرێ. ئەو ئێسترە ئەمرێ، ئەمجا خەبەر ئەداتە شێخ کە ئەو ئێسترە مرد چی ئەڵێیت زیندووت بۆ بنێرم یا مردووەکەت بۆ بنێرم.

**ئێستری زیندوو، بڵێم، بۆم چاکە، یا مردووم دەوێ**
**ئیحتیاجم زۆرە خانم با بڵێم هەردووم دەوێ**
**بێچووەکانم، سەر لە سبحەینێ، هەموو دەورم دەدەن**
**ئەو ئەڵێ، پوولم نەماوە، ئەم دەڵێ بێچووم دەوێ**
**باوجوودی ئەم هەموو تەکلیفە گێژیان کردووم**
**کوڕ خەیاڵی ژن ئەکات و کچ دەڵێ من شووم دەوێ**[٦٠]

لەم بابەتە شیعرە کوردییە لە دیوانی شێخ ڕەزادا زۆرە، زۆربەیان لە خانەی

باسی ژیان و گوزەرانی شێخ ڕەزاشدا باس دەکرێن:

**بارەکەڵڵا، حەسەن ئاغای کوڕی مەحموود ئاغا**
**کـەفـی فـەیـیـازە، دڵـی واسیـعـە، چـاوی تـێرە**

***

**ئەمە سێ ڕۆژە کە سەرگەشتەو و حەیران دەگەڕێم**
**کێم هەیە غەیری وەلی نیعمەتی فەرخوندە شیعار**
**یـەعـنـی هـەم نـامـی نـەبـی حـەزرەتـی ئـەحـمـەد پـاشا**
**فەخری دین، کانی حەیا، بەحری کەرەم، کۆهی ویقار**
**مەدحی ئیحسانی بکەم، عیلمی بکەم، فەزلی بکەم**
**بـە خـودا خـاریـجـە ئـەوسافی حـەمیدەی لـە شومار**
**کـەفـی زەرپـەخشی کـەوا مـەنـبـەعـی دوڕڕو گـوهـەرە**
**مـیسلی بـەحرێکە نـە ساحیـلی بێت و نـە کـەنـار**(٦١)

لـەم پـارچـانـەی شێخ ڕەزادا جـارویـار هـەندێك دێڕ لـەم سنووری قسەگـەرییە دەچـێتـە دەرەوە، شاعـیـر بـە بـەیـەکدادان و بـەدوای یـەکدا هـاتـنی چـەند وەسفێك دەنگدانەوەیەکی وشەگەری سازدەکات وەك «فەخری دین، کانی حەیا، بەحری کـەرەم، کـۆهـی ویقـار»، ئـەمـەش ئـەگـەر بـەوردی بـۆی بگـەڕێین دەیبـەیـنـەوە سەر بنەڕەتی پێوەندی بە سامانی ستایشی ئەدەبیاتی فارسییەوە. بەڵام کوردییەکەی هـەر سەرەتای دامـەزراندنی هۆنینەوەیە، کەچی شێخ ڕەزا، لە بـابـەتی ستایشی فارسیدا، بە هـەموو شکۆ و دەنگ و ئـاوازی شیعری ستایشی فارسییەوە دێتە مـەیدانـەوە:

**رویم بدیده سجده کنان خەك راهرا**
**شکـرانـەء قـدوم ولایت پـنـاهـرا**
**ای والـی ولایت زورا خـوشآمـدی**
**بـرزن بـجـای بـرمکیـان بـار گـاهـرا**(٦٢)

یـا:

گـــر شعـــاع خسرو أنجم نـــبـــودی مـــاهـــرا
مـــاه مـيـگـفـتـم جـمـال (نـاصر الـدیـن) شاهـرا
نـــور مـــاه اُفــتـــاب و نـــور شاه از خـــویشتن
در حـقـیـقت فرق بسیـارست، شاەو مـاهـرا[٦٣]

شێخ ڕەزا ناوەڕۆکی پارچەی یەکەم، بە داوای بەخشش و چاوەدێریکردنی تەکیەی تاڵەبانیی بەغدا تێك دەدات، با لە ڕەونەقی شیعر و ئاوازە دەنگدارەکەیی کـەم نـەکـردبـێتـەوە، بـەڵام لـە پـارچـەی دووەمـدا، هـەر لـەو خـانـەی سـتـایشی پادشاهانەدا دەمێنێتەوە، کە شەقڵی بەرهەمی زۆر شاعیری مەزنی فارسە. ئەم چەشنە دووهێڵییە لە چەند پارچەی تردا خۆی دەنوێنێت[٦٤] هەروەك هەندێ پارچەی تورکیشی لەگەڵ شیعری ستایشی کلاسیکی تورکیدا شایانی بەراوردە.

بۆ شیعری ستایشی کوردیشی، ئەوەی باس کرا بەشێك بوو لە ستایشی شێخ ڕەزا، بەڵام هەر لە بابەتی ستایشدا دوو جۆری تر دەبینین، کە ڕاستگۆیی و شاعیرێتیی شێخ ڕەزا دەردەخەن و سۆز ی ڕاستەقینەی دەروونێکی پاکیان تێدا بەدی دەکرێت. بۆ نموونە: لەو پارچەیەدا کە ناونراوە «سمایلی مەلا خالید لە سەفەر هاتەوە»، لەپاڵ دیمەنی چەند بابەتێکی جیاوازی شیعری شێخ ڕەزادا، سۆز و دڵسۆزیی ڕاستەقینەش دیارە. بەڵێ.. وەسفی قارەمانێتیی ئەو پارچانەی تێدایە کە بۆ شانازی و ئازایی تەرخان کراون. وەك لەمەوبەر وترا، کەرەسەی شانامەیی بۆ داڕشتنی پارچەکە خستۆتە کار: « مەردی مەیدان، شێری یەزدان، ڕەعدی غەڕڕان، هوزەبری پڕ هونەر، سامی نەریمان، لەندەهووری ئیبنی سەعدان، مالیکی ئەژدەر، بێژەن، گیو، ڕۆستەمی مازندەران، سولەیمان، جەللادی وەسمان .. هتد ». هەروەك وێنە کۆمێدییەکانی شێخ ڕەزا لێرەشدا ون نابن:

ژێر دەستی ئەسعەد ئاغا بووین وەکو مووری زەعیف
بـۆ خـەڵاسیـمـان سمایل وەك سولـەیمان هـاتـەوە[٦٥]

یا:

پێی ئەکا ئەتك و سیاسەت هەرکەسێ خۆی حەز بکا
قاتیلی ڕۆحی حەمە و جەللادی وەسمان هاتەوە[٦٦]

بەڵام بە هەموو جۆرێك پارچەكە دەچێتە خانەی ستایش و ستایشی دڵسۆزانەی شێخ ڕەزاوە، كە گەورەترین وێنەی لە ئاگاداری (ئەمین فەیزی)دا دەبینین.

ئەمین فەیزیی میرئالای تۆپچی و زانای گەورەی ماتماتیك، شاعیری بەهرەوەری خاوەنی دیوانی«شوعاعات»، نووسەری یەكەم كتێب، یا یەكەم هەوڵدانی نووسینەوەی مێژووی ئەدەبی كوردی(٦٧).

ئەم ئەمین فەیزییە گەورەیە لە شیعری شێخ ڕەزادا جێگەیەكی تایبەتیی هەیە. دیارە كە هەر هەستی خۆشەویستی و دڵسۆزی پاڵی بە شێخ ڕەزاوە ناوە كە بەم چەشنە بكەوێتە وەسفی. بەتایبەتی كە زۆری وەسفەكانیش پاش گەڕانەوەی شێخ ڕەزا لە ئەستەموول كراوە. چونكە لە چوونی ئەستەموولیدا بە ئەمین فەیزی گەیشتووە و دیارە خزمەتی شاعیری كردووە و وا كاری تێ كردووە كە لە ستایشی شێخ ڕەزادا جێگەیەكی تایبەتیی بێت:

**كە تەشریفی شەریفی هات ئەمین فەیزی بەمیوانی**

**لە عوهدەی شوكری دەرناچم مەگەر خۆم كەم بەقوربانی**

شاعیر گیانی خۆی و ئەمین فەیزی بە یەك شت دەزانێ، چونكە لە یەك سەرچاوەی سروشتەوە هاتوون:

**ز أربـــان دانش أمين فـــيـــضى دا**

**إمـــتـــيـــازيست كــز فــن ضيـــارا**

**نشانـــهـــاست بــر اتحاد مــن و تــۆ**

**ز يك مــايــه گــويــى سرشتــنــد مــارا**

**زيــاد و كــم أز نــام نــامــيت نــبــود**

**بــرسم جــمــل گر شمــارى (رضــا)را(٦٨)**

شاعیر لە پارچەیەكی فارسیدا بە یانزدە دێڕ ستایشی ئەمین فەیزی دەكات:

**مشربت خــوش لــهــجــه شيــريــن است**

**دهـــنت درج گـــوهـــر آكين است(٦٩)**

تا دەڵێت:

خـــاطــرت شاد بـــاد (أمين فـيــضى)
زان کـــه دريـــاى دانش و ديـــن است
دشمـــــنت خـــاکسارو زيـــرو زبـــر
زان که درخورد لعن و نفرين است
فـــضلـــرا دانـــد از خـــداى (رضا)
نه أز آن شاعيران خودبين است[٧٠]

ديارە لە هەموو يادگارى ئەستەموولْدا، ئەمين فەيزى لە هەمووشت زياتر لە دڵى شێخ ڕەزادا جێگير بووە. لە دەفتەرى هەجوو و ستايش و گاڵتەى ئەستەمووڵى شێخ ڕەزادا گەلێك ناو دێنە ناو تۆمارەوە، بەڵام ئەو ناوانە هەر لە جێى خۆياندا دەمێننەوەو جارى تر نايەنەوە سەر زمان و ناو شيعرى شێخ ڕەزا، بەڵام يادى ئەمين فەيزى پەيكەرى ناو دڵ و ياد و شيعرى شێخ ڕەزايە:

آنـــچـــنـــانم ز هـــجـــر کـــاکـــه أمين
کـــــــه نـــــــدام يسارِرا ز يمين
آن کـــنـــد بـــخت قـــط نـــبـــيـــنـــم يـــار
تـــازنم خـــنـــده بـــر زمـــان و زمين
چـــنـــد ريـــزم بـــيـــاد روى تـــو أشك
چـــنـــد بـــاشم ز دوريت غـــمـــگين
تـــا غـــمـــيـــرا بـــحـــيـــلـــه چاره کـــنـــم
ديـــکـــــرى سر بـــــرآورد ز کـــمين
مستـــم أز جـــام بـــادهء فـــيـــضت
چـــون مسيـــحـــا ز روح فـــيض أمين
سالـــهـــاى دراز بـــاقـــى بـــاد
بسلامت أمين مـــــــــــا أمين[٧١]

ئەمين فەيزى لە باسى شێخ ڕەزادا ئەوەى نيشانداوە كە نامە نووسينى شێخ ڕەزا بۆ ئەو زۆرتر بە شيعر بووە. بەڵام بەداخەوە كەم لەو نامانە ماون، ڕەنگە ئەم دێڕانەى تۆمارىيان دەكەين بەشێك بن لەو نامانە، چونكە لە زۆر دێڕيـاندا

ساکاریی نامە نووسین دیارە، بەڵام لە نێوان ئەو سفتی و ساکارییەوە شەپۆلی سۆز و خۆشەویستی سەردەکات.

ئەوەتا پاش هاتنی نامەیەکی ئەمین فەیزی، شاعیر نووسیوییە:

**الا ای هنرمند یار قدیمی**
**توی خسرەوانرا سزای ندیمی**
**ز حکمت بپرداختی نامەء تو**
**بدادی دران نامە داد حکیمی**
**هیوای نسیمی ازان حکیمی**
**هوای نسیمی ازان گشتە نامش**
**کە جان پرواند هوای نسیمی**
**بدانش ترا هیچ همتا ندیدم**
**مگر جوهر فرد و در یتیمی**
**تو خواهی سفر أز یمن، دور کن**
**امین فیضیا در دڵ من مقیعی**(٧٢)

بەڵێ.. پەیکەری ئەمین فەیزی وەك وتراو وەك لە دوادێڕی ئەم پارچەیەدا دیارە، وا لە دڵی شێخ ڕەزادا، بەڵام دیارە کە ئەو پەیکەرە لای شاعیر زۆر لەوە نەمرترە و پاش لاشە و دڵی هەردووکیان هەر دەمێنێ وەك ما:

**نسبت من بأمین فیضی أزلی است**
**همچو سنی بعمر، نەچو روافض بعلی است**(٧٣)

بۆ ئەوەی وێنەکەی ئەمین فەیزی بۆ پەیکەری مێژوو و یادگار باش بێت:

**در حضر ممتاز و ممتاز از سفر بازآمدی**
**اول و أخر (أمین فیضی) تو ممتاز آمدی**(٧٤)

یا ئەم دوو دێڕە تورکییەی:

**أستاد سخن، میر سخن سك**
**خلاق معالی دنیلان وار ایسەسن سك**

**ای کـــان کــمــالات (امین فــیــضی) أفــنــدی**

**مجموعهء خلق (حسن)، خلق (حسین) سك[٧٥]**

هـەر بۆ تـەواوكردنی وێنـەكـەش دەبێ ئـەم دوو دێڕە توركییـەی ئـەمین فـەیزیش تۆمـار كرێت، كە بۆ شێخ ڕەزا نووسراوە:

**واصل اولـــدی دستـــمـــە اشعـــاركــز**

**پك گـــوزلـــدر طـــوغـــریسی افـــكـــاركــز**

**غـــرق نـــور مـــفـــخـــرت اولـــدق او گـــون**

**چـــوق شكـــر بـــو عـبـد بـــی مقداركز[٧٦]**

ئـەگـەر ئـەم هـەموو دێڕانـەی كە بۆ ئـەمین فـەیزی وتراوە، بـابـەتی چـەشنی دووەمی ستـایشی شێخ ڕەزا بن ، ئـەوا هـەر لـە بـاسی ئـەم چـەشنـەدا دەوترێت: شێخ ڕەزا زۆر دڵسۆز بووە بۆ ئـەو وشانـەی دایڕشتوون، هـەریـەكـەیانی لـە جێی خۆیدا داناوەو بۆ هــەر شوێن و بــاس و كــەرەسـەیــەش وشە و وێنــە و وەسفــی تــایــبــەتــیــی خــۆیــی دۆزیوەتـەوە. بۆ هـەندێك وەسف و ستـایشە، بۆ هـەندێك ئـەم ستـایشە تێكـەڵ بـە گلـەیییـە.، بۆ هـەندێك كـەوتۆتـە هـەجوو، هـەجووەكـەش لـە زۆر شوێندا پلـەی جیـاوازی هـەیـە. چونكە لـەكـاتێكدا كە زۆر بـەتیژی هـەجووی گـەلێك لـە خزم و كـەس و كـاری خۆیی كردووە، یـا بـاسی گـەلێك لـە نـاوداران و شێخـانی ئـەو سـەردەمـەی كـەركووكی كردووە، شتێك پـاڵی پێوە نـاوە كە بـاسێكی سـەید ئـەحمـەدی خـانـەقـاش بكـات. بـەڵام هـەرچـەند تـاوی داوەتـە خۆی لـەوە زیـاتری پێ نـەوتراوە كە بڵێت:

**خـانـەقـا تـەوبـە لـە سـەید ئـەحمـەدو نـان و خوانی**

**لـە تـەعامی، شـەلـەم و بـامێ و بـاینجانی[٧٧]**

دیـارە ئـەمـە چـەشنـە گلـەییـیـەكـە و شـاعیر نیـازی ئـاشتبوونـەوەی هـەیـە، چونكە هـەر شێخ ڕەزاش وتوویـەتی:

**بـەمـارف بـەگ بڵێن قـەتعی مـەعـاشی من نـەكـا چـاكـە**

**زمـانی من لـەبۆ ئـەعدا وەكو مـارێكی زوحـحـاكـە[٧٨]**

شێخ ڕەزا هـەر لـەو دڵسۆزییـەوە بۆ وشـەی دڵ دارشتن، لـە پـاڵ هـەموو هـەجوو و

نێوان ناخۆشییەکیدا لەگەڵ جەمیل سدقیی زەهاویدا کە لە موفتیی زەهاوی دەدوێت، زمانی ستایشی دێتەوە قسەو دەنووسێت:

**ئەی مادەری گێتی تۆ هەتا ئێستە نەزاوی**
**زاتێکی وەکو فەیزییە ئەفەندییی زەهاوی(٧٩)**

هەر بە زەهاویی مەزنیشی وتووە:

**مومکین نییە ئیدراکی حەقایق بەتەواوی**
**مومکین نییە ئیدراکی نەکا زیهنی زەهاوی(٨٠)**

گەورەترین پلەی ستایشی شێخ ڕەزا، لەو چەند پارچەیەیدا کۆدەبێتەوە ، کە تێکەڵ بە مێژووی کورد و سلێمانی بوون . سۆزی دڵسۆزی، هەستی نیشتمان پەروەری، ڕاستگۆیی مرۆڤ و شاعیری تێدا دیارە.

شێخ ڕەزا و دەوری بابان یا میرانی بابان و شێخ ڕەزا و شێخانی سلێمانیی پێش شێخ مەحموود، سەر باسێکن کە شێخ ڕەزا بە خاکی سلێمانییەوە دەبەستن. شکۆی مێژوو و ڕابوردوو سەرسامی و ڕێزی ڕۆژی خۆی و هیوای دوارۆژی شاعیر و کورد لەنێو دێڕەکانەوە گزنگ دەدەن.

سەرەتا باسی شێخ ڕەزا و بابانە، لەم باسەشدا سێ بەش یا سێ پلە دەبینرێت.

یەکەمیان ، وێنەی ئەحمەد پاشای بابانە، ئەم وێنەیە لە شیعری شێخ ڕەزادا بەستراوە بە ئەستەموولەوە، واتە – وێنەی ئەحمەد پاشایە لە ئەستەموول و وێنەی شێخ ڕەزا خۆیەتی لە ئەستەموول. شیعر دەرخەرو دەربڕی پێوەندییانە، یا هەرخۆی یەکێکە لە جەمسەرە گەورەکانی ئەو پێوەندییە. لەپاڵ هەموو بەڵگە مێژووییەکاندا شێخ ڕەزا وێنەی ئەحمەد پاشا نەخشە دەکێشێت، شتێك دەربارەی ژیانی ئەستەموولی بەجێ دێڵێت، ئەوە دەردەخات کە ئەحمەد پاشا لەوێش پاشایانە ژیاوە، بەخشندەیی یەکەم دیمەنی ژیانی بووە، جەمسەری یەکەمی پێوەندی شێخ ڕەزا خۆی و شیعری بووە بەوەوە. لەمەوبەر چەند دێڕێکی ستایشی شێخ ڕەزا بۆ ئەحمەد پاشا تۆمار کرایەوە، ئەوە نموونەی ستایشی شاعیرە بۆ ئەحمەد پاشا، بەڵام لەپاڵ ئەو سیفەتانەدا لەچەند شوێن باس لە ئازایی ئەحمەد

پاشا دەکات:

**هوش دار (رضا) هرزه مگو زانكه بد آيد**
**بـر طبـع ولـى نـعمت فرخنـده سيـر بـر**
**(احمد) لقب آن والى جم جاه كه باشد**
**صد رتبه ز جمشيد به اصل و به گهر بر**
**طهمورث و هوشنگ و كيومرث و سياميك**
**جمشيد كند فخر بدين چار پدر بر[٨١]**

لە شوێنێکی تردا وەسفەکە لەم سنوورانە دەباتە دەرەوە و نەخشەی پاشایەکی بۆ دەکێشێت کە هێشتا لەسەر کار و خاوەن دەسەڵات بێت:

**آصف جـــم صفت و داور إقـــلـــيـــم گشا**
**صاحب سيف و قلم حضرت (أحمد پاشا)**
**در گـــروه وكـــلا عـــارف و دانـــاتـــر آزو**
**هست گـفـتـم بـخـرد گـفت نـه كلا حـاشا**
**دهـر در طـاعت أو (يـصرفـه كيـف يـريد)،**
**چرخ در قبيضهء أو (يقلبه كيف يشا)[٨٢]**

ئەم چشنە پێوەندی و ستایشە لە ئەحمەد پاشاوە دەچێتە سەر کەسانی تری نەوەی بابان. شاعیر لە ستایشی حەمدی پاشای باباندا وتوویەتی:

**ورق أز جـــبـــريـــل خـــواهـــد كـــلك إنشارا**
**كـه در هـر نـامـه نـتـوان بـرد نـام (حـمـدى پـاشارا)**
**وجــودى (مـــعـــن) را زائـــد شمـــارد مشرب جـــودش**
**ز (حاتم) عارش آيد فضله خواند فضل يحيارا[٨٣]**

یا بۆ مەجید پاشای بابان وتوویەتی:

**دست گـوهـر فشانـى، غـبـطـهء كـان**
**كـــف احسانـــى، رشك دريـــادر[٨٤]**

بەڵام شاعیر لە هەموو ئەم وێنانەدا ناتوانێ ستایشکراوەکانی لە بنەچەو

ڕەچەڵەکی خۆیان داببڕێت. واتە لەو چەند کەسەوە دەچێتە سەر پلەی دووەمی ئەم ستایشە، کە باسی بابانەکانە بەگشتی .

لە کۆتایی یەکێك لەو پارچانەدا کە بۆ ئەحمەد پاشای نووسیوە دەڵێت:

**نسبت نتوان کرد بدين جلمهء معدود**

**آباد کرامش که نیاید به شمر بر**(٨٥)

یا لەباسی مەجید پاشادا وتوویەتی:

**شخص کامل اگر بولنسه بو گون**

**مرحمتلو مجید پاشا در**

**دودمان ملوك بابانك**

**قالمه بر شمس عالم آرا در**(٨٦)

یا تێکڕا ئەم ستایش و پێوەندییانە لە هەموو بابانەکاندا کۆدەکاتەوە و دەڵێت:

**سائیل بە غینا، نائیل ئەکا، بەخششی کەمتان**

**ئالی (بەبە) یاخوا نەڕزی دەستی کەرەمتان**

**هەرچەند بە مەسەل خەنجەری ئەلماسە زوبانم**

**نابڕی سەری مویی لە ئەدای شوکری نیعەمتان**

**گیرفانی گەدای کردووەتە کانی جەواهیر**

**ئیکسیری نیساری، زەڕو شاباشی درەمتان**

**ئێوەن بە حەقیقەت مەلیکی میللەتی کوردان**

**شایانە زیارەت بکرێ خاکی قەدەمتان**

**ئینکاری حقوقیات لەسەر ئەم میللەتە ناکرێ**

**ئابایی فەرەیدوون، فەڕو جەمشید حەشەمتان**(٨٧)

هەر ئەم کۆ کردنەوەیە شاعیر بەرەو پلەی سێیەم دەبات، کە پلەی شیعری نیشتمانییە. بابان لای شاعیر دەبێتە یادگاری ڕۆژانی ڕابوردوو و هیوای ئەمڕۆی بە دواڕۆژ. شاعیر لەو پارچەیەدا کە عەلادین سەجادی بە شیعری مێژوویی دادەنێت و(٨٨) یەکێکە لەو بەڵگە مێژووییانەی دەچنە سەر پارچەکانی سالم،

خۆی دەباتە کۆڕی نیشتمانپەروەرییەوە، وەسفی شکۆی سلێمانی و ڕۆژانی بابان دەکات و لە لاپەڕەی یادگاری منداڵییەوە تابلۆیەکی تەزووبەخش و گیان خۆشکەری ڕابوردوو پیشان دەدات و خۆی بێ هەڵوێست ناوەستێ:

**درێغ بۆ ئەو زەمانە، ئەو دەمە، ئەو عەسرە، ئەو ڕۆژە،**

**کە مەیدانی جریدبازی، لە دەوری کانی ئاسکان بوو**(٨٩)

بابان لای شاعیر زیاد لە میر و بنەماڵە و پێوەندی دەبێت بە ڕەمز، بە ڕەمزی شتێکی گەورە، ڕەمزی خاك و خەڵك و مەسەلە و سنووری مەسەلەکاش گەورەتر دەبێت و لە سلێمانییەوە بەرەو هەموو کورد دەچێت و بەرەو پێوەندیی دێرینەی کورد و عەرەب دەڕوات:

**عەرەب، ئینکاری فەزلی ئێوە ناکەم، ئەفزەلن، ئەمما**

**سەلاحەددین کە دنیای گرت لە زومرەی کوردی بابان بوو**(٩٠)

شێخ ڕەزا لێرەشدا چمکێکی ستایشی خۆیی لەبیر ناچێتەوە، دەچێتەوە سەر پلەکەی دووەم، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا ئاسۆی لێکدانەوەیەکی ترمان بۆ دەردەخات:

**قبووری پڕ لە نووری ئالی بابان، پڕ لە ڕەحمەت بێ**

**کە بارانی کەفی ئیحسانیان وەك هەوری نیسان بوو**(٩١)

شێخ ڕەزایە و ستایشی.. کەفی ئیحسان.. دەکات، بەڵام ئیحسانی کەسێك کە نەماوە و شاعیر لە هەڵوێست و دەروونێکی پڕ لە خۆشەویستی و ئەمە گداری و وەفاوە «قبوور» یان «پڕ لە نوور» دەکات. ئەمەگ و وەفادارییەکەش، لە کەسێکەوەیە کە کاتێ«سلێمانی دارولمولکی بابان» بووە، «ئەو وەختە عومری پێنج و شەش تیفلی دەبوستان بوو» کەسێك نەبوو کە لەو کەفی ئیحسانە شتێکی پێ بڕابێت. بەڵکو ئەمەکداری و وەفاداریی ئەم بەرامبەر بەو مەسەلەو بەو خاکەیە کە ئالی بابان لای ئەو نیشانە و ڕەمزیان بوون. برای نووسەر ئەحمەد غەفوور لە زمانی شاعیر و بیر ڕووناکی کۆچکردوو ئەورەحمان بەگی بابانەوە دەگرێتەوە(٩٢):

ئەوڕەحمان بەگ ئەو پارچەیەی شێخ ڕەزای بەلاوە زۆر بەنرخ بوو، بەوێنەی

پاکی و دڵسۆزی و ڕاستیی شێخ ڕەزای دەزانی. چونکە ئەو پارچەیە لە کاتێکدا وتراوە کە حوکمی بابان تێکچووبوو وەك سالم وتوویەتی (شارەزوور بەحرە و سلێمانی گەمییە ڕەنگ). تەنانەت شێخ ڕەزا کاتێك ستایشی ئەحمەد پاشای بابانی کردووە، کە پاشا نەبووە و دەسەڵاتی نەماوە و لەسەر کار دوورخراوەتەوە و بۆ دەرەوەی وڵات نێرراوە. ئەم ڕایەی ئەوڕەحمان بەگ هەروەك بەرامبەر بە شێخ ڕەزا ڕاستە و دەوترێت. پێش ئەو سالمیش تۆمار دەکرێت. چونکە ئەویش داستانی.. «عەزیز بەگی بابان»ی پاش ڕووخانی دەسەڵاتی بابان وتووە. لە بەرئەوە ستایشی هەردووکیان لە دەروونێکی بە کوڵ و پڕ لە ڕاستییەوە هاتووە و ستایشی شاعیرێك نییە کە بۆ مەبەس و خەڵات و پایە و بەخشش بەخەلیفە و سوڵتاندا هەڵدا. ئەمە هەستی مرۆڤانەی شاعیرە و ڕاستگۆییی شاعیر لێرەدا بە باشی دەبینرێ.

لە زۆربەی شیعری شێخ ڕەزادا ئەم چەشنە ڕاستگۆییە دەبینرێت. بێجگە لەوەی کەسی وای کردووە کە لە کاردا نەماوە، بۆ ئەحمەد پاشاش، تەنانەت ئەگەر لە ئەستەمووڵ یارمەتیی دابێت، ئەوا شاعیر پاش گەڕانەوەی بۆ وڵاتی خۆی ستایشی ئەوەی کردووە و پێش یارمەتی دانەکەی نییە. بەڵکو لە هەجووەکانیشیدا، هەرچییەك پاڵی پێوە نابێت بۆ هەجوو، هەموو ئەوانەی ئەو هەجووی کردوون زیندو و بوون و بەر چاوەوە بوون و بەشی زۆریشیان کار بەدەست و دەوڵەمەند و خاوەن دەسەڵات بوون[٩٣].

شێخ ڕەزا باوەڕی بەچی هەبووبێت، یا چیی ویستبێت، ڕاست و ڕەوان وتوویەتی، ئەگینا شێخ ڕەزا یا یەکێکی وەکو ئەو نەبێت، کێی ترە لە ناکۆکییا بەم چەشنە ڕووبکاتە تیرەکەی خۆی و بڵێت:

**خزمینە مەدەن پەنجە لەگەڵ عەشرەتی جافا**

**مێروولە نەچێ چاکە بەگژ قوولّەیی قافا**[٩٤]

ئەمە لە کاتێکدا کە تیرەکەی خۆیی بەکەم و بێ توانا نەزانیوەو لە زۆر شوێندا زۆر بە شانازییەوە باسی چاکی و ئازاییانی کردووە. شانازیی شیخ ڕەزا بەدەوری

بابانەوە، لە زمان شاعیرێکی وەکو ئەوەوە وەفادارییی خەڵکیشە بەرامبەر بەو مەردانەی پارێزگاریی خاکی نیشتمانیان دەکرد:

**ئینکاری حقووقیان لەسەر ئەم میللەتە ناکرێ**
**ئابایی فەرەیدوون، فەرو جەمشید و حەشەمتان**(٩٥)

ئەو شێخ ڕەزایەی نموونەی شانازی بوو بەخۆی و بە شیعری خۆیەوە، بەزمانی تیژ و هەموو شت بڕی خۆیەوە، کە دێتە سەر باسی بابان، زۆر بە تەوازوعەوە خۆی لە ڕاستیان کەم و بچووك دەکاتەوە:

**هەرچەند بە مەسەل خەنجەری ئەڵماسە زوبانم**
**نابڕێ سەری موویێ لە ئەدای شوکری نیعەمتان**(٩٦)

هەر ئەمەش لێرەدا هاوکێشێکی شیعری شێخ ڕەزا لەکار دەخات، ئەویش هاوکێشی بەرامبەریی ستایش و هەجووە.

لای زۆر ناو و زۆر دەستە و تەنانەت زۆر تاقم و ڕێبازی ئایینیش کە لە دیوانی شێخ ڕەزادا ناویان هاتبێت بەرامبەر بە ستایشی زۆر هیچ نەبێت دێڕە هەجوێك دەبینین. بەڵام بەرامبەر بە بابان نا. بەرامبەر بەوان هەر ستایشە و لەو هەستە بەرزەی شێخ ڕەزاوە هاتووە. تەنانەت ڕەنگە تا ئەوکاتە هەر بە ئومێدی دواڕۆژی کوردیشی زانیبن. هەر بۆ ئەحمەد پاشا وتوویەتی:

**تاوەکو دەورە بکات و بگەڕێ چەرخ و فەلەك**
**تاوەکو دێت و دەچێ، بێت و بچێ لەیل و نەهار**
**بەمرادی بگەڕێ شەمس و قەمەر چەرخ و فەلەك**
**زەرەفەرو فەتحی قەرین، بەختی موعین، تالعی یار**(٩٧)

ئەم دوعای بەمراد گەڕان و فەتح و زەفەر و سەرکەوتنە بە ئەحمەد پاشا و بابان نایەتەدی، شێخ ڕەزاش هیوا نابڕێت. دیارە مەسەلە لای شاعیر لەوە قووڵتر و فراوانترە کە بە تاقە کەس و تاقە بنەماڵەیەوە ببەستێت. لە هەست و ویژدانی شاعیردا مەسەلەی خاك و مەڵبەند و گەل جۆش دەخوات و ڕوودەکاتە ئەو خاك و مەڵبەندە و ژیانی خۆیی پێوە دەبەستێت و کێ خاوەن توانا بێت دەیکات بە کانیی

هیواو دەڵێت:

**مەربووتە حەیاتم بە سلێمانیی و خاکی**[٩٨]

**خۆزگەم بە سەگی قاپییەکەی ئەحمەدی کاکی**[٩٩]

دیسان هاوکێشیکی تازە دێتەوە کایەوە. «شێخانی سلێمانی» جێی «بابان» دەگرنەوەو دەبنە مایەی هیوای شاعیر. جۆری باس و ستایشەکەی بابان و پلەکانی ئەو ستایشە و هەموو سووچەکانی هاوکێشەکە بەسەر ئەندامدا دەهێنرێتە دی.

دڵسۆزی و ڕاستگۆییی شێخ ڕەزا لێرەشدا لەوەدا دەبینرێ، کە پاش کۆچی کاك ئەحمەد ئەم شینە بەسۆزەی بۆ دەکات و ئەو جێگە بەرزەی دەداتێ و یادی پاکی دەخاتە ناو یادی نەمری مەردانەوە.

شاعیر بۆ کۆچی شێخ، زەوی و ئاسمان دێنێتە خوارێ، بەڵام ترووسکەی هیوا ون ناکات:

**دنیا لەدوای حەزرەتی شێخ زێرو زەبەر بێ**

**وەك تاجی کەی و جامی جەم و بەختی زوحاکی**

**دەرحەق بە حەفیدانی ئەدەب لازمە زینهار**

**قوربانی حەفیدانی دەبم بابی یو داکی**[١٠٠]

لەناو حەفیدانی شێخدا بۆ شوێن گرەوەی سەرداری خاکی سلێمانی دەگەڕێت بۆ واریسی موڵکی بابان دەگەڕێت:

**شێخ سەعید سەردارە، شێخ مەعرووف هەتا حەزکەی نەجیب**

**بۆ جوانمەردی و شەجاعەت بەینی بەینەڵڵا نەقیب**[١٠١]

وەك دەزانین، شێخ ڕەزا لە زۆر کاتدا لە پاڵ ئەو هەموو شانازییەوە بە خۆیەوە، شاعیری تیرەی تاڵەبانیش بووە، بەیتی شانامە ئامێزی بۆ شەڕیان دەنووسی، باسی ئازایی دەکردن. بەڵام کە شێخانی سلێمانی لەگەڵ تاڵەبانی تێك دەچن، شاعیر بێ دەنگە و خۆی ناخاتە کۆڕی ئەو تێکچوونەوە، زمانی هەجووی بۆ ئەوان ناخاتە کار. تەنیا بۆ ئاشتبوونەوەیان دێتە سەماو ڕۆژی ئاشتبوونەوە بە جەژنی

خۆی و هەموو تیرەکەی و هەموو کەرکووك دادەنیٚ:

**ماه رمضان آمدن چون گذرد نوبت عید است**
**پــیٚش از رمــضان آمــدن عــیـد کــه دیـده است**
**کــرکـــوك چـــرا بـــر هـــمـــه آفـــاق نـــنـــازد**
**إمـــروز کـــه آرامـــگـــه ایـــن سه حـــەفـــید است**
**أز عـــیـــد غـــرض صحـــبت آن قـــدوەء سادات**
**سردار گـــروه شرفـــا (شیٚخ سعــــیـــد) است**
**صد شکـــر کـــه مـــقـــدم آن یـــار عـــزیـــزان**
**هر سال دو عید آمد و امسال سه عید است**
**أز سعـــدیـــی آن(شیٚخ سعـــید) است کـــه امسال**
**مـــقـــراض حـــوادث سر مـــویـــی نـــبـــر یـــده است**
**بـــا آل نـــبـــی پـــنـــجـــه زدن پـــیشەء مـــا نـــیست**
**ایـــن واقـــعـــه، تـــقـدیـــر خـــداونـــد مـــجـــید است**
**نسبت نـــه کـــنـــونست بـــدیـــن درد (رضا)را**
**در روز أزل، عاشق و درویش و مرید است(١٠٢)**

ئەم ستایشە لە پارچەیەکی فارسیی١٣دیٚڕیدا کە بۆ شیٚخ مستەفای نەقیب نووسراوە، دووبارە دەبیٚتەوە. شاعیر ستایش کراوەکەی بە باشترین جیٚنشینی کاك ئەحمەد دادەنیٚت، بەرزترین بیانووی ستایشی بۆ شیٚخانی سلیٚمانی ئەوەیە کە سەیدن و لە نەوەی پیٚغەمبەرن . بەڵام ئایا ئەم بیانووە هەر لەبەر بەرزی و خۆشەویستیی بەرەی سەیدە لای شیٚخ ڕەزا، یا بابەتی هاندان و بەرزکردنەوەیانە لای خەڵك.

ڕەنگە ئەمەی دووەمیان ڕاستتر بیٚت، چونکە شیٚخ ڕەزا دەمی خۆی لە هەندیٚك سەیدی تر نەگرتووە. بەڵام بۆ ئەمانە تەنانەت لەوەش دەچیٚتە دەرێ کە مەبەسی چاو لە بەخشش بوون بیٚت، هەر چەندە چاویشی هەر لیٚی بووە.

**ای تـــرا بـــنـــدەگـــی مـــن نـــه بـــأمـــیـــد طـــمـــع**
**نـــدهـــم دست کـــریـــم تـــو بـــصد وجـــه کـــفـــاف**

**امــتــيــاز از ديــگـران داده خـدايت بسه چـيـز**

**هــمت عـــالــى و دست كـرم و طـيـنت صاف**

**تــكـيـه بـر مسنـد جـدت زن و انـديشه مـكـن**

**جــز سرانــگشت نــدامت نــگــزد أهــل خـلاف**

**خــصمــرا تــبــغ زبــان مـن و شمشيـر تـو بس**

**وى أزان روز كه اين هردو برايند ز غلاف(١٠٣)**

شێخ ڕەزا مەبەس و ناوەڕۆكی ئەم پارچانەی لە پارچە فارسییەكی ترا(١٠٤) كە بۆ ستایشی سێ نەوە (حەفید)ی كاك ئەحمەد، بۆ شێخ سەعید و شێخ مارف و شێخ مستەفا نووسراوە دووبارە دەكاتەوە، دوایی ئەو پارچەیە بە دوعایەكی بەسۆز دێنێتەوە و دەڵێت:

**دوعاى اين سه حفياست ورد روز و شبم**

**بلطف خود همەرا دست گير يا ربى(١٠٥)**

بەڵام كە دوعای شێخ ڕەزا گیر دەبێ، هیوای ئەو و كورد لە كوڕی یەكێك لەو سێ حەفیدەدا هاتەدی، شێخ ڕەزا نەمابوو، تا تیغی زمانی ئەو بچێتە پاڵ شمشێری ئەو شۆڕە سوارەی ئالی حەفید و (ڕۆژ ئەو ڕۆژە بێت) كە ئەو دووانە بكەونە یەك و بۆ خەسم و ناحەز بەس بن. شێخ ڕەزا ئەودەمە چەند ساڵێك بوو، لە بەغدا بە خاك سپێررابوو. شێخی حەفیدیش بە گەیشتنە خاك و مەڵبەندی شێخ ڕەزا شاد نەبوو، كە دەستی ئیمپریالیزمی ئینگلیز ئەو هیوا هاتووەدییەی شێخ ڕەزای لەناودا.

## وەسف

لەشیعری كلاسیكیدا وەسف بە یەكێك لە بابەتەكانی شیعر دادەنرێت. ڕەنگە بۆ شیعری تازە و ئەم سەردەمە، ئەو بابەتە لەلایەكەوە بە هەڵقەی پێكەوە بەستنی كۆن و نوێ، بەڕەگەزی هاوبەشی كۆن و نوێ، دابنێین و ڕەنگە بۆ شیعری تازە بە بابەتێكی نەبووی دابنێیت، چونكە لە شیعری تازەدا، ئەوەی كۆن وەسفی پێ وتراوە، تەواو دەچێتە ناو ڕوخسار و ئوسلووبەوە و لە جوغزی بابەت دەردەچێت.

لە شیعری کلاسیکیدا، هەموو بابەتەکانی تر بە جێگە گۆڕکێ و داڕشتنەوە و پێکەوە بەستنی مۆسیقایەك کە لە سایەی هونەری قافیە و جۆری بەلاغیدا دروست دەکرا، خۆی دەنواند و دەبووە قاڵبی مەبەس دەربڕین. بەڵام لە وەسفدا هەموو ئەمانە دەکەوتنە کار و هەندێ وردبینی و لێ وردبوونەوەو بەرەو وێنەی وردی کۆنکرێتی (حسی) دروستکردن دەخرایە کار و شتێکی تازە دەردەچوو کە (وەسف)ی ناودەنرا. ئەو وەسفەش زۆر جار لە مەیدانی بابەتەکانی تردا نەدەکەوتە کار، تەنانەت بەدەگمەن لە مەیدانی وەسفی یارداجێی بەتەشبیەو ئیستیعارە هەڵدەچنی.

ئەم جۆرە توانای وردبینی و ورد نەخشەکێشانە، تەواو لایەنێکی تری شاعیری دەردەخست و بەپێی ڕەخنەی ئەمڕۆمان، هەستی تێبینی و بەدواداچوون و نەخشەکێشان ڕەنگدانەوەی لای شاعیر دەنواند.

زۆر لە شاعیران، بۆ ئەوەی خانەی جیاکردنەوەی بابەت تێك نەدەن، ئەو بەهرە و توانا و هێزە تەنیا بۆ وەسف بەجێ دەهێڵن و هەندێك مەوزووعی دوور لەوانەی بەبەتەکانی تر دەدۆزنەوە و توانای وەسفکردنیان بۆ دەخەنە کار.

ڕەنگە بتوانین بڵێین شێخ ڕەزا یەکێکە لەو شاعیرانە. لە بابەتەکانی تردا، هەموو کۆبۆوەی وشەی هێنایەدەرێ، بە زەبری بەلاغەتزانی لێکی دان و هێزی ناوەوەی وشەی بە نۆتی مۆسیقایەکی زانراو بێ زۆر لە خۆ کردن خستە خزمەتی مەبەس.

شێخ ڕەزا ئەو توانای وردبینی و وەسف و نەخشەکێشانەی هەندێك جار لە هەجووی ئاشکرادا دەردەخست، بەڵام هێزێکی شارراوەی بەرو مەودا پانی بۆ وەسف هێشتەوە و نوقتەی ئاراسەبوونی بۆ دۆزییەوە:

**ئەو هەیئەت کەڵەشێرە کە بە هڵمەت شێرە**
**کەرەمت کردووە بیستوومە دەسا بینێرە**
**دوو مریشکیشی لەگەڵدا کە فریشکی نەکەوێ**
**خرتی چەند ساڵەیە ئەڵبەت بە مریشکان فێرە**

ئەو شێخ ڕەزایەی مەیدانی هەجوو، بیری گاڵتە ئامێز و خامەی وێنەکێشی

کاریکاتۆریانەی خۆیی لەم کۆڕەدا باش بەکارهێناوە، توانا و هونەرمەندیی شێخ ڕەزا لێرەدا هەر بۆ وەسف نییە، بەڵکو وردیی خۆی لە وەسفی شتی وردا یا وردە شتدا پیشان دەدات.

یەکەم پارچەی کە وێنەی ئەم مەبەسە بێت لە دیوانی شێخ ڕەزادا پارچەی (ئێترێکی ڕووت و قووت)ە. لە پارچەکە بگەڕێین خۆی زۆر مەبەسمان بۆ لێك دەداتەوە.

**میر بە سەد میننەت هەناردی ئێسترێکی ڕووت و قووت**
**دەست و پا سست و سەقەت ئەندامی هەروەك عەنکەبووت**
**خاوەنی ئالیکی نالێم پێ نەداوە موتلەقا**
**داویەتی ئەمما وەکو بیستوومە قووتی لایە مووت**
**پووش لە لای حەلوایە، حەتتاکو پەلووشەی چنگ کەوێ**
**بای ئەدا، لوولی ئەدا، قووتی ئەدا، مانەندی حووت**
**گەرچی ناتوانێ ببزوێ هێند لەڕو کەم قووەتە**
**دەنکە جۆییێکی نیشان دەی، تا قیامەت دێ لە دووت**
**پێشی ڕیش و شانی زامدار و جەدەو بوو ناعیلاج**
**چەند قرۆشێکی هەبوو بۆم دا بە نەوت و عەنزەڕووت**
**مەسلەحەت وایە هەتا نەیخواردووم بینێرمەوە**
**زۆر ئەترسم دەفعەیی قووتم بدا بمکا بە قووت(١٠٦)**

پارچەکە یا ئەم دێڕانەی بۆ مەبەسی وەسف لە هەموو پەراوێز و لێکدانەوەیەك باشتر وردی و توانا و هونەری شاعیر دەردەخات.

شاعیر، لێرەدا لەوە دەرچووە کە بڵێین بیری بۆ ئەوە خستۆتە کار کە چەند تەشبیهێکی تازە بدۆزێتەوە، یا هەوڵی ئەوە بدات کە وێنەیەکی کاریکەتۆری بۆ ئەو ئێسترە بکێشێت و هەر شتەی تەشبیە بکات بە شتێکی تری وا لای خەڵك دیار بێت. بەڵکو شێخ ڕەزا لێرەدا تەواو وێنە دەکێشێت، وێنەیەك کە ئێستا بناغەی توانای هونەرمەندانە.

لێرەوە: (دەست و پاسست و سەقەت، ئەندامی هەروەك عەنكەبووت) بە تەشبیهێكی كۆن دانرێت، بەڵكو ئەمە وێنەیەكی تازەیە، هەر ئەوەش نییە كۆمێدی و گاڵتە ئامێز بێت، تەنانەت ئەگەر پەڕی بۆ بگریت بەدەستەوە و نەخشە بۆ وشەكان بكێشێت، وێنەیەكی كاریكەتۆری دەردەچێت و شێخ ڕەزا پلەیەك لە سنووری شیعری هاودەمی خۆی دەباتە پێشەوە.

**پووش لەلای حەڵوایە، حەتتاكو پەڵووشەی چنگ كەوێ**

**بای ئەدا، لوولی ئەدا، قووتی ئەدا، مانەندی حووت**

لێرەدا وێنەكە، لە فەرهەنگی بەلاغەی كۆندا، بەرامبەر بە (لەف و نەشر) دەوەستێت، دیارە دێڕەكە لەف و نەشری تێدا نییە، بەڵام هەر وەك ئیسلاحی لەف و نەشیر بێت بە تەشبیهو وێنەیەكی كاریكەتۆری وایە. لە بەلاغەدا باسی موبالەغە دەكرێت. بەڵام ئایا ئەم وێنەیەی شێخ ڕەزا موبالەغەی زەیە كەوتوویەتی:

**گەرچی ناتوانێ ببزوێ لەڕو كەم قووەتە**

**دەنكە جۆیێكی نیشان دەی تا قیامەت دێ لە دووت**(١٠٧)

شێخ ڕەزا لە چوار چێوەیەكی پتەو گەڕاوە كە ئەو ئێسترەی تێدا دابنێت:

**مەسلەحەت وایە هەتا نەیخواردووم بینێرمەوە**

**زۆر ئەترسم دەفعەیێ قووتم بدا بمكا بە قووت**(١٠٨)

بیری وردی شێخ ڕەزا لێرەدا دوو هێڵ بۆ وەسفەكە دەكێشێت. لەلایەكەوە ئەو كزی و لاوازی و دەست و پا سەقەتییەی ئێسترێك دەكات بە جاڵجاڵۆكە لەلایەك ئەم هێز و ڕاپەڕموون و جووڵانەوەیە، كە ئەو ئێسترە لاوازە دەگۆڕێ و توانای پیاو خواردنی پێ دەبەخشێ، وەك بووبێ بە گورگێكی چەش یا خێو و دێوێكی كەس لە وزە نەهاتوو. لێرەوە شێخ ڕەزا وێنە دەباتە كۆڕی هەجوو ستایشەوە.

خاوەنی پێشوو ئەوەیە كە هێندە ڕەزیل و چاوچنۆك و شت لەبەرچاوە كە (ئالیك بە ئێسترێكیش) نەدا، بەڵام چونكە ئیشی بەو ئێسترەیە ئەبێ شتێكی هەر بداتێ، ئەوەی شاعیر پێی دەڵێ: (قووتی لایەمووت) واتە (مەمرە و مەژی).

هـەر لـەم وێنـەیـەدا نـاوەڕۆکـێکـی مـانـاداریش خـۆی دێنـێتـە ڕیـزی تـوانـای نەخشەکێشان. بـۆ دەبێت ئەم کاریکاتۆرە هـاواری پێکەنینی شێخ ڕەزا نەبێت بە چەوساندنەوە، بـا چەوساندنەوەی ئێسترێکیش بێت، ئەمە لەو شێخ ڕەزایەوە کە لە چەوساندنەوەی خۆی و خەڵك بێ دەنگ نەبووە، دوور نییە.

وەك وترا، لای یەکەم هەجوو بوو، ئەو خاوەنە کۆنە، پیسکەیەی پێشوو کە بەو جۆرە ڕایگرت تا هێزی پێ نەما. ئەوسا بە سەد منەتیشەوە ناردی بۆ شێخ ڕەزا. هەروەك لای دووەم ستایشی خۆیەتی کە هەژار و بێ پارەیە، بەڵام ئەو چەند قرۆشەی هەیەتی ئەیدا بە (نەوت و عەنزەرووت)، بۆ پیشی ئێسترەکە و مەیتەریشی بۆ ڕائەگرێ.

شێخ ڕەزا لەم مەیدانی وەسف و وێنەگارییەدا، بۆ ئەوەی توانای خۆی وردتر بخاتە کار، وێنەکەی بچووکتر دەکاتەوە و لەو بچووکییەشدا شاعیر هەر ورد ورد وەسف دەردەبڕێ.

لە ئێسترەوە بۆ کەڵەشێر. کەڵەشێری نەقیب، پاشا (کەڵەشێرێکی کرماشانی).

کەڵەشێر ، لە شیعری شێخ ڕەزادا هەر پەڕندە نییە، یا هەر ئەوەش نییە، شتێك بێت حەزی لێ بکا و بیەوێ بەدیاری بۆ بنێرێ، بەڵکو کەڵەشێر لە شیعری شێخ ڕەزادا وێنە و نموونەیە بۆ شتێك کە لە مێشکی شاعیردایە. تەنانەت وێنەی پیاوەتی و ئازایەتیشە.

شاعیر لە وێنەی نامەیەکدا کە بۆ (نەقیب زادە)ی دۆستی نووسیوە ئەم ڕاستییە دەردەخات:

**کەڵەشێرێ بە (ڕەزا) لازمە کرماشانی**
**زیرەك و چاپوك و دەم گەرم و دڕ و شەڕڕانی**
**کەڵەشێرێ کە قەپی گرت لە بناگوێی کەڵەشێر**
**پڕ بە دەم بیپچڕێ وەك سەگی هەورامانی**
**کەڵەشێرێ کە ئەگەر شێری نەڕی بێتە مەساف**
**ڕای ڕفێنێ بە شەقێ میسلی کەری تالانی**

**بــە درێژای وەکـو مــەولان بــەگـەکـەی میـری بـەیـات**

**بـە جـەسامـەت وەکو کوێخـا زلـەکـەی بـیبـانی[١٠٩]**

وەسفـی ورد، بـەدوادا هـاتـنی وشە، تـەنـانـەت تـیپ لـێکدان دەکـەونـە خزمـەتی دوانـەخشە پێکهێنانەوە. (زیرەك و چاپوك و دەم گەرم و دڕو شەڕانی).

شاعیر تین و توانا و هێزێکی گەورە دەبەخشێ بەو کەڵەشێرەی داوەی دەکات:

**کەڵەشێرێ کە قەپی گرت لە پەناگوێی کەڵەشێر**

**پڕ بە دەم  بیپچڕێ وەك سەگی هەورامانی**

لێرەدا: سەگی هەورامانیش دێتە کایەوە، ئەویش زۆر لەوە زیاترە کە هەر پێ شوبهاندن بێت. کەڵەشێر لای شاعیر دەبێتە ڕەمز بۆ دڕی، بۆ ئازایی، بۆ ئەوەی باڵندەیەکی هێمنی بەر چەقۆ، بە ڕاهێنان و هەوڵ لەگەڵدان دەبێتە شێری نەڕی مەیدان.

**کەڵەشێرێ کە ئەگەر شێری نەڕی بێتە مەساف**

**ڕای ڕفێنێ بە شەقێ میسلی کەری تالآنی[١١٠]**

ئەو نموونەیەی بۆ تێ وردبوونەوە بچووك کردەوە و وردە وردە خۆی لە توانا و هێز پێ بەخشیندا بۆ خەڵکی گەورە دەکات. تاو و تینی ئامێزد ئەدا بەو کەڵەشێرەی کردی بە نموونە. گەورە بوونیشی هەر لە سنووری هێز و تواناد ناهێڵێتەوە، بەڵکو لە لەش و گەورەییشدا لەلای شاعیر هەر پەڕندەی هیمنی بەرچەقۆ نییە، بەڵکو ئادەمیزادە و هێندەی ئەو زلە. هەر ئادەمیزادێکی ئاساییش نییە، بەڵکو شاعیر ئەو کەڵەشێرە لە لەشیشدا بە پەیکەری زلی و گەورەیی و توانا نەخشە دەکێشی و دەیباتە ڕیزی دوو کەسەوە کە بەلەش گەورەیی و باڵا بڵندی ناویان دەرکردووە:

**بـەدرێژی وەکـو مـەولان بـەگـەکـەی میـری بـەیـات**

**بە جەسامەت وەکو کوێخا زلەکەی بیبانی[١١١]**

کەڵەشێر وەك وترا، لای شێخ ڕەزا بووە بە ڕەمزی شتێکی لە خۆی گەورەتر، هەر لەبەرئەوە لە دیوانی چاپکراوی شاعیردا، کە دیارە بەشێکە لە بەرهەمی ئەو[١١٢].

لە شێوێنی تریشدا دێتەوە سەر باسی کەڵەشێر:

**ئــەو مــریشك و کــەڵــەشێرە کــە وتــم بــیــنــێرە**
**دووی لــە ڕێ مــردو یــەکــێکــی بــە نــەخــۆشی لــێرە**
**شەو هەموو دەس بە دوعا بووین و لەوەختی سەحەرا**
**کەڵەشێر عومری خودای کرد و وتم وای شێرە(١١٣)**

شێخ ڕەزا وەك لە وەسفی ئێستری ڕووت و قووت و لە وەسفی کەڵەشێردا ئەو شاعیرە وردە نەخشەکێشە بوو، هەروەها لە هەجووی ماینە کوێتی خۆشیدا قەڵەمی وێنە و کاریکاتۆر نەخشەکێشان دەخاتە کارەوە. وێنەی ماینە کوێت و وێنەی ئێستر دوو شتی بەرامبەر بە یەکن و بۆ هەردووکیان وەسفێکی زۆر ورد دەکات، وێنەی گاڵتە ئامێز نەخشە دەکێشێ. وەك لە وەسفدا وردە، چاویشی چاك بەشتی ورد و بچووك دەکەوێت.

هەروەك لە باسی ئێستردا لابەلا وەستایانە هەجووی خاوەنی پێشوو و ستایشی خاوەنی ئێستای کرد کە خۆیەتی، لە باسی ماینەکەشدا ئەم چەشنە هەجوو ستایشە لابەلا دێنێتە کایەوە.

لە هەردوو وێنەکەدا زۆر لابەلا بە تەشبیهێکی سەیر خۆی لە باسی دەرویشی دەدات، کە لە شوێنێکی تردا پیشانی دەدرێت.

**قەت لە یەك قسناغ کەمی جۆ نادەمێ هێشتا لەڕە**
**ساڵ دوانــزەی مــانگ سواری نــابــم و مــانــدووە**
**گەر بە ئاوزەنگی پەراسووی ئەم سەر ئەوسەر هەڵدڕم**
**هــێنــدە نــابــزوێ بــزانــم مــاوە یــاخــود مردووە(١١٤)**

ئەم چەند سووچی تێکەڵکردنی توانای وەسف و وێنەکێشان و موبالەغە و سەتیرە، لە زۆر شوێن و مەبەسی تری شیعری شێخ ڕەزادا دێتە پێشەوە و خۆی دەنوێنێت. ئەگەر بمانەوێ هەر پارچەیە، هەر چەند دێڕە ببەینەوە سەر مەبەسێك، دیارە ئەم دوو دێڕە لە پاڵ مەبەسەکانی تردا، دێتە ڕیزی پێشەوەی وەسفی شێخ ڕەزاوە:

حەمەی وەستا فەتاح سەد بارەکەڵڵا لەم سەر و ڕیشە
کە گوێ درێژێ بە تەنها چۆن ئەبا ئەم بارە قامیشە
لە سەد باتمان خوری زیاتر نەبێ کەمتر نییە وەزنی
سەرت چۆنی هەڵ ئەگرێ، من سەرم سوڕماوە لەم ئیشە(١١٥)

## شێخ ڕەزا و تەسەوف

لە زۆر لەو سەرچاوانەی لە بەشی یەکەمی ئەم باسەدا باس کران، شێخ ڕەزا لەلایەکەوە دەدرێتە پاڵ تەسەوف و(١١٦) لە لایەکی ترەوە ئەو شیعرانەی کە لای زۆر لە سۆفیان هەیە و بۆنی ڕەخنەی(١١٧) لە سۆفێتی و دەروێشێتی لێ دێ دەکرێتە پێچەوانەیی ڕای یەکەم.

بۆ ئەم مەبەسە، هەر تەنیا بۆ ئەمە دەبێت کۆمەڵێك نموونە لە شیعری شێخ ڕەزا پیشان بدرێت کە هەریەکەیان لە ئاوازێك و لە تەلێکن و قووڵبوونەوە و بەرچاو فراوانیی لێکۆڵەرەوە نەبێت هیچی تر بە یەکتریانەوە نابەستێت.

بۆ لایەنی یەکەمیان، دەبێ تەماشای ئەو نموونانە بکەینەوە کە تێکڕا شێخ ڕەزا بە جوغزێکی فراوانی موسڵمانییەوە دەبەسێتت و ئەوسا بچینە سەر ڕەنگدانەوەی پابەندی بەم مەزەب و ئەو تەریقەتەوە و لە ئەنجامدا شوێنی ڕاستەقینەی شێخ ڕەزا لەم مەیدانەدا دەستنیشان بکەین و ئەوسا بێینە سەر لایەنی دووەم.

شێخ ڕەزا کە باسی باو و باپیری خۆی دەکات، واتە باسی شێخانی تاڵەبانیی سەر بە تەریقەتی قادری دەکات، ئەم جێیە بۆ خۆی دەدۆزێتەوە کە دەڵێت:

**ڕەزاش لەو نەسلەیە بیبەخشە یا ڕەب چونکە قەت نابێ**
**گوڵی بێ خارو، بەحری بێ بوخارو ئاگری بێ دوود(١١٨)**

شێخ ڕەزایەك کە بێ موڵك و ماڵ مابێتەوە، مام و کەس لێی نەپرسیبێتەوە، شارەزووری وتنی«خوا زمانێکی وە چەرخ و ڕیشێکی چەرمگی پێ دابێ» و خۆی بە خۆی دەڵێت:

**مــــعـــــاذ الـــلـــــه زبـــان ٱتشيــــنــــم**

**(جـعـلـنـاهـا رجـومـاً لـلشـيـاطـيـن)**(١١٩)

ئەو شێخ ڕەزا یە دەبێ لە لایەك ڕێگەی ستایش و هەجوو بگرێت و بیکات بە کەرەسەی ژیان و لەلایەك دەروێشی بکات بە ڕێبازی ژیان و تەکیە و مەرقەدی شێخ بکات بە کونجی دانیشتن و ژیان و گوزەران. هەر لەبەرئەوە جێی ستایشی قادرییان لە جێی زۆر لا لە شیعری ئەودا فراوان و بەرزترە:

**سالك مـلك بـقـادر سالـكـان قـادری**

**تـارك كـوی فـنـادر سالـكـان قـادری**

**جهد إيدوب علم إلهيدن سبق خوان أولديلر**

**وارثـان أنـبـيـا در سالـكـان قـادری**

**جامهء عرفان إيله تزيين باطن إيتديلر**

**ظـاهـر أهـل قـبـادر سالـكـان قـادری**

**مـجلس إشراقـيـانـدر حـاقـهء إذكارلـری**

**سرقـبـلـه ٱشنـادر سالـكـان قـادری**(١٢٠)

هەر ئەم سەر بە قادرێتییە لە زۆر شوێندا ستایشی غەوسی گەیلانیی پێدەکات(١٢١)، هەروەك هەندێك جار کە دێتە سەر بەراوردی قادری و نەقشی، پارسەنگی خۆیان و لای یەکەم دەداتەوە:

**كـوشـەلـردە نـقشبـنـديـلـر گبـی صاقلانـمـايـز**

**قادری لر تكيەسی أرسلان گبی ميدەدر**(١٢٢)

تەنانەت شێخ ڕەزا زۆر جار کە لە گەشتی ستایشی شا و وەزیر دەگەڕێتەوە، چ لە بێبیەشی بێ چ لە سۆزی دڵی دەروێشێکەوە بێت، پەنا هەر دەباتەوە بەر غەوسی گەیلانی:

**كـارم كـه بـكـامست، نـه أز شاەو، وزيـر أست**

**هر مايه كه دارم، همه أز سايهء پيراست**(١٢٣)

یاخود دەڵێت:

(لامــعــا) قــصەء أغــيــار نشايــد كــە تــرا

بــر زبــان بــگذرد الا سخــن مــدحت شيــخ[١٢٤]

شێخ ڕەزا هەر ئەوە نییە لە گەشتی ستایشی شاە و وەزیردا بێتەوە سەر غەوس، بەڵکو زۆر جار پارسەنگی زۆری ئەو بەسەر شێخانی تەسەوف و عارفاندا دەداتەوە؛ «خواجەی ئەحرار»و «بەهای نەقشبەندی»و شەهابی سوهرە وەردیی شێخی ئیشراق و شەمسی تەبریزی و پیری جامی دەكات بە قوتابی و كاسەچین و جورعەنۆشی بادەی عیرفانی ئەو[١٢٥]. هەر ئەو شێخ ڕەزایەی لە شوێنێكدا وتی:

گەر بڵێم (بەغدا) لە جەنەت خۆشترە هێشتا كەمە

چونكە سوكنای غەوس و كەرخی و ئیمامی ئەعزەمە[١٢٦]

هەر ئەو شێخ ڕەزایە لە شوێنێكی تردا كە دێتە سەر باسی غەوس دەڵێ:

آن پیر نە شبلی و نە معروف و جنید است

اینــهــا هــمــە یك جلوە أزآن پیر كبی است[١٢٧]

هەر چەندە شێخانی سلێمانی لە گەڵێك سووچی ترەوە بوونە مایەی خۆشەویستی و ستایشی شێخ ڕەزا بەڵام لەم سووچەشەوە هەر دەچێتەوە سەریان و ئەو ستایشەی قادرییان دەگاتە سەر ستایشی بە سۆزی مەرقەدی شێخ نورەدینی بریفكانیش[١٢٨].

شێخ ڕەزا كەوتۆتە سەردەمی كێشەی قادری و نەقشی لە وڵاتی گوڵعومەردا، ئەگەر هەندێك جار دەمی لە هەجووی نەقشییان دابێت، خۆ قادریش لە زمانی ئاگرینی ڕزگاریان نەبووە. ئەوەش كە ستایشی قادرییە، بەر نەقشبەندیش كەوتووە:

گل صد برگ گلزار جنانـدر نـقشبـنـدیلـر

هــزاران گلستــانی لامكـانـدر نـقشبـنـدیلـر

دبستــان ادبــدە خـواجــەء خـضر لـدنـیـدن

سبق خوانان ختم خواجگاندر نقشبندیلر

**حـقـيـقتده صفا قلبـه نـائل اولـديلـر بـونلـر**
**نقوش غيريدن حرز اماندر نقشبنديلر(١٢٩)**

هـەر لـە ستـایشی هـەمـوو نـەقشبـەنـدیـیـەوە دەچێتـە سەر ستـایشی رابـەران و شێخـانـی نـەقشی، بـە قـەسیـدەیـەك ستـایشی شاهـی نـەقشبـەند دەكـات و لـەوێدا وتوویەتی:

**قبـلـەء حـاجت بـود روی بـهـاءالـديـن مـا**

**طــاق مــحــرابست روی بــهــاءالــديــن مــا**

***

**جستجو كردم بحمدالله در بحر (رضا)**

**يافتم لؤلؤ ز نوبوی بهاءالدين ما(١٣٠)**

هـەر لـەو گەشتی ستایشەی شێخانی نەقشبەندییەوە دەگاتە سەر قەسیدەیەكی فارسی لە ستایشی شێخ حیسامەدینی تەوێڵەدا(١٣١). بۆ كەسێك كە ئاگای لە شێخ ڕەزا نەبێت، بەم قەسیدەیەدا تەواو دەیكات بە موریدی ئەو شێخە نەقشبەندییە و لە لایەكی تردا ستایشی ئەو و شێخ عومەری بیارە و پارسەنگی شێخە بیارە شێخی بـیـارە دەداتـەوە (١٣٢) ئـەم گـەشت و لادانـەی شێخ ڕەزا هـەر لـەنـا و ئـەو دو و تـەریقـەتـەدا نییە. بـەڵكو جۆرە گەشتێكی وا لـەناو دوو مـەزەبی گـەورەی ئیسلامیشدا دەبینین، هـەر چـەند هیچ یـەكێك لـەم چوارەش لـە زمـانـی ڕزگـار نـەبوون.

شێخ ڕەزا وەك زۆربـەی كورد بـە خێزان و تیرە و ڕێی بـاو و بـاپیر سونییە، خۆشی لە زۆر شوێندا ئەمە دەڵێتەوە و پێوەندیی بە سونێتییەوە هـەر شوێن بـاو و بـاپیر كەوتن نییە، بەڵكو قسەی دڵیشی تێدایە. شاعیر لەگەڵ ئەوەشدا نەچۆتە كێشەی مـەزەبـگـەریـیـەوە، بـەڵـكـو بـەپـێـچـەوانـەوە زۆر جـار سۆزێكی قـووڵ بـەرامـبـەر بـە هـەردوولا پیشان دەدات:

**مـن سنـيـم نـامـم (رضا)، كـلـب إمـام مـرتـضـى**

**درويش عـبـدالـقـادرم، راهـم بـمـولا مـيـرود(١٣٣)**

هەر لەو قەسیدەیەدا کە بەم دێڕە کۆتایی پێ هێنابوو و بەوە خۆیی پێ ناسین وتبووی:

**در ماتم آل علی، خون همچو دریا میرود**

**تیغ است بر سر میزند، دست است بالا میرود**

**از عیشق آل بوالحسن، إین تیغ زن وآن سینەزن**

**دادو فغان مرد و زن، تاعرش اعلی میرود**

**پیراهن شمع خدا، یعنی حسین مجتبا**

**جانها همی گردد فدا، سرها بیغما میرود**(١٣٤)

هەروەك چۆن خۆی دایە پاڵ غەوسی گەیلانی، هەروەها خۆشی دەداتە پاڵ ئیمام ڕەزا:

**غمگین مشو (رضا) زگرت مال و جاه نیست**

**این خواندنت بنام إمام رضا بس أست**(١٣٥)

شێخ ڕەزا زۆر جار، ئەگەر لە خۆشەویستی هەوادارانی عەلی و زامی کارەساتی حسەنیەوە بێت، یا هەر لە ژێر تەئسیری شیعری پڕ ئاواز و ئاهەنگی فارسییەوە بێت لەم بارەیەوە، مل دەنێت و دەڕوات و هەر بە فارسی دەڵێت:

**تو بی جهت متصرف نیامدی بزمین**

**بکربلا کە خداوند زادە شرفا**

**چو یادآوری أز وقعەء إمام حسین**

**چگونە شمر لعینش بزید سر ز قفا**

**کنی بحال جوانان أهل بیت نظر**

**لسهم حاسدهم کیف أصبحوا هدفا**(١٣٦)

بەڵام هەر ئەو شێخ ڕەزایە کە هەست بە زۆر ڕۆیشتن و لە سنووری خۆی دەرچوون دەکات دێتەوە و دەڵێت:

**هزار لعن بارواح قاتلان حسین**

**ولی چو شیعە مرو تا صحابە و خلفا**

**نـــه إعــتـمـاد بـر إفـراط كـن، نـه بـر تـفـريـط**

**مـيـانـه جـو كـه هـمـين است مذهب عرفا**(١٣٧)

شێخ ڕەزا لە هەندێك شوێنیشدا وەك سونییەكی سەرگەرم قسە دەكات، بەڵام دواجـار هـۆی ڕاستـەقـیـنـەی ئـەم جـیـاوازی نـەكردن و خۆشەویستیـی حسەین خواهـانـەی خۆی دەردەخات:

**سنـــیــم سنـــی و لـــیــكــن حب آل مــصطــفـــی**

**دیـــن و آیـــیـــن مـــن و آبـــاءو آجـــداد مـــن است**

**شیــعــه و سنـــی نـــدانـــم، دوستـــم بـــا هـــركـــه او**

**دوست باشد، دشمنم آنرا كه با او دشمن است**(١٣٨)

لــەم گــەشتــەی شێخ ڕەزا هــەر ئــەمــە بــەڕاستـی و دڵسۆزانـە دەمـێنـێتـەوە، خۆشەویستیی سادەت بەشێكە لە سۆز و هەستی دەروونی شێخ ڕەزا و لەمەدا زۆر ڕاستگۆیە(١٣٩). ئەمە لە باسی شێخانی سلێمانیدا و لەو چەند دێڕەی پێشوودا دیاریی داو لە زۆر شوێنی تری شیعری شێخ ڕەزادا خۆی دەنوێنێ:

**مـوخـالـەفـەم نـیـیـە من سەعـاتێكی میـقـاتـم،**

**غوڵامی حەلقە بە گۆشی جەمیعی ساداتم**(١٤٠)

تـەنـانـەت كە زۆر جار هـەستی هـەجوو و ئارەزووی جنێوی شێخ ڕەزا دەجووڵێت، لە سنووری ساداتدا ڕای دەگرێت؛ هـەر ئـەو بە شوكری فـەزلیی وتووە:

**مـن دەزانـم كـێ لـەخشتـەی بـردوویـی ئـەمـمـا چ سوود**

**سەییدە، سەیید قەسەی سووكی دەبێ دەرحەق نەكەم**(١٤١)

هـەر شێخ ڕەزاش بوو وتبووی:

**ئەگەر بەرزنجەیی غەدرێكیشی بكەن هەر نەیسە ساداتن**(١٤٢)

كەواتە لەم نموونانەوە دەگەینە چەند ئەنجامێك:

١- شیـعـری شێخ ڕەزا لـەم مـەیدانـەوە دەچـێتـە نـاو ستـایشی ئـایـنـیـیـەوە. ئـەگـەر سنـووری هـەنـدێك لـەو شاعیرانـەی ستـایشی ئـایـنـیـیـان نووسووە، زۆرتـر لـە

چوارچێوەی ستایشی خوا و پێغەمبەر وچوار خەلیفەدا بێت، ئەوا شێخ ڕەزا بەرە و ستایشی مەزەب و تەریقەت و پیاوی گەورەی ئەوان ڕۆیشتووە.

٢– شێخ ڕەزا ژیان و پێوەندی ڕۆژانەی بە تەکیەی قادرییانەوە بووە و جاروبار ستایشی نەقشبەندیشی کردووە. ڕەنگە ئەم پێوەندییەش هەر بەپێی پێویستی و ناچاریی ژیان بووبێت، یا هەندێك کرداری ڕۆژانەی دەروێشی و تەسەوفی تێدابێ، واتە وەك لە تەسەوفا دەڵێن، هەر بە (سلووك)و سلووکی قووڵ و هەمیشەییش نا.

٣– شیعری شێخ ڕەزا بەهیچ جۆرێك لە ڕووی تیۆرییەوە نادرێتە پاڵ تەسەوف. چونکە هیچ یەك لە مەرجەکانی ئەدەبیاتی تەسەوف، یا ئەدەبی سۆفیانی تێدانییە. لەم شیعرانەی شێخ ڕەزادا هێچ ئیستیلاحی تەسەوف دیار نییە. دیمەنی پلە یا (ئەحواڵ و مەقاماتی) تەسەوف بەدی ناکرێت. شێخ ڕەزا لەم ڕووەوە لە جیهانی شاعیرانی وەك مەلای جزیری و ئەحمەدی خانی و تەنانەت ئەحمەدی کۆری موکریانی و شێخ نەجمەدینی شۆڕیجە (سابیری) نزیك نەبۆتەوە. پێوەندی بەو جیهانەوە هەر ئەوەیە کە لە ناو ستایشەکانیدا هەندێك ئیستیلاحی کەمی تەسەوف و هەندێك لە موتەسەویفەکان دێت.

سەرباری نموونەکانی پێشوو دەتوانین ئەم چەند دێڕەش بنووسین:

**دم عیسادر احوالی، ید بیضادر أقوالی**

**کلام جانفزا، نطق شفادر اهلی توحیدك**

**یا ابراهیم ادهمدر یاخود مخدوم أعظمدر**

**رضایا هر بری مرد خدادر، أهل توحیدك**(١٤٣)

وەك دەبینین، تەنانەت سۆز و گەرمی و جگەر سووتاویی شاعیرانی تەسەوف و ئەو دلێریی دەنگەی شیعری شێخ ڕەزا خۆشی لە زوربەی ئەم نموونانەدا خۆی نانوێنێت.

هەرچی لایەنی دووەمی شیعری شێخ ڕەزایە لە مەیدانی تەسەوفدا، ئەویش، هەر گەشتێکی بەناو نموونە و گەیشتنە ئەنجامی دەوێت.

لەناو شیعری کوردیی شێخ ڕەزادا ئەم دێڕە زۆر بەناوبا لنگە کە وتوویەتی:

**لازمە بۆ شێخ سبەینان گورگە خەو**

**تا بلێن شێخ عابیدەو نانوێ بە شەو(١٤٤)**

یا کە وتوویەتی:

**شۆخێ بە ئینابەت چووە لای زوهد فرۆشێ**

**بۆ ئەخزی تەریقەت بە دڵێ پڕ لە خرۆشێ**

**خۆش هات جواب و وتی: تۆ حەقتە وەلێ من**

**ساڵێکە فرۆشتوومە ئیمانم بە قرۆشێ(١٤٥)**

**هەر لەم بارەیەشەوە بە فارسی وتوویەتی:**

**اّیها الناس چو من رخت به میخانه کشیدم**

**نه بمسجد که درو زاهدك بی دین است**

**خود دوصد عیب نهان دارد و إغماض کند**

**داستانش همه أز عیب من مسکین است(١٤٦)**

ئەمە بەگشتی دەربارەی شێخێتی و سۆفێتی و دەروێشی. بۆ هەجووی ئەم شێخ و ئەو شێخیش، وەك لە ستایشدا بۆ زۆریانی وتووە، زۆر لاشی لە هەجوو بێ بەش نەکردووە، تەنانەت ئەوانەی بەناو ستایشیان کراوە بە تاقە دێڕێکیش بێت، هەجووێك هەر کراون.

هەر بۆ ئەم یەکتابوونە، شێخانی تاڵەبانی خۆیان و خزمە نزیکەکانی خۆی زۆریان لەو هەجووە پێ براوە. ئەوەی هەجووی خزمانی خۆیەتی هەندێکی دەچێتە خانەی پێوەندیی خزم و کەسی و باری گوزەرانی خۆیەوەو لەمەودوا باسی دەکرێت و هەندێکی دەبێتە نموونەی ئەم شوێنە.

لە پارچەی شەش دێڕیی سوحبەتی شێخ ، هەر ئەمەی ڕووی تۆمارکردنی ئێرەی هەیە:

**شێخ کە قودسیيەتی پیرانی تەریقەت لەکنی**

**هەموو ئەفسانەو و ئەفسوون ، هەموو گاڵتە و گەمە بێ**

**شێخ ئـــەوا گـــۆی هـــونـــەری بـــردەوە، کـــەشکـــەك سەڵـــەوات**

**شێخ ئەوا جێی پدەری گرتەوە، دەستی بەمە بێ[١٤٧]**

ئـەمـە وەك دیـارە، بـۆ شێخـی ئـەوکـاتـەی تـەکیـەی تـاڵـەبـانـی وتـراوە، بـەڵام لـە پـارچـەی «شێخ»دا کە بەفارسی وتراوە، شێخی هەموولایەك دەگرێتەوە و دەچێتە سەر شێخێتی:

**دوو گز عمامه، سه گز طیلسان و یك گز ڕیش**

**دوصد مرید روان در کابش أز پس و پیش**

***

**پـــنـــاه ده تـــو خـــدایـــا (رضا) ز مـــکـــر و ریـــا**

**بـــظـــاهـری ز عـــبـــادت بـــبـــاطـــنی بـــنـــگ کیش[١٤٧]**

پاش ئەمە دێتە سەر ئەم خانەقا و ئەو خانەقا ئەم تەکیە و ئەو تەکیە، هەر ئەو شێخی تەوێڵەیەی ستایشی کراوە، پێی وتراوە:

**خلیفه ساخته شیخ (طویله) چون تو خری**

**بـــلـــی خـــلـــیـــفـــهء شیـــخ (طویـــلـــه) خـــر بـــاشد[١٤٩]**

هەر بە شێخێکی تری وتووە:

**نـــە تـــو هـــر پـــیش مـــریـــدان چـــو شکـــر شیـــریـــنـــی**

**بە خودا ئەی پسەری شیخ تۆ هەر جاشەکەری[١٥٠]**

هەجووی شێخ و دەوروبەری شێخی زۆرتر لە سنووری شاری کەرکووکدایە، خادیمولسوجادە لە هەمووان زیاتر و تیژتری بەرکەوتووە. دوو دێڕی سەخت بەر تەکیەی شێخ باقی و[١٥١] دوو دێڕی نیوە هەجوو نیوە گاڵتە بەر خانەقای سەید ئەحمەد کەوتووە[١٥٢].

لەمانەوە دەگەینە چەند ئەنجامێك:

١- زمانی تیژی شێخ ڕەزا، هەست و ئارەزووی هەجووکردنی لە هەموو شت بەمەوداترە، هەر لەبەر ئەوە هەموو ئەوانەی لە دڵەوە خۆشی ویستوون و

بەسۆزەوە ستایشی کردوون، بۆ گاڵتەش بێت پڕیشکیان هەر بەرکەوتووە. بۆ نموونە شێخی تەوێڵە بوو، یا تەنانەت ئەو بارەگای غەوسەی لە پەنایدا ژیاوە و مردووە، تاکە دێڕێکی بەرکەوتووە[١٥٣]یا ئەو شێخ ڕەزایەی دڵسۆزی سادات،چ شێخی بەرزنجە و چ سادات بە گشتی لە چەند دێڕێك جنێوی ئەو ڕزگاریان نەبووە[١٥٤].

ئەو شێخ ڕەزایەی تەواو هەوا خواهی حەزرەتی حسەین و هەوادارانی ئەو بوو، ئەو هەوادارانەش لە هەجووی ڕزگار نەبوون[١٥٥].

٢ – زۆر جار ئەم هەجووانەی ئێرەی شێخ ڕەزا هەر بۆ هەجووکردنە و لە بەشێك لەو زەندیقانەی سەردەمی عەبباسی دەچێت کە هەر بۆ ئەوەی زەندیقیان پێ بووترێت، کفریان دەکرد.

٣ – هەندێکی تەواو دەرخستنی ناکۆکی و ڕاستییە، ئەمە بە هیچ جۆر ناچێتە ناو خانەی شەتەحاتی سۆفییانەوە، کە لە شیعری تەسەوفدا دەبینرێت، چونکە شێخ ڕەزا بەو مانایە سۆفی نییە. بەڵام ڕاستی دەربڕینێکە کە لای شاعیری تریشمان هەیە[١٥٦].

٤– دەبێ چی بێت شێخ ڕەزای شێخی کوڕە شێخی لە گەرمەی ناکۆکیی نێوانی شێخ و مەلای ئەو سەردەمەدا هەر بەرەو هەجوویی شێخ بردبێت و پڕشکی بەر مەلاکان نەکەوتبێت. تەنانەت ئەو چەند دێڕەش کە بۆ حاجی عەبدوڵڵای لە ئادەم فیلتر وتراوە، لایەنی ستایشی زۆرزانی  و زیرەکی هەڵدەگرێت، با لە زەمیش بچێت[١٥٧].

## شێخ ڕەزا و ڕژێمی عوسمانی

دەربارەی شێخ ڕەزا و ڕژێمی عوسمانیش لە سەرچاوەکاندا هەندێك ئیشارەت دەبینین و لە دیوانی  شێخ ڕەزاشدا بەڵگەی زۆر و زەبەند هەیە.

هەروەك پێڕەوی شێخ ڕەزا لە زۆر مەیداندا دوولایی بوو، ستایش و هیجا بوو. لێرەشدا شێخ ڕەزا چۆتە هەردوو مەیدانەوە.

گەلێك شاعیرمان چوونەتە ئەستەموڵ، بەڵام شوێنەواریان کەمتر دیارە، هەرچی

شێخ ڕەزایە زۆر حیکایەت دەربارەی ژیانی ئەستەموولی هەیە و هەر هیچ ئاشکرا نەبێت، ئەوە زۆر ئاشکرایە کە کۆششی شێخ ڕەزا بۆ ئەوە بووە کە بگاتە سوڵتان و فەرمانی تەکیە و دێهات بێنێتەوەو هەقی خۆی لە خزمەکانی بکاتەوە، یا هیچ نەبێ وەك هەندێك لەوان شێخیش بێ و دەرەبەگیش.

هەر ئەمەشە ئەو هەموو ستایشەی بە شێخ ڕەزا کردووە. بە جۆرێك کە ڕەنگە هەر ئەو پەڵەیەکی وای خستۆتە سەر لاپەڕەی مێژووی ئەدەبیاتی کوردی کە لەو مێژووەدا نەبینراوە.

ئەو شیعری کوردییەی لە زووەوە شاعیر و فەقیری کردووە بە براو(١٥٨)، لە باوەشی میر و سوڵتان و لە دەرباری ئەواندا نەگەشاوەتەوە(١٥٩) کەس وەك شێخ ڕەزا نەیکردووە بە کە رەسەی ستایشی ئەوان.

ئەگەر ستایشی پاشایانی بابان و نەوەکانی ئەوان و شێخانی سلێمانی لە سووچێکەوە بە سۆزی نیشتیمانییەوە ببەستینەوە، ئەوا ئەم هەموو ستایشەی ناسرەدین شای ئێران و(١٦٠) سوڵتان عەبدولعەزیز و سوڵتان عبدولحەمید و(١٦١) ئەم والی و ئەو والی و(١٦٢) سەدری ئەعزەم و ئەم کاربەدەست و ئەو کاربەدەستی عوسمانی و ئەو میرلوا و ئەو پاشا پەڵە نەبێ بە شیعری شێخ ڕەزا و ژیانییەوە بە هیچی تر ناژمێررێ.

ئەوەی لەم بارەیەوە سەرنج ڕادەکێشێت ئەوەیە کە شێخ ڕەزا ئەم ستایشانەی هەر بە فارسی و بە تورکی کردووە وئەم پەڵەیەی نەناوە بە شیعرە کوردییەکانی خۆی و بە تێکڕای شیعری کوردییەوە. بەڵام دیارە پەڵەکە بە بەرهەمی خۆیەوەیە کە موڵکی کوردە. ئەم بە کوردی ستایش نەکردنە، زۆرتر ئەوە دەسەلمێنێ کە شێخ ڕەزا بۆ پارە و پایە ستایشی کردووە، هەروەك زۆر لە هەجووەکانیشی ئەو مەبەسەیان تێدایە:

**بمێنێ یا نەمێنێ چی لە دەس دێ**
**بە تەنها شێخ ڕەزاکەی هەرزە گوفتار**
**ئەگەر موشتەو مشاریش بێ زمانی**
**عیلاج دەکرێ بە مشتێ پڕ لە دینار(١٦٣)**

لە دیوانی شێخ ڕەزادا دوو دێڕ هەیە، حیکایەتێکی ماناداری دەربار، دەگێڕنەوە. شێخ ڕەزا لەم دوو دێڕە فارسییەدا وتوویەتی:

**کاش یك روزم بمابین همایون ره دهند**
**تا(حمید خانرا) بگویم أی (حمیر المؤمنین)**
**بعثت تو بر خلاف بعثت پیغمبراست**
**(انت ما أرسلت الا زحمة للعالمین)**(١٦٤)

دەڵێن گوایە شێخ ڕەزا ئەمەی بۆیە وتووە، چونکە هەموو ستایشەکانی پێشووی نەگەیشتۆتە سوڵتان. ئەم دوو دێڕە گەیشتووە، کە لە دەرباری سوڵتان لێیان پرسیوە، وتوویەتی من وام نە وتووە. من یا (أمیر المؤمنین) و (بر اساس بعثت پیغمبر است) و (رحمة للعالمین)م وتووە. بەڵام دیارە ئەمەش شێخ ڕەزای نەبردۆتە پێشەوە، لە مانگانەیەکی کەم زیاتر هیچی تری پێ نەبڕاوە، ئەویش زۆر جار نەدراوە، لەبەر ئەوە چ لەو حیکایەتانەدا کە عەتا تەرزی باشی(١٦٥) خۆی و پشت بە سەرچاوەکانی پێشوو دەیگێڕێتەوە و چ بە شیعرەکانی شێخ ڕەزا خۆیدا دیارە کە ڕازی نەبووە، لە بەر ئەوە هەجووی مودیری خەزێنە و مالیە و دەفتەردار لە شیعری شێخ ڕەزادا زۆر دەبینرێت.

شێخ ڕەزا لە دێڕێکی فارسیدا وتوویەتی:

**من حقوق نعم دولت عثمانیرا**
**نفروشم بهمه حشمت سلطان محمود**(١٦٦)

بەڵام شاعیر کە ڕقی هەستاوە کەوتۆتە هەجوو، هەروەك لە بابەتی ئایندا سنوور بۆ هەجووکردنی نەبوو لێرەشدا هەجووەکە دەگەیێنێتە لووتکە ستایش کراوەکەی:

**عسکریدن یتشوب بر او کوز اولمش والی**
**لعنة الله علی ساکن باب عالی**(١٦٧)

***

**نسبتـی یـوق بـاب عـالـیـدن گلـن والـی لـره**

**بویله یوق والی اٌنجق باب سفلادن گلر(١٦٨)**

دوکتۆر مـارف خـەزنـەدار(١٦٩) دێڕێك دەکـات بـە بـەڵگـە بـۆ ئـەوەی شێخ ڕەزا هـەجووی ڕۆم و ڕژێمی کردووە، ئەوەی وتوویەتی:

**قـازی ڕەئـیسی ئـەووەڵ، تـۆش مـوددەعیـی عـموومـی**

**ئەم کارە چۆن سەرئەگرێ لەعنەت لە بابی ڕۆمی(١٧٠)**

بـێگـومـان ئـەمـە ڕاستـە و دەچێتـە خـانـەی هـەجووی ئـەم کـاربـەدەست و ئـەو کـاربـەدەستـی ڕۆمـیـیـەوە، بـەڵام شێخ ڕەزا لـە دەورێکـی تـردا کـە بـاسی دێت گەیاندوویەتە لووتکە و هیچی تێدا نەهێشتۆتەوە.

شێخ ڕەزا ، هـەر بەدوای سالمدا وتوویەتی:

**لە سایەی دەهری دوون پەروەر ئەمیستە لەك لە لەك ئەدوێ**

**بـەکـۆڵـێ کـلـکـەوە ڕێوی لـەگـەڵ کـەوڵـی دەڵـەك ئـەدوێ(١٧١)**

تەنانەت پاش کارەساتێکی ناخۆش و خوێناویی ناو کورد ، کە دڵی شاعیری وەك نەمانی دەسەڵاتی بابان خستۆتە ئازار و وتوویەتی:

**ڕووخـانـدی گـەردشی گـەردوون لـە هـەرجـێ ئـاستـانـێ بـوو**

**سووتاندی چەرخی دوون پەروەر لە هەرکوێ ئاشیانێ بوو**

**وەکـو تـەیـیـولسیـجـیـللـی لیلکوتوب پێچایەوە گەردوون**

**لە هەر میهمانسەرا ئاساری سفرە و نان و خوانێ بوو(١٧٣)**

هـەر ئەم کارەساتەش دەکاتە هۆی دوا بڕیار بەسەر ڕژێمی پیسی عوسمانیدا:

**ئیتر نەتبێ لە موڵکی ڕۆم (ڕەزا) ئومێدی ئاسایش**

**لە پێش ئەم کارەدا ئومێدی پارچە نانێ بوو(١٧٣)**

شێخ ڕەزا لە کۆتایی ژیانیدا دێتە بەغدا، نە لە ئەستەمووڵ هیوای بەرزبوونی هاتەدی و نە هیوای چوونە ئێرانی هەیە:

**نــه بــايــران بــودم جــاى اقــامت نــه بــروم**

**گشتـــهأم زيــر فــلك هــمــچــو فــلك سرگــردان**

**شيــخــم و نــيست مــرا جــاى بــرو تــكـيــه كنم**

**نــكـنــم تــكـيــه مگر بـر كرم يـوسف جـان**(١٧٤)

جا ئەم وشەی تەكیەیە یا پشت بەستنە، یا نائومێدییە لە تەكیەی تاڵەبانیی بەغدا بدرێت بەو و بۆی ئاوەدان بكرێتەوە:

**عنقا ايچون يا پلمش قرلانقيچ آشيانى**

**تعمير اولندى گويا درگاه طالبانى**(١٧٥)

ئیتر تەواو لە ڕۆم و ڕژیمی عوسمانی نائومێد دەبێت و ئیعلانی دەستووریشی بەسەردا دێت، ئیتر یا ئەوەیە كە شێخ ڕەزا ئەمە دەكات بە بیانووی هێرشبردنە سەر ڕژیمی عوسمانی و دەستوور و سوڵتانی، یا ئەوەیە شێخ ڕەزای كوڕە شێخی سەر بە تەكیە و سەر بە سوڵتانەكانی پێشوو، دەماری پێوەندی و كۆنە شێخێتی و كۆنە پەرستیی بەو ناوەوە دەجووڵێ و دەنووسێت:

**دوشمنه قارشى كدى، ملته قارشى أصلان**

**لـعـنـة الـلـه عـلـى حـضرت هـذا السلـطـان**

**لـعـنـة الـلـه عـلـيـه و عـلـى تـابـعـه**

**و على من لم يرض بحكم القرآن**(١٧٦)

یا هەر مەسەلە حوكمی قورئان نییە و یەكسەر هێرش بردنەسەر دەستوورە:

**بــيــچــاره عــدالت يــيــقــيــلــمشدى بــنــاسى**

**بــردن ايــچــنــه سيــچــدى بــو قــانــون اساسى**

**قــانــون الــهــى وارايــكــن يــعــنــى شريــعت**

**قانون هذياندر چه سياسى چه أساسى**(١٧٧)

هەر لەم دەورە و بۆ ئەو دەستوورەش وتوویەتی:

**ديــانت مــضمــحــل، دولت بــوزق، مــلت پــريشان در**

**سبب تحقير دين، تأسيس قانون، ترك قرآ در**(١٧٨)

## شێخ ڕەزا و باری ژیان خۆی وژیانی کۆمەڵایەتی

لە شاعیرانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، یا بڵێین لە شاعیرانی سەر بە ئەدەبیاتی کلاسیکی خواروودا، شێخ ڕەزا دیارترین شاعیرە کە لە زۆر کونجەوە چووبێتە ناو ژیانەوە و شیعری کردبێت بە ئاوێنە و بە کەرەسەی ڕەنگدانەوەی زۆر باری ژیان.

هەر لە پاڵ ئەو وێنانەی دەوری بابان و شێخێتی و ڕژێمی عوسمانیدا، شێخ ڕەزا لە کونجی نەخشەکێشانی ئازاری ژیانی خۆیەوە، چۆتە ناو نەخشەکێشانی ئازاری ژیانی خەڵکەوە. خۆی ئازاری خۆی دەردەبڕێ و خۆی نموونەیە بۆ دەربڕینی ئازاری خەڵك و کەم و کوورپی ڕژێمی کۆمەڵایەتی.

شێخ ڕەزای شاعیر هەجوو، لە کونجی ژیانی خۆیەوە دەچێتە سەر هەجووی نزیکترین کەسی خۆی و هەموو دیمەنێکی ناقۆڵا و هەموو ئەوانەی ئازاریان داوەو چاویان لە ئازار و نەبوونیی ئەو نەبووە. زمانی شیعری خۆی لەپێش هەمووواندا بۆ مامە شێخ غەفووری خستۆتەکار:

**ئەو ڕۆژە کە تۆرام و ، لە کەرکووك سەفەرم کرد**
**مانەندی عەقاریب لە ئەقاریب حەزەرم کرد**
**گەردوون سینگی کردم و هێنامییە کۆیێ**
**میوانی لەکن مامە غەفووری لەجەرم کرد**
**خواستم کە بڕۆم بۆ سەفەری ڕۆم بە سیاحەت**
**نەیهێشت و دووسەد ئەهلی عەمامەی لە سەرم کرد**
**دانیشێ نەچێ من کچی خۆم مارە دەکەم لێی**
**ئەو تالیبی دونیایە ئەوا موعتەبەرم کرد**
**چورسا لەبەرم جوببەو و فیسا لە سەرم فێس**
**نە فێسی لە سەرم ناو و نە جوببەی لەبەرم کرد**
**شەش مانگە بەم ئەفسانە گلی دامەوە لای خۆی**
**نەمزانی ملم بشکێ تیا چووم زەرەرم کرد[١٧٩]**

شێخ ڕەزا بڕیاری گەڕانەوەی کەرکووک ئەدات، وەك لە بیری چووبێتەوە کە بە چ حاڵێ کەرکووکی بەجێهێشت و چیی دەربارەی ئەو کەس و کارەی کەرکووکی وت، کە شەش مانگ پاش کۆچی باوکی گوێیان نەداوەتێ و دیارە ئەوان دەسەڵاتدار و ئەم بێ دەسەڵات، بێ بەش بووە:

**پێم خۆشە لەبەر جەوری برا و لۆمەیی ئەقوام**
**سەد جار لە غەریبی بکەوم موفلیس و مەفلووك**
**ڕۆژێ بە مرادی منیش ئەڵبەت دەگەڕێ چەرخ**
**ئەم میچە قەراری نییە گاهێ جکە گەه بووك**
**شاهـی کـە نـەبێ، ڕادەبـوێریـن بـە فـەقـیـری**
**بۆ ئەهلی قەناعەت لە پلاو خۆشترە داندووك**

دیارە شێخ ڕەزا ئاواتی گەورەی هەبووە، هیوای چەرخ وەرگەڕان و گەورەبوونی هەبووە، بەڵام ئەوەی لە سایەی چوارچێوەی ژیانی خۆیەوە بۆ نەهاتۆتە دی:

**بـێگـانـە هـەمـوو ساحـیـبـی جاه و جـەبـەڕووتـن**
**بـێچـارە بـرای شێخ عـەلـی مـوفـلـیس و ڕووتـن**
**ئـەی شێخ عـەلـی چـاکـە وسووقت بـە بـرا بـێ**
**باوەڕ مەکە بەم خەڵقە کە وەك توولە لە دووتن(١٨٠)**

بەڵام دیارە ئەم قسانەش سوودی بۆ شاعیر نەبووە:

**جـومـعـانـە بـڕاوە بـە خـودا مـوفـلـیسە (لامـیـع)**
**نـە پـوولـی حـەمـامی هـەیـە نە پـارەیـی تـووتـن(١٨١)**

ئەمە سەرەتای کەساسیی ژیان بووە، پاش ئەمە شاعیر هەروەك قارەمانی حیکایەت دەکەوێتە گەشتی حەوت شەو و حەوت ڕۆژ و وڵات، بەڵام ناگاتە ئەو هیوایەی هەیەتی. جاروبار موسوڵمانانە دەکەوێتە شوکر و قەناعەت و دەڵێ:

**غـمـگین مشو (رضا) أگـرت مـال و جـاه نـیست**
**ایـن خـوانـدنت بـنـام إمـام رضا بس أست(١٨٢)**

جارێكی تریش بەو جۆرە دڵخۆشیی خۆی دەداتەوە:

**تیر مشهدم مقام (رضا) دن او حال إیله**

**هر بر بلایه شاكر و الحمد خوان ایدم**(١٨٣)

شێخ ڕەزا هەروەك لە زۆر باسی تردا چووە ناو وردە شت و وەسفی ئەو وردە شتانەوە، لە زامی دڵەوە و بە خوێنی جگەر جارێك و بە زمانی كاریكەتۆری نەخشەكێش جارێكی تر بۆ ئەم مەبەسەش وێنە دەبەخشێت:

**حەوشەیەكم هەیە بەقەدەر لەپێ**

**ڕۆژ عیلاجی ئەكەم بە شەو ئەتەپێ**

**مەنفەز و درز و ئاودزی هەر چەند**

**دەیگرم، دەیكوتم، بە دەست و بە پێ**

**شەو كە دێم دەم دەكاتەوە وەكو هار**

**وائەزانم سەگە و بە من ئەحەپێ**

**سەر و ڕیشم لە تۆز و قسڵ و گەچا**

**وەك پەڵاسێكە پڕ لە ڕشك و سپێ**(١٨٤)

لە سەرەتادا و لەو چوارچێوەی ژیانەدا، داخی ئەم ژیانەش هەر بە دەوروپشت دەڕێژێت، ئازاری خۆیەتی و لە جوغزێكی بچووكدایە لەبەر ئەوە بەدەست ئەم خانووەو قسە بە شاگرد و دەست و پێ و وەستاكە دەڵێ و بۆ ژیانەكەش دەچێتەوە سەر شێخ عەلیی برای و دوژمنە ناحەزە دوو زمانەكەی شێخ ڕەزا خۆی:

**شێخ عەلی خۆ تۆ منت ئاوارەكرد و دەربەدەر**

**چاكە هەجوێكت بكەم ئەمما موفید و موختەسەر**

**بۆ حەمەی وەستا فەتاح ئێمەت هەموو ئاوارە كرد**

**ئەی حەمەی وەستا فەتاح...**(١٨٥)

بەڵام ئەم ئازار و مەسەلەیە تا دێت، لای شێخ ڕەزا دەبێ بە شتێكی گەورەتر، خۆی دەبێتە نموونەی ئازاردراو و ئازاردەرەكانی دەبنە نموونەی زۆرداران، هەر لەبەر ئەوە پەنادەباتە بەر مێژوو، بەر نیشانەی گەورەتر، بەر شیعری شاعیرانی

مەزن و دەنگ بڵاو و هەموویان دەکاتە بناغەیەکی نوێ بۆ دەربڕینی بیرو مەسەلە و بە تەخمیسێکی حافزی شیرازییەوە بۆی دێتە مەیدان:

**تعدایی کە با من أقربـــا کرد**

**ندیدم شمر با آل عبـــــا کرد**

**مگر أز حال من رمزی أدا کرد**

**(ســحر بلبل حکایت بـــا صبا کرد**

**کە عیشق روی گل با مـــا چها کرد)**

**زعقرب طینتان عـــم و خــــالم**

**پریشان روزگار و خستە حالم**

**مـــــهیا أز پی تـــاراج مـــالم**

**(مـــن أز بیگانگان هـــرگـــز ننالم**

**کە با من هرچە کرد آن آشنا کرد)**(١٨٦)

هەر لێرەوە شاعیر دەچێتە سەر دەرسێکی گەورەی ژیان، زوربەی ناکۆکیی سەردەم دەبینێ و چەرخ و ڕژێم و دەستووری ئەوسای کۆمەڵ ڕەش و بەدناو دەکات؛ سنووری چینەکانی کۆمەڵ بەدی دەکات، شێخ ڕەزا لەم بارەیەوە بە کوردی وتوویەتی:

**کەسی فەقیری بێچارە**

**گەر عەیبی هەبێ دیارە**

**دەوڵەمەندی ساحێب پارە**

**سەد عەیبی هەبێ مەستوورە**

**ئاگر ئەگەر لە ماڵی چێ**

**دەڵێن ئاگر نییە نوورە**(١٨٧).

ئەم دەرسە فراوانتر بە تورکی دەردەبڕێ و دەنووسێ:

**مفلیسک عطسە سنە، صیحە ناگاە دینر**

**منعمک ظرطە سنە، یرحمك اللە دینر**

عالم پرهنره عقل کهن أصحابی
جاهل بیخبره مرشد آگاه دینر
یولی اگری گیده نه زاهیدی پاکیزه گهر
سوزی دوغری دیەنه شاعیری گمراه دینر
مرتشینك اوقونور مضبطەء تبریەسی
هر طرفدن نیجه بیك اشهد بالله دینر
بر قوری نامی قزانمقده (رضا) فائدەنه
استخوان ریزه شطرنجه دخی شاه دینر(١٨٨)

## ئەنجام

وەك بۆمان دەرکەوت، شێخ ڕەزا بۆ هەموو مەبەسەکانی شیعری کلاسیکی، شیعری وتووە، یا بە واتەی هەڵسەنگێنەرە کلاسیکییەکان، ئەسپی خۆی لە هەموو مەیدانێکدا تاوداوەو لە هەموویاندا شاعیرە و شاعیرێکی سەرکەوتووە، یا شۆڕەسوارێکی دیارە. واتە ئەگەر شیعری شەڕەجوێنیش ئەو شوێنە بەرزە تاکەی لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردیدا نەدایە بە شێخ ڕەزا، ئەوا هەر شاعیر دەبوو، شاعیرێکی گەورەی دەوری خۆی دەبوو، دەنگێکی ماوەو نەمری نەتەوە دەبوو.

زۆر جار شێخ ڕەزا بەوە لە چوارچێوەی شیعری کلاسیکی دەچێتە دەرەوە کە تاکە تاکە قەسیدە بۆ یەك مەبەسی تەنیا تەرخان ناکات، بەڵکو لە پارچەیەکدا چەند مەبەسێك کۆ دەکاتەوە، وەك شانازی و قارەمانی و دڵداری و وەسف.. هتد. زۆر جاریش کۆ کەرەوەی ئەمانە هەموو ئوسلووبە سەتیرییەکەی شێخ ڕەزا خۆیەتی، کە تانوپۆی شیعری ئەوە و خۆی بە هەموو مەیدان و مەبەسەکانی شیعری ئەودا دەکات. ئەو شێوەی سەتیرە لە هەجووکردن و شەڕە جوێنی شێخ ڕەزادا دەگاتە لووتکە. هەر لەبەر ئەوەشە شێخ ڕەزا لە ناو ئێمەدا بە شاعیری هەجووکردن ناوی دەرکردووە. هەجووی شێخ ڕەزا لە مێژووی ئەدەبیاتماندا شتێکی تاکە و شێخ ڕەزاش بە تواناترین یا تاکە سواری ئەم مەیدانەیە و دیارە ئەم چەشنە شیعرەی واتە (هەجوکردن)، جێگەیەکی تایبەتی و جێگری لای هەندێك کەس هەیە، لەبەر ئەوە زۆرتر دەوترێتەوەو زۆرتر لەبەر دەکرێ و شێخ ڕەزاش لەنا و کورددا بەو ناوەوە ناسراوە، کە خۆی زۆر لەوە فراوانترە، با لەو مەیدانەدا زۆر هونەرمەند و نەخشەکێشێکی بەهرەمەندیش بێت. لەهەموو هۆنراوەی شێخ ڕەزاوە دەتوانین بچینە سەر بڕیارێکی گشتی، کە نەخشەی قوتابخانەی ئەدەبیی ئەم دوو سەدەیەمان و شیعری شێخ ڕەزاش بێت.

پەیدابوونی قوتابخانەی شیعری نوێ، لە دەرەوەی بابانەوە و لە شاری سلێمانی، هەر بەو زاراوەیەی نالی و سالم و کوردی شیعریان پێ نووسیبوو

بەهۆی بڵاوبوونەوەی ئەدەبیاتی تازە. لە سەرەتاوە زاراوەیەکی تەواو نزیکی ئەو بەشە زاراوەیەی کرمانجیی خواروو بوو کە ئێستا بەشی سلێمانیی کرمانجیی خواروو پێ دەڵێن، تەواو لە شێوەی قسەکردنی شاری سلێمانییەوە نزیك بوو. بەڵام ڕۆژ دوای ڕۆژ ڕەگەزی بەشە دیالێکت و دیالێکتی تری کوردی لەو ئەدەبیاتەدا زیاتر بوو.

هەر لە سەرەتاوە، لە کۆیەوە حاجی قادر بەو شێوەیە دەستی دایە نووسین. شێخ ڕەزاش بە هەموو جۆرێك لە ڕووی پلەی ئەدەبییەوە هەر لە شاعیرانی پلەی نالی دەژمێررێ. با لە ڕووی کاتەوە دوای ئەوانیش هاتبێ. زاراوەی تازەی ئەدەبیات، لە ڕێیەوە وای لە شاعیرانی ئەو ناوچانە کرد، کە شێوەکەی خۆیان (گۆران–یا–هەورامی) نییە، بە هەورامی شیعر نەڵێن و بگەڕێنەوە سەر دیالێکتەکەی خۆیان.

پێش شێخ ڕەزا هەر لە کەرکووکدا مەلای جەباری بە هەورامی شیعری دەوت، بەڵام شێخ ڕەزا دێتەوە سەر دیالێکتەکەی خۆی کە لەگەڵ بەشە دیالێکتی سلێمانیدا یەکە. ئەمە لە کاتێکدا کە پێوەندیی شێخ ڕەزا بە شێوەی گۆرانەوە، دەگاتە پێوەندییەکەی مەلای جەباری بەو شێوەیەوە. چونکە شێخ ڕەزا بە ڕەچەڵەك دەچێتەوە سەر مەلا مەحموودی زەنگنە و دیارە زەنگنەش بەشێکی گەورەی دیالێکتی گۆرانە.

## پەراوێزەکان

(١) ئەفراندن: یا «عەفراندن»، کوردی سۆڤێتی بەمانای دانان .. تألیف.. بەکاری دێنن، بەڵام پڕ بە پڕ جێی بەرهەم و ئیبداعیش دەگرێتەوە، لەجێی خۆیدایە ئەگەر بەمانای ئیبداع بەکاری بێنین.

(٢) لەم بارەیەوە تەماشای هەموو ئەدەبیاتی سۆفیزمی کوردی دەکرێت، بەتایبەتی شیعری کرمانجیی ژووروو.

(٣) ڕەخنەوان و تۆمارکەرانی مێژووی ئەدەبی عەرەبی، شیعری دڵداریی عەرەبی دەکەن بە سێ بەشەوە: تەقلیدی و لەش پەرستی و عوزری. ئەم دابەشکردنە بۆ ئەدەبیاتی کوردی دەست نادات، بە تایبەتی بەشی سێیەمیان. وەك وترا، لە نەشارەزاییەوە بێت یا بۆ مەبەسی ڕۆژ بێت، هەندێك هەوڵی کز و لاوازی داسەپاندنی ئەو دابەشکردنە بەسەر ئەدەبیاتی کوردیدا دراوە. بەڵام دیارە شتێك کە بنەڕەتی زانستیی نەبێت و لێکۆڵینەوەیەکی ڕەسەن نەبێت سەرناگرێت.

(٤) دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی. کۆکەرەوە و چاپکەری عەلی تاڵەبانی. بەغدا، ١٩٤٦. ل٥ (لەمەودوا: دیوانی شێخ ڕەزا).

(٥) دیوانی شێخ ڕەزا، ل٩.

(٦) دیوانی شێخ ڕەزا، ل٩.

(٧) لێرەدا دەتوانین بە تاوێکی بچووك گۆران ببەستین بە شێخ ڕەزاوە. گۆرانیش کە گاڵتە بە دەستدرێژیی ناڕەوای ئیمپریالیزمی ئەمەریکا لە کۆریا دەگەیێنێتە لووتکەی ناشیرینی و لەولاوە خەبات و بەربەرەکانێی گەلی کۆریاش دەگەیێنێتە لووتکە، ئەوسا ئاوڕێك لە ئیمپریالیست دەداتەوە و دەڵێت:

**دەسا دەسگا و دووکانی لەق**

**خۆت توند بگرە بۆ شڵپەی شەق**

ساڵی ١٩٥١کە لاوکی کۆریای گۆرانمان دەخوێندەوە کاکەی فەللاح لای ئەم دێڕە دەوەستاو دەیوت: ئەڵی وشەکانی لەو ناو بازاڕەوە لەناو خەڵکدا کۆکردۆتەوە و خستوویەتییە دێڕی شیعرەوە. دیارە گۆران وای کردووە و لەسەر ڕێبازی ئێرەی شێخ ڕەزایە و کارێکی هونەرمەندانەیە.

(٨) دیوانی شێخ ڕەزا، ل٩.

(٩) دیوانی شێخ ڕەزا، ل٧٢.

(١٠) واتە: شێخێك كە پەنجا حەجی بژاردبوو، واتە – پەنجا حەجی كردبوو، تۆ بۆ كچی كافران شێتت كرد.

(١١) ئەحمەدی خانی، مەم و زین. مۆسكۆ، ١٩٦٢. ل٢١.

(٢١) واتە: مەلایان بە غەنجە و ناز سەرخۆش كە، شێخان بنێرە بەر بەرازان.

(١٣) ئەحمدی خانی، مەم و زین.مۆسكۆ، ١٩٦٢. ل١٠٣.

(١٤) دیوانی شێخ ڕەزا، ل١٤.

(١٥) هەر ئەوێ.

(١٦) هەر ئەوێ.

(١٧) هەر ئەوێ، ل٣٦، ٣٧.

(١٨) هەر ئەوێ.

(١٩) هەر ئەوێ، ل٤٢.

(٢٠) هێشتا كەسانی وا ماون كە بتوانرێت سەرگوزەشتەی شیعرەكانی شێخ ڕەزایان لێ ببیسترێت. ساغكردنەوەی ئەوە ئەركی هەموومانە.

(٢١) لێرەدا دەتوانین لە «شیرین وەكو خوسرەو پسەری هورمزە» وشەی «پسەر» بكەین بە بەڵگە بۆ ئەوەی پارچەكە بۆ كوڕ وترابێت. بەڵام بە «شیرین» دەست پێكردن بەڵگەی بۆ كچە جاف وتنە. ساغكردنەوەی ئەمە موناقەشەی درێژ هەڵدەگرێت، بەڵام ئەنجام لای ئێمە باوەڕ بەوە كە پارچەكە بۆ كچ وتراوە، هەر چەندە شێخ ڕەزا پارچەی وەكو ئەوەشی هەیە كە وتوویەتی:

**ڕۆژی یەكشەممە كە مەشهوورە بە ڕۆژی پازار**

**من بە غار كـــەوتمە دونباڵی كوڕێكی بولغار.**

(دیوانی شێخ ڕەزا، ل١٦)

بەڵام هەموو ئەو پارچانەی تر كە باس كران لە جوانیی كچ دواون .

(٢٢) دیوانی شێخ ڕەزا، ل٤٢.

(ڕەنگە لێرەشدا گۆران لە بابەتی بەراوردا بهێنینەوە سەر ئەم پارچەیەی شێخ ڕەزا و پارچەیەك كە بەم دێڕە دەست پێدەكات:

**هەرچەندە بە بەر مـــەلالی فرەم تەنگە قافییە**

**یەك عومری خەم هەناسەیەكی ساردی كافییە**

تا دەڵێ:

**لای منە چ جامی نەشئە، چ میحرابی دینی عەشق**

**ئەم چـــــاو و، ئەو برۆی کچە کوردێکی جافییە.**

دەکرێت بە کەرەسەی بەراورد.

(گۆران. بە هەشت و یادگار. سلێمانی١٩٧١ل ٧٥).

(٢٣) لێرەدا لەناو یەك دێڕە شیعردا زیاد لە قافیە و پێش قافیە چەند سەجع و هەندێك جار جیناس دروست کراوە.

(٢٤) دیوانی شێخ ڕەزا. ل٥٧، ٥٨.

(٢٥) هەر ئەوێ. ل٥٧.

(٢٦) ئەم باسە لە بەشی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا خرایەڕوو.

(٢٧) لە فۆلکلۆری کوردیدا وەسفی زۆری خەم کراوە وەك:

**خەم تۆ برامی خـــــەم تۆ برامی**

**خەم کاروانسەرای شەو مەنزڵگامی**

(٢٨) بڕوانە: دیوانی کوردی. هەولێر.

(٢٩) بۆ سەرچاوەکان بڕوانە بەشی یەکەمی باسەکە.

(٣٠) بۆ نموونە: بڕوانە: دیوانی شێخ ڕەزا، ل١٨٢.

(٣١) دیوانی شێخ ڕەزا، ل١٨٤.

(٣٢) ئەم دوو دێڕە فارسییە و بەم جۆرە دەکرێت بە کوردی:

یاری من بە عەزمی سەفەر پێی خستە ناو ئاوزەنگی . ماڵی زین (مەبەس زینی ئەسپە) ڕەنگین بوو، ماڵی من خراپ خەڵکی ڕۆژی ئێواران لە چاویاندا ئاوا دەبێت. من کاتی سەحەر ڕۆژ لە چاوم ون دەبێت.

لێرەدا وشەی «آفتاب»ی فارسی مانای «ڕۆژ»ە، هەروەك «آفتاب-یا- ئافتاو» لەناو کورددا ناوی کچە.

لە ئامادەکردنی ئەم باسەدا ئەم دوو دێڕەم بۆ برای نووسەر و فارسی زانم محەمەدی مەلا کەریم خوێندەوە، ئەو بۆ ئەوە چوو کە دەبێت «ئافتاو یا آفتاب» ناوی کچ بێت و شێخ ڕەزا ئەم دوو دێڕەی بۆ ئەو وتبێت. ئەمە سەرەتای باسێك دەدات بەوانەی دوای ژیانی شێخ ڕەزا دەکەون.

(٣٣) دیوانی شێخ ڕەزا، ل٨.

(٣٤) لەبەر ئەوەی پارچەکە تاکە و ونرخی خۆی هەیە و دیوانی شێخ ڕەزاش لە بەردەستی زۆربەی خوێنەرانی کورددا نییە. لەبەر ئەوە چ ئەم پارچەیە و چ هەندێك پارچەی ترمان بەتەواوی تۆمارکرد. ئەگینا بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی باشتر ئەوەیە کە تەنیا دەست بۆ سەرچاوە و لاپەڕە درێژ بکرێت.

(٣٥) ڕەنگە بتوانین ئەم وێنەیە ببەینەوە سەر وێنە ڕەنگینەکەی نالی کە وتوویەتی:

**هەر جۆگەو و جۆبارێ کەوا سوور و سوێر بێ**

**جێی جـۆششی گریانی منە خـــــوێن نەڕژاوە.**

(٣٦) لە مەیدانی شیعری کلاسیکی و هونەرمەندی لە دۆزینەوەی تەشبیهی تازەدا شێخ ڕەزا گەیشتۆتە ئەم شوێنە، تا ئەوەی سی ساڵ زیاتر پاش ئەو شاعیرێکی بەڕاست شاعیری سەدەی بیستەم لە پلەی ڕۆمانتیزمیی خۆیدا بە شوێن پێی کلاسیکەکاندا وێنەی ڕەشی و تاریکی دەگەیێنێتە ئەوەی بڵێت:

**سەرێك بکێشە هەوارگەی وێران**

**کە تاریکترە لــە دیدەی کوێران.**

(٣٧) دیوانی شێخ ڕەزا. ل٢٩.

(٣٨) دیوانی شێخ ڕەزا. ل٢٠.

(٣٩) دیوانی شێخ ڕەزا. ل٧٦.

(٤٠) دیوانی شێخ ڕەزا. ل٤.

(٤١) دیوانی شێخ ڕەزا. ل٧.

(٤٢) دیوانی شێخ ڕەزا. ل٥.

(٤٣) دیوانی شێخ ڕەزا. ل٢٨.

(٤٤) دیوانی شێخ ڕەزا. ل٤١.

(٤٥) دیوانی شێخ ڕەزا. ل٤٥.

(٤٦) دیوانی شێخ ڕەزا. ل٥١.

(٤٧) دیوانی شێخ ڕەزا. ل٥٨.

(٤٨) دیوانی شێخ ڕەزا. ل٥٩.

(٤٩) ئەم چەشنە شانازییە لە قاڵبێکی تردا هاتۆتە ناو شیعری تازەی کوردیشەوە، لە زۆر

پارچەدا ئەو شانازییە بەسەر زمانی شاعیرەوە، کە وێنەی تیکۆشەرە خۆی دەنوێنێت. بۆ نموونە: بڕوانە «بەستەی نەبەز»ی گۆران و دەیان پارچەی تری شاعیرانی ئێستامان.

(٥٠) دیوانی شێخ ڕەزا. ل١٤.

(٥١) دیوانی شێخ ڕەزا. ل١٥.

(٥٢) دیوانی شێخ ڕەزا. ل١٩.

(٥٣) دیوانی شێخ ڕەزا. ل٢٠.

(٥٤) ئەم دێڕانە بە فارسی وتراون و ئەمە مانایانە:

**کە داوودە لەوسەرەوە لەشکریان کرد**
**لەم سەریشەوە عەبدولحەمید جوولەی کرد**
**فەرمووی تا تایەفەی تالەبانی**
**وەك کێو بە سەر زینەوە دانیشتن**
**ئەو ئەرژەنگی بەچکە دێوە هەڵبڵۆقی**
**وەك ڕۆستەم ڕژەی لەشکری دا**
**قۆڵی ڕاست و چەپی لەشکری ڕاست کردەوە**
**جێی خۆیشی لەناو دڵی لەشکرەکەدا کردەوە**
**تاقمێکی لە قارەمانانی یاخیی زەنگنە**
**نارد بۆ سەر لای ڕاستی هێزی دوژمن.**

(دیوانی شێخ ڕەزا. ل١٧١)

(٥٥) واتە:

**هەمەوەند لە بازیانەوە**
**شەبەیخوونیان کرد بۆ (سازان) و (خان)**
**زرمەو جوولە بوو لە ناوچەی شەڕدا**
**لەوێدا وەك پڵنگ دایان بەیەکدا**

(دیوانی شێخ ڕەزا. ل١٧٦)

(٥٦) بڕوانە: فردوسی. شانامە. مۆسکۆ، ١٩٦٠.

(٥٧) دیوانی شێخ ڕەزا. ل٤٥.

(٥٨) دیوانی شێخ ڕەزا. ل٣، ٤.

(٥٩) عەلادین سەجادی. مێژووی ئەدەبی کوردی. بەغدا، ١٩٥٢.

(٦٠) دیوانی شێخ ڕەزا. ل٥٦.

(٦١) دیوانی شێخ ڕەزا. ل١٨.

(٦٢) واتە:

بــە دیــدە سوجــدەکــێشان خــاکــی ڕێم ئـاودا
لــە شوکــرانــەی هــاتــنــی ویــلایــەت پــەنــادا
ئەی والیی ویلایەتی زەورا (بەغدا) بەخێرهاتی
لـــەجــێی بـــەرمـــەکـــیــان بــارەگــا هــەڵــدە.

(دیوانی شێخ ڕەزا. ل٨٤)

(٦٣)

ئەگەر تیشکی مانگ تیشکی ڕۆژی شای ئەستێرە نەبوایە
ئــەمــووت جــوانــیــی نــاسرەدیـن شا جــوانــیــی مــانــگــە
نــووری مــانــگ لــە خــۆرەوەیــە و نــووری شا لــە خــۆیــەوە
لــە ڕاستــیــدا جــیــاوازی لــە نــێوان شا و مــانــگــدا زۆرە

(دیوانی شێخ ڕەزا. ل٨٧)

(٦٤) بڕوانە. دیوانی شێخ ڕەزا. ل١٠٣. ل١٥٢–١٥٤.

(٦٥) دیوانی شێخ ڕەزا. ل٤٤.

(٦٦) دیوانی شێخ ڕەزا. ل٤٤.

(٦٧) امین فیضی. انجمن ادیبان کورد. استنبول، ١٩٢١.

(٦٨) واتە:

بـــۆ ئـــەربـــابـــی دانش ئـــەمین فـــەیـــزی
نـــیشانـــەیـــەکـــە بـــۆ هـــونـــەری ڕۆشنـــی
یەکێتیی من و تۆ چەند نیشانە و بەڵگەی هەیە
سروشتی من و تۆیان لە یەك مایە دروست کردووە
ئـــەگـــەر تـــێکـــرا نـــاوی ڕەزا بـــژمـــێری
زیــاد و کــەمــی لــە نــاوی نــاوداری تــۆ نــیــیــە

(دیوانی شێخ ڕەزا. ل٩٩، ١٠٠).

[تێبینی: لێرەدا شاعیر مەبەسی ئەوەیە کە ناوی خۆی واتە (رضا) بەحسابی تیپی ئەبجەد، لەگەڵ ناوی تەواوی ستایشکراودا واتە (امین فیضی)، یەك شت دەگرێتەوە. دیارە ئەگەر حیسابی بکەین هەردووکیان دەکەنە (١٠٠)].

(٦٩) واتە:

مەشرەبت خۆش و شێوەت شیرینە

دەمت دورجی گەوهەری گەوهەرینە

(دیوانی شێخ ڕەزا. ل١٠٩)

(٧٠) واتە:

خـــاتـــرت شاد بـێت ئـــەمین فـــەیـــزی

چـــونـــكـــە دەریـــای زانست و ئـــایـــنـــە

دوژمـــنت خـــاكسارو ژێر و زەبـــەر بـــێت

چـونـكـە شایـانـی لـەعـنـەت و نـەفرینـە

ڕەزا فـــــەزل لـــــە خـــــواوە دەزانـــــێ

كـە لـە شاعـیـرە خـۆبـیـنـەكـان نـیـیـە

(دیوانی شێخ ڕەزا. ل١١٠)

(٧١) واتە:

لـە بـەر دووریـی كـاكـەمین بـە جـۆرێكـم

ڕاست و چـەپ لـە یـەك نـاكـەمـەوە

بـەخت كـارێ بـكـا هـەرگـیـز یـار نـەبـینـم

تـا بـە كـات و شوێن پـێ بـكـەنم

چـەنـد لـە یـادی تـۆدا فـرمـێسك بـڕێژم

چـەنـد لـە دووریـی تـۆدا خـەفـەتـبـاربم

تـا بـە فـێڵ خـەمـێ چـار ئـەكـەم

خـەمـێكـی تـر سەرلـە قـولـڵـەوە دەردێنێ

لـە جـامـی بـادەی فـەیـزی تـۆ مـەستـم

وەك مەسیح لە گیانی فەیزی ئەمین مەستە

خـوا بـكـا سالـّەهـای درێژ بـاقـی بـێت

بـە سەلامـەتـی، ئـەمـیـنـی ئـێمـە ئـامین.

(دیوانی شێخ ڕەزا. ل١٥٢)

(٧٢) واتە:

ئەی کۆنە یاری هونەرمەند
تۆ شایانی هاودەمیی خەسرەوانی (پاشایانی)
لە ژێریی خۆت نامەیەکت نارد
لەو نامەیەدا هاواری ژێریی خۆتت ڕاگەیاند
هەوای نەسیمی بۆ ئێمە وای پێ ئەڵێن
چونکە گیان پەروەردە ئەکا هەوای نەسیمی
بۆ زانایی تۆ هاوتام نەدیوە
مەگەر دووڕی یەتیم و جەوهەری فەرد نەبێت
تۆ ئەتەوێ سەفەر بکەیت و لەیەمەن دوورتر بڕۆی
دەی ئەمین فەیزی، هەر لە دڵی مندا نیشتەجێیت

(دیوانی شێخ ڕەزا– ل١٦٧–١٦٨)

(٧٣) واتە:

نیسبەت و پێوەندیی من لەگەڵ ئەمین فەیزی ئەزەلییە
وەك نیسبەتی سوننییە لەگەڵ عومەر ، وەك نیسبەتی رافزی و عەلی نییە

(دیوانی شێخ ڕەزا. ل ١٩٣)

(٧٤) لە ماڵا هەڵاوێردەیت و لە سەفەریش بە هەڵاوێردەیی هاتیتەوە
ئەوەڵ و ئاخر ئەمین فەیزی تۆ بە هەڵاوێردەیی هاتیتەوە

(دیوانی شێخ ڕەزا. ١٩٧)

(٧٥) مانای ئەم دێڕە تورکییانە ئەمەیە:

وەستای قسە، میری قسە تۆی
ئەوەی خولقێنەری مەعالیی پێ دەڵێن هەبێ، تۆی
ئەی کانگای کەمالات (ئەمین فەیزی) ئەفەندی
تۆ کۆمەڵە خەڵقی (حەسەن)و خولقی (حسین)ی

(دیوانی شێخ ڕەزا. ل٣٥٤)

(٧٦) واتە:

شیعرەکانتم گەیشتە دەست
بەڕاستی بیرەکانت زۆر جوانن

ئەو ڕۆژە لە نووری مەفخەرەتدا غەرق بووین
شوکــری زۆری ئــەم بــەنــدە بــچــووکــەت
(ترزی باشی. کرکووك شاعرلری. ل١٣٢)

(٧٧) دیوانی شێخ ڕەزا. ل٧٦.

(٧٨) دیوانی شێخ ڕەزا. ل٧٦.

(٧٩) دیوانی شێخ ڕەزا.

(٨٠) دیوانی شێخ ڕەزا. ل٧٧.

(٨١) واتە:

(ڕەزا) ئاگاداربە، قسەی هەرزە مەکە چونکە شتی وا
لای تەبیعەتی وەلی نیعمەتی ڕەوشت بەرز خراپە
کە لەقەبی ئەو والییە جەم جایە (ئەحمەد) بێ،
دیارە سەد پلە ئەسڵ و بنەچەی لە جەمشید بالآترە
تەهموورەس و هۆشەنگ و کەیوومەرس و سیامەك
جــەمشیــد شانــازی بــە چــوار بــاوکــەوە دەکــات
(دیوانی شێخ ڕەزا. ل١٣٦)

(٨٢)

ئاسەفێ کە وەك جەم وایە و داوەرێ کە وڵاتان دەگرێ
خــاوەنــی شیــر و قــەڵــەمــە حــەزرەتــی ئــەحــمــەد پــاشا
بــە ئــەقــڵــم وت: لــەنــاو تــاقــمــی وەکــیــلانــدا لــەو
عــارفــتــر و دانــاتــر هــەیــە؟ وتــی: حــاشا نــیــیــە.
گــەردوون لــە فــەرمــان بــەرداریــی ئــەودایــە بــە ئــارەزووی
خــــــۆی هــــــــەڵــــــــی دەسووڕێنــــــــــی
چەرخ لە دەستی ئەودایە بە کەیفی خۆی دەیهێنێ و دەیبا.
(دیوانی شێخ ڕەزا. ل٩٧)

(٨٣) واتە:

کــاغــەز، قــەڵــەمــی نــووسیــنــی لــە شاپــەڕی بــاڵــی جــوبــرەئــیل دەوێ
چــونــکــە نــاوی حــەمــدی پــاشا لــە هــەمــوو نــامــەیــەکدا نــابــرێ

**ڕەوشتــی بــەخششی ئــەو بــوونــی کــوڕی زائـیــدە بــە زیــاد دادەنــێ**

**شوورەیی دێتەوە لە حاتەم و فەزلی یەحیای بەرمەکی بەفەزڵە دادەنێ**

(دیوانی شێخ ڕەزا. ل٨٨)

(٨٤) واتە:

**دەستی گەوهەرپژێنی، کانگا خۆزگەی پێ دەخوازن.**

**نـێو لــەپــی بـدەیـی، دەریـا غـیــرەتــی پـێ دەبـا**

(دیوان. ل٢٠٩)

(٨٥) واتە:

**بەم ڕستە کەمانە ناتوانرێ باوك و باپیرە گەورەکانی نیسبەت**

**بـــدرێن، چـــونـــکـــە لـــە ژمـــارە نـــایـــەن**

(دیوانی شێخ ڕەزا. ل١٣٦)

(٨٦) واتە:

**ئــەگــەر ئــەمــڕۆ کــەسێکی تــەواو هــەبــێ**

**مــەجــیــد پــاشای بــە بــەزەیـیـیــە**

**ڕۆژێکـــــی عـــالـــــەم ئـــــارایـــــە**

**لە بنەماڵەی پادشایانی بابان ماوەتەوە**

(دیوانی شێخ ڕەزا. ل ٢٠٨، ٢٠٩ ).

(٨٧) دیوانی شێخ ڕەزا. ل ٣١.

(٨٨) عەلائەدین سەجادی. مێژووی ئەدەبی کوردی. بەغدا، ١٩٥٢.

(٨٩) دیوانی شێخ ڕەزا. ل ٣١.

(٩٠) دیوانی شێخ ڕەزا. ل٣٥.

(٩١) هەر ئەوێ.

(٩٢) ئەو گێڕانەوەیە لە دانیشتنی تایبەتیدا و بەقسە بووە. ئەمانەت لەوەدایە کە باس بکرێت.

(٩٣) لە دیوانی شێخ ڕەزادا نموونەی ئەمە ئێجگار زۆرە.

(٩٤) لە دیوانی شێخ ڕەزا. ل٣.

(٩٥) دیوانی شێخ ڕەزا. ل ٣١.

(٩٦) دیوانی شێخ ڕەزا.

(٩٧) دیوانی شێخ ڕەزا. ل ١٩.

(٩٨) لەگەڵ ئەم سۆزی دڵسۆزییەشدا زمانی لە هەجووی سلێمانی نەپاراستووە. تەنانەت هەر بۆ ئەوەی شێخ ڕەزایەتیی خۆی بسەلمێنێت هەندێك دێڕی هەیە كە بۆنی هەجوویی بابانەكانیشی تێدابێت.

(٩٩) دیوانی شێخ ڕەزا. ل ٥١.

(١٠٠) هەر ئەوێ.

(١٠١) هەر ئەوێ. ل ٥٩.

(١٠٢) واتە:

**كە مانگی ڕەمەزان بەسەردەچێ نۆبەی جەژنە**
**كێ دیوویە جەژن بەر لە ڕەمەزان بێت؟**
**كەركووك چۆن ئەمڕۆ بەسەر هەموو جیهاندا ناز نەكات؟**
**كە جێی حەسانەوەی ئەم سێ كوڕەزایەیە**
**مەبەست لە جەژن هاوڕێیەتیی ئەو پێشەوای سەیدانەیە**
**كە شێخ سەعید سەرداری گرۆی شەریفانە**
**سەد سوپاسی كە بە هاتنی ئەو دۆستە نازیزانە**
**ئەمساڵ بوو بە سێ جەژن، كە ساڵان هەر دوو جەژن بوو.**
**لە بەختی ئەو شێخ سەعیدەیە كە ئەمساڵ**
**مەقەستی كارەسات سەری موویەكی نەبڕیوە**
**پەنجەبازی لەگەڵ ئالی نەبی پیشەی ئێمە نییە.**
**ئەم ڕووداوە قەزا و قەدەری خوایی بوو**
**وەنەبێ ڕەزا لە ئێستاوە ئەم دەردەی درابێتە پاڵ**
**هەر لە یەكەم ڕۆژەوە عاشق و دەروێش و مریدە.**

(دیوانی شێخ ڕەزا. ل١١٤، ١١٥)

(١٠٣) واتە:

**ئەی ئەوكەسەی بەندەیی من بۆ تۆ بەهیوای تەماع نییە**
**دەستی بەخشندەی تۆ نادەم بە سەد ڕووی كەفاف**
**خوا هەڵاوێردەیی تۆی لە سێ ڕووەوە داوە**
**هیممەتی بەرز و دەستی بەخشش و سروشتی خاوێن**

**پـــاڵ بـــده بـــه پـــایـــەی بـــاپـــیـــرتـــەوه و بـــیـــر مـــەكـــەرەوه**

**ئەوەی بەدوای ئاژاوەدا بگەڕێ لە سەرپەنجەی پەشیمانی بەولاوە ناگەزێ.**

**تـــیـــغـــی زمـــانـــی مـــن و شیـــری تـــۆ بـــەسە بـــۆ نـــاحـــەز**

**هـــاوار لـــەو ڕۆژەی ئـــەم دووانـــە لـــە كـــێلان بـــهـــێـنـــرێنـــەدەر**

(دیوانی شێخ ڕەزا. ل١٤٤)

(١٠٤) دیوانی شێخ ڕەزا. ل١٦٦، ١٦٧.

(١٠٥) واتە:

**دوعای ئەم سێ حەفیدەیە ویردی ڕۆژ و شەوم**

**بە لـرتفی خۆت هەموو دەستگیرکە خوایە**

(دیوانی شێخ ڕەزا. ل١٦٧)

(١٠٦) دیوانی شێخ ڕەزا. ل١٠.

(١٠٧) هەر ئەوێ

(١٠٨) هەر ئەوێ

(١١٠) هەر ئەوێ

(١١١) هەر ئەوێ

(١١٢) وەك وترا شێخ ڕەزا بەرهەمی فەوتاوی زۆرە.

(١١٣) دیوانی شێخ ڕەزا. ل٦٤.

(١١٤) دیوانی شێخ ڕەزا. ل٣٧، ٣٨.

(١١٥) دیوانی شێخ ڕەزا. ل٦٣.

(١١٦) بە تایبەتی لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا.

(١١٧) بە تایبەتی لە نامەیەکی دوکتۆر مارف خەزنەداردا.

(١١٨) دیوانی شێخ ڕەزا. ل١٥.

(١١٩) واتە:

**پەنا بە خـــوا زمـــانی ئاگرینم**

**کردوومانە بە ڕەجمی شەیتانان**

(دیوانی شێخ ڕەزا. ل١٥٣)

(١٢٠) مانای ئەم دێرە تورکییانە ئەمەیە:

**سالـیـکـی مـوڵـکـی بـەقـایـە سالـیـکـانـی قـادری**

**تـاریـکـی گـۆیـی فـەنـایـە سالـیـکـانـی قـادری**

**تێکۆشان لە عیلمی ئیلاهی بوون بە سەبەقخوان**

**واریسی ئــەنــبــیــان ســالــیــکــانــی قــادری**

**بــاتــیــنــیــان بــە جــامــەی عــیــرفــان ڕازانــدەوە**

**زاهــیــری ئــەهــلــی قــوبــان سالـیـکـی قــادری**

**حـەلـقـەی زیـکـریـان مـەجـلـیسی ئیشراقـیـانـە**

**ئــاشنــان بــە سیــڕڕی دڵ ســالــیــکــانــی قــادری**

(دیوانی شێخ ڕەزا. ل٢٤٥)

(١٢١) دیوانی شێخ ڕەزا. ل٢٨٨.

(١٢٢) واتە:

**لە سووچێکدا وەك نەقشبەندییان خۆمان ناشارینەوە**

**تــەکــیــەی قــادری وەك شێر لــە مــەیــدانــدایــە**

(دیوانی شێخ ڕەزا. ل٢٢٥)

تێبینی: لێرەدا تەورییەیەك لە وشەی مەیداندا هەیە. هەم ئەم مەیدانەیە کە شێر دەچێتە ناوییەوە و ئەو ناوچەی مەیدانی بەغدایەشە کە تەکیەی تاڵەبانیی لێ بووە.

(١٢٣) واتە:

**کارم بە کێ و بە کامەیە؟ نە بە شا و نە بە وەزیرە**

**هەر سەرمایەیەك کە هەمبێ، لە سایەی پیرەوەیە**

(دیوانی شێخ ڕەزا. ل١١٣)

(١٢٤) واتە:

**(لامــیــع) شایــان نــیــیــە قسەی غــەیــرە بــەسەر**

**زمانی تۆدا بگوزەرێ لە قسەی ستایشی شێخ بەولاوە**

(دیوانی شێخ ڕەزا. ل١٢٣)

(١٢٥) دیوانی شێخ ڕەزا. ل١٤٢.

(١٢٦) دیوانی شێخ ڕەزا. ل٤٩.

(١٢٧) واتە:

ئەو پیرە نە شبلییە و نە مەعرووف و جونەیدە
ئەوانە هەموو یەك جیلوەن لـــە و پیرە مەزنە
(دیوانی شێخ ڕەزا. ل١١٣)

(١٢٨) دیوان. ل١٣٧، ١٣٨.

(١٢٩) واتە:

گوڵی سەد بەرگی گوڵزاری بەهەشتن نەقشبەندییان
هـەزاران گـوڵستـانـی لامـەکـانـن نـەقشبـەنـدیـان

***

لـــە دەبـوستـــانـــی ئـــەدەبـــی خـــواجـــەی خـــزردا
سەبەق خوانی خەتمی (خواجەکان)ن نەقشبەندییان
لـە حـەقیـقـەتدا ئـەمـانـە سەفـای قـەلبیان دەستگیرە
نـەقشی ئـەغیـار و حـەرزی ئـەمـانـن نـەقشبـەنـدیـان
(دیوان. ل٢١٨، ٢١٩)

(١٣٠) واتە:

قیبلـەی حاجەت بوو، رووی بەهادینی ئێمە
تـاقـی میـحـرابـە ڕووی بـەهـادیـنـی ئـێمـە

***

لـــــە سایەی خواوە لە دەریای (ڕەزا)دا جوستجۆم کرد
لوءلوئم دەست کەوت، لە نویّ بە هۆی بەهادینی ئێمەوە
(دیوان . ل٩٨)

(١٣١) دیوان. ل١٦٤، ١٦٥.

(١٣٢) دیوان. ل١٨٨.

(١٣٣) واتە:

من سوننیم ناوم (ڕەزا)یە، سەگی ئیمامی مـــورتـەزام
دەروێشی عەبدولقادرم، ڕێگەم بەرەو (مەولا) دەچێت
(دیوان . ل١٢٥)

(١٣٤) واتە:

لـــە مـــاتـــەمـــی ئـــالـــی عـــەلـــیـــدا، خـــویـــن وەك دەریـــا دەڕوا
هـــەر تـــیـــغـــەو لـــە سەر دەدریٚ، هـــەر دەستـــە و بـــەرەووژوور دەبـــڕیٚ
لە عیشقی ئالی ئەبولحەسەن، یەکیٚ تیغ ئەدا لە خۆی و یەکیٚ سنگی ئەکوتیٚ
داد و فـــیـــغـــانـــی ژن و پـــیـــاو، تـــا عـــەرشی ئـــەعـــلا دەچـــیٚ
پـــیـــراهـــەنـــی شەمـــعـــی خـــودا، یـــەعـــنـــی حسەیـــنـــی مـــوجـــتـــەبـــا
گـــیـــانـــی هـــەمـــوو بـــەفـــیـــدا دەبـــێت، سەر هـــەمـــوو بـــە تـــاڵان دەچـــێت

(دیوان . ل١٢٤)

(١٣٥) واتە:

غـــەمـــگین مـــەبـــە (ڕەزا) ئـــەگـــەر مـــاڵ و پـــایـــەت نـــەبـــیٚ
ئەوەی بە ناوی ئیمامی ڕەزا دەخویندرێیتەوە، ئەوەت بەسە

(دیوانی شێخ ڕەزا. ل ١١٦)

(١٣٦) واتە:

تۆ لە خۆڕایی نەبوویی بە موتەسەڕریف لە خاکی
کـــەربـــەلادا خـــوا پـــایـــەی بـــڵـــنـــدتـــر کـــا
کـە ڕووداوەکـەی ئـیـمـامـی حسەیـن یـادکـەیـتـەوە
چـــۆن شمـــری لـــەعین سەری لـــە پشتـــەوە بـــڕی
سەیـــری حـــاڵـــی لاوانـــی ئـــەهـــلـــی بـــەیت بـکـــە
چـــۆن بـــوون بـــە نـیشانـــەی تـیـری حـــەسوودانـیـان

(دیوان . ل٩٥)

(١٣٧) واتە:

هـــەزار لـــەعـــنـــەت لـــە گـیـانـــی ئـــەوانـــەی حسەیـنـیـان کوشت
بەڵام لەم لەعنەتەدا وەك شیعە مەیگەیێنە ئەسحابە و خولەفا
نـــەپشت بـــە زیـــادڕەوی بـبـــەستـــە و نـــە بـــەکـــەم ڕەوی
مـــام نـــاوەنـــدی بـــە ، مـــام نـــاوەنـــدی مـــەزهـــەبـــی عـــاریـفـانـــە

(دیوان ل٩٦)

(١٣٨) واتە:

سوننیم، سوننی، بەڵام خۆشەویستیی ئالی مستەفا
دیـــن و ئـــایـــیـــنـــی مـــن و بـــاو و بـــاپـــیـــری مـــنـــە

**شیعە و سوننی نازانم، دۆستم لەگەڵ هەر کەسدا کە**
**لـــەگـــەڵ ئـــەوان دۆست بـــێت، دوژمـــنـــی هـــەر کـــەسم**
**دوژمـــــــــــنـــــــــــی ئـــــــــــەوان بـــــــــــێت**

(دیوان. ل ١١٢)

(١٣٩) سۆزی ڕاستگۆیی لەم باسەیدا دیارە، با حەز بە گاڵتەش لەو چەند دێڕەدا هەبێت کە هەجوویانی پێ کردووە.

(١٤٠) دیوان. ل٣٠.

(١٤١) دیوان. ل٣٠.

(١٤٢) دیوان. ل٦١.

(١٤٣) واتە:

**ئـەهـلـی تـەوحـیـد ئـەحـواڵـیـان دەم و نـەفـەسی عیسایـە،**
**قسەیــــــــان یــــــــەدی بــــــــەیـــــــــزایــــــــە**
**یــاخــاوتــنــیــان جــانــفــەزایــە، نــوتــقــیــان شیــفــایــە**
**بــا ئــیــبــراهــیــمــی ئــەدهــەمــە، یــاخــود مــەخــدوومــی گــەورەیــە**
**ئەی ڕەزا ئەهلی تەوحید هەر یەکەیان مەردێکی خودایە**

(دیوان ل٢٢٩، ١٣٠)

(١٤٤) دیوان ل٧٢

(١٤٥) دیوان ل٦٠.

(١٤٦) واتە:

**خــەڵــکــیــنــە وەك مــن ڕووبــکــەنــە مــەیــخــانــە و کــاروانــتــان**
**بــــــــەرەو ئــــــــەوێ وەرچــــــــەرخــــــــێــنــــــــن**
**نــەك بــەرەو مــزگــەوت کــە زاهــیــدی بــێ دیــنــی تــیــایــە**
**خۆی دووسەد شوورەیی بەدزییەوە هەیە چاوی لی ئەنووقێنی**
**سەرانسەری قسەی بـــــــاسی مـــــــنـــــــی هـــــــەژارە**

(دیوان. ل ١٠٦)

(١٤٧) دیوان. ل٥٢.

(١٤٨) واتە:

**دوو گـــەز مـــێزەر، سێ گـــەز جـــبـــە، گـــەزێ ڕیش**
**دوو سەد مـــریـــدیش لـــە بـــەر و دوایـــەوە لـــە ڕکـــێفـــیـــا**

**خوایە پەنای (ڕەزا) بدەی لە مەکر و حیلە و ریای ئەم کابرایەی**

**بەدیمەن خەریکی خواپەرستی و بەدزییەوە بەنگ کێشە**

(دیوان. ل ١٤٣)

(١٤٩) واتە:

**شێخی تەوێڵە کەرێکی وەك تۆی کردووە بە خەلیفە**

**دیارە ئەبی خەلیفەی شێخی (تەویلە) کەر بێ!**

(دیوان. ل١٩٤)

(١٥٠) دیوان. ل ٨٠.

(١٥١) دیوان. ل ٦٨.

(١٥٢) دیوان. ل ٧٦.

(١٥٣) دیوان. ل ٢٥٧.

(١٥٤) دیوان. ل ١٨٣، ١٩٣.

(١٥٥) دیوان. ل ١٤٦، ١٤٧. ل ١٨٣.

(١٥٦) نموونە چوارینەکەی مەحوییە.

(١٥٧) دیوان. ل ٦٤.

(١٥٨) خانی وتوویەتی:

**نامووسە لە حاکم و ئەمیران**

**تاوان چییە شاعیر و فەقیران**

(١٥٩) بڕوانە: وتاری کردنەوەی مەهرەجانی دووەمی شیعری کوردی.

(١٦٠) دیوان. ل ٨٤-٨٧.

(١٦١) دیوان. ل ٢١٠.

(١٦٢) دیوان. ل ٢٠١.

(١٦٣) دیوان. ل ٢٢.

(١٦٤) واتە:

**خۆزگە یەك تاقە ڕۆژ ڕێیان ئەدام بچمە (مابەینی هومایۆن)**

**تا بە حەمید خان بڵێم هەی (حمیر المؤمنین)**

نــاردنـــی تـــۆ پـــێچـــەوانـــەی نـــاردنـــی پـــێغـــەمـــبـــەرە

(تۆ بۆ زەحمەت نەبێ نەنێرراوی بۆ سەر ئەم هەموو خەڵکە)

(دیوان: ل ١٥٨)

(١٦٥) عطا ترزی باشی. کرکوك شاعرلری. ایکنجی جلد. کرکوك ١٩٨٦.

(١٦٦) واتە:

مـن حـقـووقـی نـیـعـمـەتـی دەوڵـەتـی عـوسمـانـی

نـافرۆشم بـە هـەمـوو حـەشمـەتـی سوڵـتـان مەحموود

(دیوان . ل١٩٤)

(١٦٧) واتە:

لە عەسكەرییەوە گایەك پێگەیشتووە بووە بە والی

لـەعـنــەتـی خــوا لــە دانـیشتــووی بــابـی عــالــی

(دیوان: ل ٢٥٦)

(١٦٨) واتە:

ئەم والییانەی دێن نیسبەتیان نییە بە بابـی عالییەوە

ئەم جۆرە والییە گووە دەبێ لە بابی سوفلییەوە هاتبێ

(دیوان. ل ٢٥٥)

(١٦٩) بڕوانە– بەشی یەكەمی ئەم باسە.

(١٧٠) دیوان. ل ٧٦.

(١٧١) دیوان. ل ٧١.

(١٧٢) دیوان. ل ٣٣.

(١٧٣) دیوان. ٣٤.

(١٧٤) لێرەدا دیارە ئێران و ڕۆم ئەستەمووڵ و تارانە و ئەمە لەگەڵ ئەو ڕایەی مەسعوود محەمەددا ناگونجێ كە لە بەشی یەكەمی باسەكەدا باسمان كرد.

مانای دێڕەكانیش ئەمەیە:

مــن شێخـم و جـێیشم نـیـیـە پـاڵـی پـێوە بـدەم

پشت بــە كـەرەمـی یـوسف جـان نـەبـێ نـابـەستـم

نـە لـە ئـێران و لـە ڕۆم جـێی ئـۆقـرە گـرتـنـم نـیـیـە

لە ژێر ئاسمانا وەك كەشتی سەرەخولەم تووش بووە.

(دیوان. ل ١٥٨)

(١٧٥) واتە:

بۆ عــەنقا بیناکراوە هێلانەی پـــــەڕەسێلکە
گوایە دەڵێن دەرگای تاڵەبانی ئاوەدان کرایەوە

(دیوان. ل ٢٥٨)

(١٧٦) واتە:

لە بەردەمی دوشمندا پشیلەیە و لە بەردەمی میللەتدا شێرە
لـــەعـــنـــەت لـــە حـــەزرەتـــی ئـــەم سوڵـــتـــانـــە
لـــەعـــنـــەت لـــە خـــۆی و تـــابـــیـــعـــانـــی و
لـــە وانـــەی بـــە حـــوکـــمـــی قـــورئـــان ڕازی نین

(دیوان، ل ٢٥٢)

(١٧٧) واتە:

بـێچـارەیـە عـەدالـەت کـە بـیـنـاکـەی ڕووخـێنـرا
کـتـوپـڕ ڕیـایـە نـاوییـەوە ئـەم قـانـوونـی ئـەساسیـە
قـانـوونـی خـوایـی هـەیـە واتـە شەریـعـەت
قـانـوون وڕێـنـەیـە چ سیـاسی بـێ، چ ئـەساسی

(دیوان. ل ٢٥٣)

(١٧٨) واتە:

دیـانـەت تـواوەتـەوە، دەوڵـەت بـۆگـەنـە، مـیـلـلـەت پـەرێشانـە
سەبەب تەحقیری دین، دەمەزراندنی قانوون و واز لێ هێنانی قورئانە

(دیوان. ل ٢٥٦)

(١٧٩) دیوان. ل ١٣.

(١٨٠) دیوان. ل ٥٣.

(١٨١) دیوان. ل ٣٢.

(١٨٢) دیوان. ل ١١٦.

(١٨٣) واتە:

تیری مەشهەدم لـــــە مەقامی (ڕەزا) بەو حاڵەوە
هەر بەڵایەك بێت شوکرم و دەڵێم ئەلحەمد و لیللا

(دیوان. ل ٢٣٣)

(١٨٤) دیوان. ل ٥٢، ٥٣.

(١٨٥) دیوان. ل ٥٩.

(١٨٦) واتە:

ئەو دەسدرێژییەی خزمان لێیان کردم
نەمدیوە شمر لەگەڵ ئالی عەبا کردبێتی
لەوانەیە ئیشارەتێکی حاڵی منی کردبێ
بەیانیان بولبول حیکایەتی لەگەڵ بای بەیانی ئەکرد
ئەیوت عەشقی ڕووی گوڵ چەند کاری بەسەر من هێناوە
بە هۆی مام و خاڵە وەك دووپشکەکانمەوە
حاڵم خەستەیە و ڕۆژگارم نارەحەتە
ئامادەم بۆ تاراج کردنی ماڵم
من هەرگیز بە دەست بێگانەوە ناناڵێنم
چونکە هەرچیم پێ کرا ئاشنا پێی کردم

(دیوان. ل ١٣٢)

(١٨٧) دیوان. ل ٤٣.

(١٨٨) واتە:

بە پژمینی لات دەڵێن، هاواری بێ ئاگا
بە تڕی دەوڵەمەند (یرحمك الله)
بە زانای پڕ هونەر، خاوەنی عەقڵی کۆن و
بە نەزانی بێ ئاگا مورشیدی ئاگا دەڵێن
کە ڕێگەی چەوت دەگری زاهیدی گەوهەر پاکی پێ دەڵێن
کەسێك قسەی ڕاست دەکات شاعیری گومڕای پێ دەڵێن
کە مەزبەتەی تەبریەکردن بۆ بەرتیل خۆر دەخوێنرێتەوە
لە هەر لایەکەوە چەند هەزار ئەشهەد و بیللا دەووترێ
(ڕەزا) لە قانزاج کردنی ناوێکی ڕووت چیت پێ دەبڕێ
خۆ بە ئێسقانی شەترنجیش هەر شا دەووترێ

(دیوان. ل ٢١٤)

## پاشکۆ

لە بەشی یەکەمی ئەم باسەدا بە ڕیز لەو سەرچاوانە دواین کە تا ئێستا باسی شێخ ڕەزایان کردووە، هەندێك باسی تری شاعیر هەبوو کە لە کاتی خۆیدا لە بەردەستدا نەبوون، ئەمانەتی زانست وامان لێ دەکات کە لەم پاشکۆیەدا باسی ئەوانیش بکەین.

### ١٣

خاوەنی کتێبی «الانفاس الرحمانیة فی سلسلة القادریة الطالبانیة» کە بە تورکی نووسراوە(١)، ١٨ لاپەڕەی بۆ باسی شێخ ڕەزا و شیعری تەرخان کردووە. نووسەری کتێب لە باری تۆمارکردنی ڕەوشتی شێخێتییەوە شێخ ڕەزای هەڵسەنگاندووە. ئەو چەند لاپەڕەیە شێخ ڕەزا تەواو لە بابەتی شیعرەکانی و لە گاڵتە و گەپی ژیانی دابڕیوە و کردوویەتی بە شێخێك کە هەر لە تەکیەی تاڵەبانیی بەغدادا خەریکی ئیرشادو لە پاڵ مەرقەدی غەوسدا خەریکی تەقوا بووبێت و هەندێك مەناقیبی لەم بارەیەوە گێڕاوەتەوە، کە ئەویش هەر بەستراوەتەوە بە شیعری شێخ ڕەزاوە. هەندێك پارچە شیعری فارسی و کودی و تورکیی سەر بە ستایشی ئایینی شێخ ڕەزاشی تۆمار کردووە. لەوانە سێ قەسیدەی فارسیی تێدایە کە لە دیوانە چاپکراوەکانیدا نین. ئەو پارچانەش کە لە دیوانەکاندا هەن دێڕ و وشەی جیاوازیان تێدایە. بۆ کەسێك کە خەریکی وردکردنەوەی شیعرەکانی شێخ ڕەزا بێت باش وایە ئەم پارچانەش بخاتە سەر بەراوردەکانی(٢).

---

(١) الشیخ محمد حسام الدین عمر. الانفاس الرحمانیة فی سلسلة القادریة الطالبانیة. کرکوك، ١٩٧٣.

(٢) لە تێکڕای ئەم باسەدا مەبەسمان ساغکردنەوەی شیعری شێخ ڕەزا نەبووە، چونکە ئەوە کات و بەرهەمی جیاواز تەرخانکردنی دەوێت. هەر لە بەر ئەوە زۆر جارێگەی ڕاستکردنەوەی بە هەڵە تۆمارکراوی ناو دیوانەکەشمان نەداوە بە خۆمان و هەڵەمان وەك خۆی هێشتۆتەوە، هەڵەیەك نەبێ کە زۆر دیارە و جێی موناقەشە نییە. هەرچی بڵاوکردنەوەی پارچە بڵاو نەکراوەکانە، ئەوەش هەر بۆ دەرفەت لە دەست نەدانە و چونکە بە تەمای ئەوە نین =

ئەم پارچە نەبووانە و ئەو جیاوازییانە، لەو بڕیارانە ناگۆڕن کە لەم باسەدا بە سەر شیعرە ئاینییەکانی شێخ ڕەزادا دراون، بەڵکو ئەو بڕیارانە دەچەسپێنن.

## ١٤

نووسەر مەحموود زامدار چەند وتارێکی لە بڵاوکراوەی« ڕۆشنبیری نوێ» دا دەربارەی شێخ ڕەزا نووسیوە یەکەمیان خراوەتە ژێر ناوی «پەیکەرێ بۆ شێخی گەورەمان»[١] وتارەکە نرخ پێدانێکی بەرزی شێخ ڕەزایە، سەرنجی زیرەکانەی تێدایە، هەندێك لەو سەرنجانەی لە بارياندا هەبوو ببنە بڕیاری زانستی، بە هۆی ئەو شێوە ئەدەبییەوە کە پێی نووسراوە و بە هۆی زاڵبوونی ستیلی[٢] تایبەتیی نووسەرەوە، لە ناو تەم و مژدا ون کراون.

«شێخی ئێمە ، شێخی ژان گرتووان و شەیدایانی چاوی ڕەشی (کوردە)، ئەو شێخ و شاعیرانەی کە چەرخی چەپگەر سەد دەستی وەك دەستی ئەوەی کردووە بە (زاخا)... بەڵام هەر (نەترساوە)و (نەخەساوە)و هەر لە (پێشەوە) بووە»[٣].

وتاری دووەمیان بە عەرەبی نووسراوە و ناونراوە «شێخ ڕەزا بە شاعیری و هونەر و ڕەخنە و سێکسەوە»[٤].

وتارەکە بە دوو بەش تەواوکراوە، کورتەیەکی دەربارەی ژیان و بنەچەی شاعیر نووسیوە و پاشان ڕەخنەگرانە بە لای هەندێك لە سەرچاوەکانی پێشوودا هاتووە، باسی دیوانە چاپکراوەکانی دەکات و دێتە سەر شاعیرێتیی شێخ ڕەزا و هەستی نەتەوایەتی و لە پاڵ گێڕانەوەدا بڕیاری ڕەخنەگرانەش دەدات و پاشدا دێتە سەر دوو کەسی لە شەخسی شێخ ڕەزادا و هەوڵی لێکدانەوەیەکی سایکۆلۆژی دەدات و

= جارێکی تر بچینەوە سەر باسی شێخ ڕەزا و کتێب لەسەر نووسینی.

(١) ڕۆشنبیری نوێ. ژمارە ٦. بەغدا، ١٩٧٤/١/١١. ل٥.

(٢) ستیل: ئوسلووب.

(٣) ڕۆشنبیری نوێ. هەر ئەوێ

(٤) ڕۆشنبیری نوێ. ژمارە ٣٥ بەغدا، ١٩٧٤/١١/١ . ل٥. -هەروەها- ژمارە ٣٨ شوباتی ١٩٧٥. ل ١٤، ١٥.

دەیبەستێت بە زرووفی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە و خۆی لەو گێژاوەدا ون دەکات و پاشان باسیش لە هەندێك هەجووی شێخ ڕەزا دەکات.

ئەو بڕیارەی بە سەر وتاری یەکەمدا درا بۆ ئەم بەشە دەوڵەمەندەی باسەکەش دەست دەدات.

## شیعری بڵاونەکراوە

کاتێك ئەم کتێبە لە ژێر چاپدا بوو، برای نووسەر محەمەد عەلی قەرەداخی چەند لاپەڕەیەکی وێنە گیراوی دەستنووسێکی بۆ هێنام. ئەو چەند لاپەڕەیە کۆمەڵێك شیعری شێخ ڕەزای تێدا بوو، بریتی بوون لە چەند لاپەڕەی دەستنووسێکی گەورەتر کە شیعری شاعیرانی تری تێدایە. لە ناو پارچەکانی شێخ ڕەزادا هەندێك شیعری کوردی و فارسیی تێدا بوو کە لە دیوانە چاپکراوەکانیدا نین.

ڕەنگە هەندێکیان موناقەشەی ئەوە هەڵبگرن، کە ئایا شیعری شێخ ڕەزان یا نا؟. ئەوە دەدەمە دەست ئەوانەی بە تەمای چاپی تەواوی دیوانی شێخ ڕەزان.

وا ئەو پارچانەش بڵاو دەکەمەوە و سوپاسی زۆری کاکی قەرەداخی دەکەم کە ئەو ماف و دەرفەتەی دامێ.

**١**

**نیمە بۆ تەسویری ئەبرۆت پەیرەوی مانی دەکا**
**شانە بۆ زنجیری زولفت عەنبەر ئەفشانی دەکا**
**قووتی ڕۆحە لێوەکەت یاقووت وەها ئاودار نییە**
**مەنعی بازاڕی عەقیق و لەعلی ڕوممانی دەکا**
**خاڵی سەر لێوت نگین و خاتەمی نارد زوهوور**
**موهری دەستی ئاسەفە حوکمی سولەیمانی دەکا**
**دڵ بە نەشئەی عەکسی مەستی چاوەکەت لایوعقەلە**
**بۆ کەبابی جەرگی من لێوت نمەك دانی دەکا**
**بەرگی سەرتاپام پەلاس بێ گەر بە شەرتێ تۆم ببی**
**تاری ئەو بەرگە لە لام سەد شاڵی کرمانی دەکا**
**سەد هەزار جارت دەخیل بم حەرفی بەدکار مەشنەوە(١)**

(١) مەبیستە

هەرچی دەربارەم بڵێ، بێ پیرە، شەیتانی دەکا
ئەو لە پەردەی نازەوە ئاوازی تۆ بگرێتە گوێ
بولبولی شیرین زوبان مەیلی غەزەلخوانی دەکا
کەس نییە ئەو شۆخە حەڵی کا لە سۆزی ئاتەشم
وا (ڕەزا) دیسان لە عیشقی هەر غەزەلخوانی دەکا

٢

بە بێ من سوێند بدەن سندووق ئەمینی
بە ئایین و بە ئەرکان و بە دینی
لە عەهدی تیفلییەوە هەر تاکو ئێستێ
بە هەر دوو چاوی خۆی چەند دەفعە بینی
لە سمتی پڕ بەزی حەیتارە گەورەم
لە سنگی تێپەڕی تا گەییە بینی

٣

بە غەیرەز میهری تۆ گەر بێ لە دڵما
زڕەی زنجیری زاڵم بێ لە ملما

٤

بەسە ئەم شیعرە بۆ وەسفی حوسنی ئەهلی بەبان
سەگە نێریان لە دوون، وەك سەگەمێ جوملە بەبان(١)

٥

دنیا کە عیبارەت لە هەواو و هەوەسێکە
وەك تاسی حەمام هەر نەفەسێ بۆ تەرەسێکە(٢)

---

(١) ئەم دێڕە بەم جۆرە لە کتێبەکەی دوکتۆر کەمال فوئاددا نووسراوە. لەنگییەك لە دێڕەکەدا هەیە. بەڵام ئەو لە دەستنووسەوە وەری گرتووە. لێرەدا بۆ بەڵگەی ئەوە تۆمارمان کردەوە، کە شێخ ڕەزا لە پاڵ ئەو هەموو ستایشەی باباندا هەجووشی کردوون.

(٢) ئەم دێڕە دەدرێتە پاڵ هەندێك شاعیری تریش، بەڵام لە دامێنی دەستنووسێکی کۆنی =

### ٦

هەر بلووكێكی عەجەم حاكمی (قمزە كنە)[١] بێ،

موختەسەر پەروەرشی ڕۆحی بە ئاوی سنە بێ،

نایبی: گیانە بڵانە مەكە بۆ خۆم ئەكەفم[٢]،

مونشی باشیی: شەكەتم، نازری: مەمتۆقنە بێ[٣]،

وەقتێ سەركار تفەنگدارە لە بۆ ڕۆژی مەساف،

شیر و قەڵغان و قەمەی سمت و سەری هۆجەنە بێ[٤]،

صەفی پێشخدمەتی ئەبرۆ بە خەتی[٥] وسمە كشاو،

دەست و پێی نۆكەر و ئەجزای هەموو غەرقی خەنە بێ،

نامەوێ لەززەتی ئەو خاكە، جەهەننەم لە سەفای[٦]

سا دووسەد مەرتەبە وا گووی خلە لەو مەسكەنە بێ!

---

= شیعری نالیدا كە لای مامۆستا مەلا عەبدولكەریمی مودەریس دیم دراوەتە پاڵ شێخ ڕەزا.

(١) وەك لە ئەسڵەكەدا نووسیمانەوە، بە تەواوی بۆمان ساغ نەكرایەوە، بەڵام لامان وایە واتە (ئەوەی بە مێچكانە و بە ناز و خەمزەوە پێ ئەكەنێ).

(٢) نایب: خەرماندار، جێنشینی شا. بڵانە: لێ گەڕێ (بە زاراوەی سنە).

ئەكەفم: ئەكەوم (ز. س).

(٣) مونشی باشی: مودیری تەحریرات. شەكەت: ماندوو (ز. س).

نازر: وەك بە ڕێوەبەری پۆلیس وابووە. مەمتۆقنە: مەمترسێنە (ز. س.).

(٤) هۆجەنە: بەنەخوێن (ز. س.).

(٥) خەتی: لە ئەسڵەكەدا نووسرابوو(خەت و )، بەڵام بە هەڵەمان زانی.

(٦) سەفا: خۆشی. ئیشارەتیشە بۆ (كانی سەفا) كە سەیرانگایەكە لە نزیك سنەوە.

## بەفارسی

١

ایا مجرم مکن تو دل فگارم
و گر نه أره بر فرقت گذارم
سر و پایت ز تن اندر برارم
ز پاین نقطەاست بالا گذارم

٢

خو برویان که رو نمی پوشند
تو که پوشیدهء مگر زشتی

٣

تا جهان باقی است آه سرد میباید کشید
دست و دل أز سفرهء نامرد میباید کشید

٤

معاندی ز تعصب ازین (رضا) پرسید
پدر ز بهر چه وجهی نداشت روح آله
جواب دادم و گفتم که او مبشر بود
باحمد قرشی جمع خلق راز آله
مبشر از پی آن تا که مژده زود آدر
روا بود که دو منزل یکی کند در راه